WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17 28ی رێبەندانی 2713 (750) دینار

## ئەمریکا بەڵێن دەدات پارتی و یەکێتی لە لیستی رەش دەربهێنێ

**رووداو- لەندەن**

واشنتن بەڵێنی داوە ناوی پارتی و یەکێتی لە لیستی رەش دەربهێنێ.

بەڵێنەکەی واشنتن دوای ئەوە دێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرنامەی سەردانێکی بۆ واشنتن هەڵوەشاندەوە.

هەفتەی رابردوو ئەم بابەتە لە کۆنگرێسی ئەمریکا لەلایەن لیژنەی کاروباری دەرەوە تاوتوێکرا و سەرۆکی لیژنەکە ئێد رۆیەس رایگەیاند کە دەرنەکردنی ناوی ئەوانەی سەقامگیریی ناوچەکەیان پاراستووە و دڵسۆزی ئەمریکا بوون لەو لیستە "کارێکی نابەجێیە". لە وتەیەکیدا لەبەردەم لیژنەکەی کۆنگرێس، برێت مەکگورک، یاریدەدەری جێگری سکرتێری کاروباری ئێران و عێراق گوتی کە پارتی و یەکێتی پێویستە بە زووترین کات لەو لیستە بهێنرێنە دەرەوە. مەکگورک کە بە نوێنەرایەتی ئیدارەی ئۆباما قسەی دەکرد، گوتی "پێمانوایە زۆر گرنگە و ئێمە لە سەدا سەد پشتگیری یاسایەکی دەستبەجێ دەکەین تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات". گوتیشی کە لە دەسەڵاتی ئۆبامادا نییە بە نوکە قەڵەمێک کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێت کۆنگرێس یاسای نیشتمانیی ئەمریکا هەموار بکات.

« 4



## پۆلیسی سوێد جەنگیزخان دەستگیر دەکات

2

## چیدی ئەڵمانیا زانیاری لەبارەی کوردەوە ناداتە میتی تورکیا

5



کونسوڵی فەلەستین لە هەولێر:

## لە فەلەستین شەهیدمان هەن خەڵکی سلێمانی و شنگال و دهۆکن

4

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق:

# مالیکی گوتی بودجە نەدەنە هەرێمی کوردستان با خەڵک لێیان راپەڕن

« 3



REKLAM



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## NRT ڕادەگیرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

لە شەوی 2/20 کە هاوکاتە لەگەڵ سووتانی کەناڵەکەیان، بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆن NRT بڕیاری داوە پەخشی ئاسایی کەناڵەکە بۆ ماوەی 33 کاژێر رابگرێت.

ئەمەش وەک نارەزاییەک بۆ ئەو پێشێلکاریانەی لە ماوەی رابردوودا بە کەناڵەکەیان کراوە و وەک سووتانی بارەگای کەناڵەکەیان لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو و هەوڵی کوشتنی شاسوار عەبدولواحیدی خاوەن کۆمپانیای نالیا، ئەم نارەزاییەی کەناڵەکەش دوای ئەوە دێت کە بکەرانی ئەم ڕووداوانەی پێشتر تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە و نەدراونەتە دادگا.

### زانکۆی دهۆک دەست بە پاکسازی دەکات

# ڕاگری کۆلیژێک لەسەر دیارنەمانی 60 ملیۆن دینار لە کار لادەدرێت

**عوبێد ڕەشافایی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک دەستی بە هەڵمەتێکی پاکسازی و چاکسازی کردووە لە کۆلێژەکانی، دوای دروستکردنی لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە، ڕاگری کۆلیژێک لەسەر کار لادەدات و دەیداتە دادگا.

ئەو لیژنەیەی پێکهاتووە ناوی لیژنەی پکشنینە و سەردانی فاکەڵتی زانستە پەروەردەییەکانی ئاکرێیان کردووە و لەوێ لیکۆڵینەوەیان لەگەڵ 12 کەسدا کردووە. لە ئەنجامی لیکۆڵینەوەکان گومان لە دیارنەمانی 60 ملیۆن دینار دەکەن لە فاکەڵتییەکە، بۆیە ڕاگری فاکەڵتییەکە لە کارەکەی لادەدرێت.

د.موسلح محەممەد ساڵح، هەواڵەکەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی "زۆر لیکۆڵینەوە و گفتوگۆمان کرد لەو کێشەیەی لە ئاکرێ هاتەپێش، دیاربوو ڕاگر دەسەڵاتەکانی خۆی بە خراپی بەکارهێنابوو، لیژنەکە کۆنووسی خۆی بۆ ئێمە نارد و دواتر لە ئەنجوومەنی زانکۆ سێ بڕیارمان دەرکرد: لادانی ڕاگری فاکەڵتی لە پۆستەکەی، گەڕاندنەوەی 60 ملیۆن دینار و سزادانی ڕاگر".

هەرچەندە ئەم هەنگاوەی زانکۆی دهۆک کارێکی زوو نییە لە چاو تەمەنەکەی کە 24 ساڵە دامەزراوە، بەڵام د.عیسمەت محەمەد خالید، وەزیری پەروەردەی ئێستا کە 22 ساڵ سەرۆکی ئەو زانکۆیە بوو، دەڵێت "گەندەڵی لە زانکۆکەمان نەبووە".

د.سەباح ئیبراهیم، نوێنەری مامۆستایان لە ئەنجوومەنی زانکۆی دهۆک ئەو بڕیارەی زانکۆ بۆ بەدواداچوونی کارە ئیداری و داراییەکان بە هەنگاوێکی "ئازا" ناودەبات و دەڵێت "ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا بووین هەر زوو ئەو ڕاگرە لە پۆستەکەی لاببرێت، کارەساتە لە دەزگایەکی ئەکادیمی وەکو زانکۆ ئەم شتانە هەبێت، نابێت ڕاگرێک بۆ ماوەی چەند ساڵ لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە هەروەک پێشتر لە زانکۆکەمان هەبوو".

قاسم ئەحمەد، داواکاری گشتی دهۆک سەبارەت بە کێشەی ئەو ڕاگرە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی زانیمان یەکسەر تەدەخولمان کرد و ئێستاش ڕاگری کۆلیژەکە بە کەفالەت ئازادکراوە و کێشەکە لە دادگای ئاکرێیە".

د.ئەحمەد سەفار، مامۆستای زانکۆی دهۆک باسی ئەو هەنگاوەی زانکۆکەی دەکات و دەڵێت "ئەمە ئاماژەیەکی باشە، بەڵام دەبێت لە سەرەوە چاکسازی بکرێت". ئەو مامۆستایە باس لە "نا شەفافی" بودجەی زانکۆ دەکات و دەڵێت "من نۆ ساڵ ڕاگربووم و دوو کولیژمان دامەزراندووە، نەمزانی بودجەی زانکۆی دهۆک چەندە".


سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک

بەڵام نوێنەری مامۆستایان لە ئەنجوومەنی زانکۆ گلەیی لەو مامۆستایە دەکات و دەڵێت "چۆن من ڕاگر بم و ئەندامی ئەنجوومەنی زانکۆبم و نەزانم بودجەی زانکۆ چەندە، ئەگەر وابم، دیارە من ڕاگرێکی کارتۆنیم".

هەروەها د.عیسمەت خالید دەڵێت "شەفافترین سیستەممان هەبوو، ئێستاش هیچ شتێکی نوێ نەکراوە، ئاساییە ئەگەر جارێک مرۆڤێک دەست بۆ شتێکی نارەوا ببات و دواتریش لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لیژنەکەی سەرۆکایەتی زانکۆ ئێستا لە فاکەلتێکی دیکە دەپێچنەوە و نزیک بوونەتەوە لەوەی کە بەڵگە پێویستەکان بەدەستبخەن.

سەرۆکی زانکۆش ئەو زانیاریانەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "خەڵکانێکمان بەهۆی ئەو کێشانە لە پۆستی ڕاگر و بەڕێوەبەر لاداوە، بەردەوامیش دەبین و هیچ فشاری حیزبیشمان لەسەر نییە".

### باوکی کامیانە؟

# پیاوەکەی پشت مەلا مستەفا کێشە دەخاتە نێوان دوو کادیری پارتی

**ڕووداو- هەولێر**

وێنەیەکی کۆن کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول گیراوە، مشتومڕی لە نێوان دوو کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکردووە. هەردوو کادیرەکەی پارتی دەڵێن ئەو کەسەی لە وێنەکەدا لەپشتی مەلا مستەفا بارزانییەوە دەرکەوتووە، باوکیانە.

هەریەک لە ئاری ئەرسین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی و ئاسۆ عەبدوڵڵا دارایی کە کادرێکی پارتییە و لە ئەوروپا دادەنیشێت، جانتا بەدەستەکە بە باوکی خۆیان دەزانن.

وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، کەسێک کە جانتایەکی ڕەشی بەدەستەوەیە بە دووری چەند مەترێک لە پشت مەلا مستەفا بارزانییەوە وەستاوە.

ئاری هەرسین کە لەسەر لیستی پارتی لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی ڕابردوو بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئەو وێنەیەی بەکارهێنا کە گوایە ئەوەی لە وێنەکەدا لەگەڵ مەلا مستەفا دەرکەوتووە باوکی ئەوە (واتە شێخ محەممەدی هەرسین).

بەڵام وێنەکە دواتر خاوەنێکی دیکەی بۆ پەیدا بوو، کادرێکی پارتی بە ناوی ئاسۆ عەبدوڵڵا دارایی کە لە ئەوروپا دەژیت، لە دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکە لەلایەن ئاری هەرسینەوە، بەردەوام بە نووسین و قسە ڕەخنە لە ئاری هەرسین دەگرێت کە پڕوپاگەندەی بە وێنەی "باوکی" ئەوەوە کردووە.

ئاسۆ دەڵێت ئەوە وێنەی باوکی خۆیەتی نەک باوکی ئاری هەرسین "نازانم چۆن ئاری هەرسین لە خۆیەوە شیکردنەوە بۆ مێژوو دەکات".

ئاری هەرسین تاوەکو ئێستا وەڵامی ئاسۆ عەبدوڵڵا دارایی نەداوەتەوە دەڵێت "باوکی من بەردەوام لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا بوو لە کاتی شۆڕش".

ئاسۆ عەبدوڵڵا دارایی ڕووی قسەکانی لە سەرکردایەتی پارتی و دەزگای شۆڕشی ئەیلول دەکات و دەڵێت "من دەخوازم ئەوان وەڵامم بدەنەوە کە ئەوە باوکی منە یان باوکی ئاری هەرسین".

ئاسۆ بەڵگە بۆ قسەکانی دێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وێنەکە هی باوکی ئەوە "مستەفا نێرۆەیی و عومەر ئاغا دۆڵەمەڕی شایەتن کە ئەو وێنەیە وێنەی باوکی منە، من چەند جارێک لەوبارەیەوە لەگەڵ ئەوان قسەم کردووە و ئەوان ئەو قسەیەی منیان پشتڕاست کردووەتەوە، چونکە ئەوان ئەو کات لەسەرکردایەتی شۆڕش بوون لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، هەروەها ئەوان لە باوکم نزیک بوون".

وەک ئاسۆ دەڵێت، باوکی بەرپرسی دارایی شۆڕشی ئەیلول بووە و پێدەچێت هەر لەبەر ئەوەش بە عەبدوڵڵا دارایی بانگیان کردبێت.

ئەو وێنەیەی ئەو مشتومڕەی لە نێو دوو کادیرەکەی پارتی دروستکردووە، لە ساڵی 1968 گیراوە. ئەو کەسەشی بووەتە جێی ئەو مشتومڕە جانتا ڕەشەکەی مەلا مستەفا بارزانی هەڵگرتووە.

مستەفا نێروەیی لە پەرتووکەکەی خۆیدا لەبارەی شۆڕشی ئەیلولەوە باسی ڕۆڵی عەبدوڵڵا دارایی دەکات لە شۆڕشی ئەیلولدا.



# هەرزەکارێک و ژنێک دەستیان لە کوشتنی مامۆستاکەی چەمچەماڵدا هەیە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

لەسەر کوشتنی ئەو مامۆستایەی کە لە نیوە شەودا کوژرا، دوو کەس دەستگیر دەکرێن و دان بە تاوانەکەدا دەنێن، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی چەمچەماڵ، هەرزەکارێک بە هاندانی ژنێک ئەو تاوانەی ئەنجامداوە و پۆلیس دەڵێت "کێشەکە پەیوەندی بە ناموسەوە نییە".

کوشتنی ئەو مامۆستایە لە نیوەشەودا کەسوکارەکەی ڕاچڵەکاند. سامان ئەمین ڕەشید، 31 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی قادرکەرەمییەکان لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە چەمچەماڵ شەوی 2014/2/15 کوژرا. ئێستا دوو کەس لەسەر کوشتنەکەی دەستگیر کراون.

مامۆستا سامان، توێژەری کۆمەڵایەتی بوو لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی. ڕائید عیزەت ڕەئوف ڕەحیم، بەڕێوەبەری ئاسایشی شۆڕش بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشتر مامۆستا سامان هاوسەرگیری کردووە، بەڵام "دوو ساڵ لەمەوبەر بەزۆر هاوسەرەکەیان پێ تەڵاق دابوو، پێشتر کێشەی کۆمەڵایەتی هەبوو، چەند جارێکیش گوللەیان بە ماڵەکەیەوە ناوە".

مامۆستا سامان خانووی خۆی هەبووە، بەڵام شەوان بۆ خەوتن چووەتەوە ماڵی باوکی، ئەو شەوە دایک و باوکی چاوەڕوانیان کردووە کە بگەڕێتەوە، بەڵام نەهاتووەتەوە، بەیانی کە هەستاون تەلەفۆنیان بۆ کردووە، بەڵام مامۆستا سامان وەڵامی نەداوەتەوە.

ڕائید عیزەت گوتی "براکەی پەیوەندی پێوە دەکات، مامۆستا سامان وەڵامی تەلەفۆن ناداتەوە، بۆیە دەچنە ماڵەکەی و تەرمەکەی دەبیننەوە، شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەی شکاوە و بکوژ لەوێوە ڕۆیشتووەتە ژوورەوە، بە چەقۆ لە مل و سکی داوە".

تەرمی مامۆستا سامان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێت، هەرچەندە بە چەقۆ لە ملی دراوە، بەڵام سەری لە لاشەی جیانەکراوەتەوە، کەسوکاری سامان لای پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە لە دژی بکوژانی کوڕەکەیان.


نەقیب جەلال محەممەد، وتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ڕاگەیاند "دوو کەس لەسەر کوشتنی ئەو مامۆستایە دەستگیر کراون، ئەو دوو کەسە یەکێکیان هەرزەکارێکە لە دایکبووی 1997ە، بە چەقۆ مامۆستاکەی کوشتووە، ئەوەی دیکەیان ژنێکە تەمەنی 28 ساڵە. ئەو ژنە بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە بە تۆمەتی هاندانی ئەو هەرزەکارە بۆ کوشتنی مامۆستاکە، هەردووکیان دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە، بەڵام لە کاتی تاوانەکە ئەو هەرزەکارە بە تەنیا چووەتە ژوورەوە".

بکوژی مامۆستا سامان قوتابی بنەڕەتییە، بەپێی قسەکانی نەقیب جەلال، ژنەکە و هەرزەکارەکە خزمایەتییان لەگەڵ مامۆستاکەدا هەیە. گوتیشی "ئەو مامۆستایە بە تەنیا لەناو خانووەکە بووە، هەرچەندە کێشەکە کۆمەڵایەتییە، بەڵام پەیوەندی بە ناموسەوە نییە".



### مافیایەکی سوێدی بە ڕەگەز کوردە

# پۆلیسی سوێد جەنگیزخان دەستگیر دەکات



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

هەفتەی ڕابردوو گەورە سەرکردەی مافیای سوێد کە بەڕەگەز کوردە و خەڵکی باکووری کوردستانە، لەلایەن پۆلیسی هەواڵگریی سوێدەوە دەستگیرکرا و بەمەبەستی دادگاییکردنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ئەگەری ئەوە هەیە دیپۆرت بکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش پۆلیسی سوێد هیچ لێدوانێکی فەرمی لەبارەوە نەداوە.

دینۆ ئاجەر کە بە "جەنگیزخان" ناسراوە، یەکێکە لە سەرکردەی گرووپە شەقاوەکانی سوێد و وەک یەکێک لە مافیا ناسراوەکانی باکووری ئەوروپا و سوێد ناسراوە. ماوەیەکی زۆرە پۆلیسی سوێد بەدوای ئاجەردا دەگەڕێن، بەڵام سەرچاوە نافەرمییەکان دەڵێن پۆلیس بە ئارەزوو دەستگیریان نەکردووە، ئەوەش لە ترسی کاردانەوەی توندی گرووپەکەی بەرامبەر پۆلیس.

بەڵام ڕووداوەکەی پاری شاری سیۆدێرتێلیای باشووری ستۆکهۆڵم کە بە شاری مافیاکان ناسراوە، پۆلیسی ناچار کرد بەدوایدا بگەڕێن و سەرئەنجام دەستگیرکرا و بڕیارە لەم مانگەدا بەرەو تورکیا ڕەوانە بکرێت و دادگایی بکرێت بە تاوانەکانی "دزی گەورە، کوشتن، ڕفاندن، هەڕەشەکردن و سەرانە سەندن و قاچاخچێتی" کە زۆرینەی تاوانەکانی دەچێتە قاڵبی تاوانە قورسەکان و بە توندترین سزا کە بەندکردنی هەتا هەتاییە ئەگەری حوکمدانی هەیە.

ئاجەر سەرپەرشتی گرووپێکی نزیک 10 کەسی دەکرد و وێڕای بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، هاوکات کاری قاچاخچێتییان کردووە لە نێوان سنوورەکانی تورکیا و یۆنان و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەش زۆر سکاڵایان لەسەر بووە لەبارەی بەزۆر پارە سەندن و سەرانەی بەردەوام لە ڕێستورانت و ئەو کوردانەی خاوەن بزنس بوون.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، زۆر لەخاوەن سکاڵاکان لە ترسان و لە ئەنجامی هەڕەشەی ئەو گرووپە، سکاڵاکانیان کشاندبووەوە و بە ناچاری مانگانە سەرانەیان دەدایە گرووپەکە.

دینۆ فێرە بەوەی لە ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا، ئیسپانیا و ئیتاڵیا قسە بۆ میدیاکان دەکات و بە تەحەددەوە باس لە ڕۆڵی پۆلیس دەکات و چاونەترسی خۆیان بۆ دووپات دەکاتەوە.

یەکێک لە تاوانە گەورەکانی جەنگیزخان لێدانی ڕێستورانتێکی شاری یۆتۆبۆری بوو لە ساڵی 2006 و ئەگەری بەشداریکردنیشی لە ڕووداوەکەی پاری سیۆدێرتیلیا کە دوو کەسی کوردی تێدا کوژران، یەکێکی دیکەیە لە تاوانەکانی. حکومەتی سوێد ڕەخنەی توندی لەو وڵاتانە هەیە کە هاوکار نەبوون لە دەستگیرکردن و تەسلیمکردنی بە سوێد.

لە هەڤپەیڤینێکیدا کە لە یوتیوب بڵاوکرایەوە و زیاتر لە نیو ملیۆن کەس تەماشایان کردووە و کۆمێنتیان لەسەر نووسیوە، جەنگیزخان کارەکانی خۆی وەک کاری مرۆیی باس دەکات و پێیوایە ئەو دژ بە دەسەڵاتی زۆرداریی ڕۆژئاوا کار دەکات لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە مێدیاکانی سوێد بڵاوکراونەتەوە، جەنگیزخان و گرووپەکەی وەک گرووپی بەکرێگیراو کار دەکەن و بۆ هەر تاوانێکی دەستدرێژیی توند، تا تەقەلێکردن و کوشتن نزیکەی 50 هەزار تاوەکو 250 هەزار یۆرۆ وەردەگرن. سووتاندن، ڕووخاندن و شکستهێنان بە پرۆژە بازرگانییەکانیش بەشێک بووە لە کارە سەرەکییەکانیان.

### مافیای خەیلانیش هەیە

لە سوێد زیاتر لە 10 حاڵەتی سووتاندن و شکاندنی ئەو شوێنانە هەیە کە پارەیان نەداوە، یان لای پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە. ئەگەرچی مێدیاکان ئەم ڕووداوانەیان لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان حیساب کردووە، بەڵام ئەوان نکۆڵی لێدەکەن. دەستگیرکردنی گرووپەکەی جەنگیزخان مەترسی خستووەتە سەر دەیان گرووپی دیکەی مافیایی کورد لەو وڵاتە، وەک گرووپەکانی (ب. گلی) و (ح. خەیلانی) و (ح. دەربەندی).

بەپێی زانیارییەکان بڕیارە دوای گەڕاندنەوەی بۆ تورکیا، جەنگیزخان لە مانگی نیسانی داهاتوو بە ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەی دادوەریی سوێد، لە ئەنقەرە دادگایی بکرێت.

ڕووداو
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## نەوشیروان مستەفا: ئەوەی خواری و خێچی بکات لای دەدەین




**ڕووداو- هەولێر**

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەوان ئەگەر هەر وەزارەتێک وەربگرن هەموو فەرمانبەرەکانی ناکەن بە گۆڕان. دەشڵێ پۆستی وەزیر نادەنە هیچ کەسێک بۆ بەرژەوەندی شەخسیو "ئەوەی خواروخێچی بکات لایدەبەین". نەوشیروان مستەفا ئەم قسانەی لەمیانی کۆبوونەوەیەکدا کردووە لەگەڵ ڕایەڵەی ئەندازیارانی گۆڕان. نەوشیروان مستەفا، ئاماژەی بە کێشە و قەیرانەکانی ڕێگاکانی هاتوچۆ و کێشەی نیشتەجێبوون وپەروەردە کردووە و هەوڵی بزووتنەوەکەی بە گرنگ زانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە لە ئەگەری بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت.

### بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق:

# مالیکی گوتی بودجە نەدەنە هەرێمی کوردستان با خەڵک لێیان ڕاپەڕن



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"مالیکی و شەهرستانی نیازیان نییە بودجەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکەن"، ئەمە قسەی فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقە کە بەهۆی ئەوەی بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان نادات، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە و دەڵێ "مالیکی گوتوویەتی لێبگەڕێن بۆ ئەوەی خەڵک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕن".

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە بەهاری 2003وە تاوەکو ئێستا، هەرێمی کوردستان هەرگیز هێندەی ئەم سێ مانگە نەکەوتووەتە قەیرانی داراییەوە، بەشێوەیەک پێدانی مووچە ئەوەندە ئەستەم بووە، بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بڕوات مانگێکی دیکە پارەمان نابێ مووچەی فەرمانبەران بدەین. چونکە حکومەتی عێراق ناردنی بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.

بەرپرسێکی باڵای کورد لە بەغدا دەڵێ "هەرگیز بەغدا وەکو ئەمجارە بەرامبەر بە کورد توند نەبووە". فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە، گوتی "بەداخەوە بەغدا پێشتریش ئەو هەڕەشانەی کردووە، بەڵام هیچ ساڵێک وەکو ئەمساڵ نەبووە".

کرۆکی کێشەی ڕاگرتنی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە. فازڵ نەبی دەڵێ "مالیکی بەهەموو شێوەیەک گوشار لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات بۆ ئەوەی مەلەفی نەوت بە فرۆشتن و دەرهێنانەوە ڕادەستی بەغدا بکات".

### ● تا کۆتایی ئەم هەفتەیە کێشەی بودجەی هەرێمی کوردستان چارەسەرنەکرێ ناچمەوە بەغدا

### ● بودجەی هەرێمی کوردستان لە 2014 نزیکەی 22 ترلیۆن دینارە

#### "ئاگاداری نیازی بەغدا بووم"

فازڵ نەبی پێشوەختە ئاگادار بووە کە بەغدا نیازی هەبووە بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق ڕابگرێ "دەمزانی بەغدا بەنیازی ئەوەن کێشەی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکەن، بۆیە مووچەی مانگی یەکم لە 8/1/2014 نارد، بەڵام دواتر کە زانییان ناردوومە، وەزیری دارایی بڕیاری دا مووچەی کوردستان نەنێرن".

### ● مالیکی و شەهرستانی بڕیاریان داوە پارەی کوردستان نەنێرن

فازڵ نەبی باسی دەمەقاڵێی نێوان خۆی و وەزیری دارایی عێراق دەکات "کە زانیم وەزیری دارایی ئەو بڕیارەی داوە، لەگەڵی بەشەڕچووم و بەتوندی قسەم کرد، بەو هۆیەوە ناخۆشی کەوتە نێوانمان، چونکە بیانووی جیاجیای هێنایەوە بۆ ئەوەی بەشی کوردستان نەنێرن". گوتیشی "گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەمە لە دەست وەزیردا نییە، بەڵکو مالیکی و شەهرستانی بڕیاریانداوە پارەی کوردستان نەنێرن".

#### "بودجە مەنێرن با خەڵک ڕاپەڕن"

بەرپرسەکەی وەزارەتی دارایی عێراق زانیاری نوێ دەربارەی هەڵوێستی مالیکی لەسەر بڕینی بودجەی کوردستان ئاشکرا دەکات "لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران مالیکی پێداگیری کرد کە هیچ پارەیەک بۆ هەرێمی کوردستان نەنێردرێ، تەنانەت مالیکی گوتبووی پارە نانێرین، با خەڵک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕن". فازڵ نەبی پێیوایە حکومەتی عێراق بەرنامەی هەیە بۆ ئەو مەبەستە "ئیدی کە مالیکی ئەو قسەیەی کرد، زانیم کە نییەتیان نییە پارە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران کەوتووەتە ژێر بارێکی قورس. ماوەی دوو مانگە مووچەکە دوادەکەوێ و لە هەندێک وەزارەت خۆپێشاندانی فەرمانبەرانی لێکەوتەوە.

#### دەستلەکاردەکێشێتەوە

فازڵ نەبی وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بڕیاری ڕاگرتنی پارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە و دەڵێ "زۆر جدیم لە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم و ئەگەر تاوەکو کۆتایی ئەم هەفتەیە کێشەکە چارەسەر نەکرێ چیدی ناچمەوە بەغدا، تەنانەت ئەگەر مالیکی ڕەزامەندی لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەشم نەدات".

### ● مالیکی پێیگوتم چیت دەوێت بۆت دەکەین بەس دەست لەکارمەکێشەوە

ئەمە یەکەمجار نییە بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە دەکات. فازڵ نەبی دەڵێ "پێنج مانگ لەمەوبەریش لەسەر هەندێ بابەت توورە بووم، ئەو کاتیش

### ● لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق بەشەڕهاتم

هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەم کرد، مالیکی پێیگوتم چیت دەوێ بۆت دەکەین بەس دەست لەکارمەکێشەوە".

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی نەوت و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بڕیارە بۆ جاری سێیەم لەماوەی دوو مانگدا شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدا بکات. لەدوایین سەردانیاندا بۆ بەغدا کە لە 19/1/2014 بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایکرد کە ئەمجارە بەرپرسانی حکومەتی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. بەڵام بەرپرسێکی کورد لە بەغدا کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "نێچیرڤان بارزانی خۆی داوای کردووە کە ئەمجارەش ئەوان دێن بۆ بەغدا، چونکە دەیانەوێ قسەی کۆتایی لە بەغدا وەربگرن".

فازڵ نەبیش دەڵێ "ئەم هەفتەیە زۆر یەکلاکەرەوە دەبێ بۆ مەسەلەی بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق و کێشەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە".

#### 50 ملیار دینار خەرجی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستیکەوتوون، تێکڕای خەرجی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان 50 ملیار دینارە.

هەرێمی کوردستان نزیکەی 98%ی داهاتەکەی لە بودجەی گشتی عێراقەوەیە. ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ ساڵێک بەتەواوەتی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانمان لە بەغدا وەرنەگرتووە". بەڵام فازڵ نەبی دەڵێ "لەوەتەی من لە بەغدام لە کۆتایی ساڵی 2007 تاوەکو ئێستا بەشی هەرێمی کوردستانمان وەرگرتووەو ناردوومانە".

بەپێی قسەی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق 8 ترلیۆن دیناری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەلایە کە بودجەی پێشمەرگەیە و چەند ساڵێکە نایدات.

فازڵ نەبی ئاشکرای کرد کە حکومەتی عێراق بودجەی پێشمەرگە لە کاری دیکەدا خەرج دەکات و دەڵێ "بودجەی پێشمەرگە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی عێراقەوە نییە، بەڵکو لای وەزارەتی بەرگری عێراقە و هەموویشی خەرج دەکات و چەکی پێدەکڕێ، تاوەکو ئێستا بەغدا یەک دیناری پێشمەرگەی نەداوە".

#### بودجەی کوردستان 22 ترلیۆن دینارە

فازڵ نەبی، نوێترین ژمارەی بودجەی گشتی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستانی لەو بودجەیە (ئەگەر بدرێ) ئاشکرا کرد و گوتی "دوا ژمارەی بودجەی عێراق 163 ترلیۆن دینارە، بەشی هەرێمی کوردستان 19 ترلیۆن و 700 ملیار دینارە، هەروەها لە بودجەی حاکیمەش دوو ترلیۆن و 14 ملیارە، کە بەگشتی بودجەی هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 22 ترلیۆن دینار".

### پارتی وەزارەتی دارایی و ئابووری ناوێ

# "کلیلی پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکانمان دۆزیوەتەوە"

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کراون بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، نەگەیشتوونەتە بڕیاری کۆتایی کە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو چۆن دەبێ. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆکەکەی کۆبووەوە، بەرنامەیەکی نوێی ئامادەکردووە بۆ پێکهێنانی کابینەکە و چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکان. گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت "کلیلی کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتمان دۆزییەوە".

قوفڵبوونی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ناچار کرد خۆی بێتە سەرخەت و لەگەڵ سێ لایەنە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان (پارتی، گۆڕان و یەکێتی) دابنیشێ. دوا کۆبوونەوەش لەگەڵ حیزبەکەی خۆی بوو کە براوەی هەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلول و لایەنی ڕاسپێردراوی حکومەتە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی بە دواخستنی پێکهێنانی حکومەت تۆمەتبار دەکات، تەنانەت هەڕەشەیان کردووە کە بێدەنگ نابن لە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەکە. هەروەها پێداگیریش لەسەر پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

بەڵام پارتی دەڵێ تاوەکو ئێستا هیچ پۆستێک یەکلایی نەبووەتەوە. فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی هەڵوێستەکەی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت کە "ئەوەش" لە یەکێتی قبوڵ دەکەن، بە قسەی میرانیدا دیارە کە شتی دیکەش لە یەکێتی قبووڵ کراوە.

فازڵ میرانی، هەڵوێستی حیزبەکەی لەمەڕ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت کە یەکێتی داوای دەکات، ڕوونکردەوە و گوتی "هەر کەسێک ئەو پۆستە کاندید بکرێ دەبێ یەکەمجار ڕەزامەندی و بڕیاری کاک نێچیرڤان بارزانی لەسەر بێ، چونکە ئەوان پێکەوە کار دەکەن".

دوای کۆبوونەوەی حیزبەکەی لەگەڵ بارزانی کە لە ڕۆژی 16/2/2014 بەڕێوەچوو، جەعفەر ئیبراهیم، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو شتێک باسکرا، پێکهێنانی حکومەت، دۆخی بەغدا، دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ناوخۆی حیزب". بەڵام "مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت لە هەموو بابەتێک زیاتر حزووری هەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا".

### فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی:

### ● کاندیدی جێگری سەرۆکی حکومەت دەبێ ڕەزامەندی نێچیرڤان بارزانی لەسەر بێ

بارزانی پێش ئەوەی لەگەڵ حیزبەکەی کۆببێتەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبووەوە.

گوتەبێژەکەی پارتی دەڵێ "لەو کۆبوونەوەیەدا شتی عەمەلی لەبارەی پێکهێنانی حکومەت باسکرا". جەعفەر ئیبراهیم ئەوەشیگوت "پارتی دوای ئەوەی گوێی لە هەموو لایەنێک گرتووە کە داواکارییەکانیان چین، داواکانی ئەوانمان خستووەتە نێو تەرازوو و پێوانەمان بۆ کردن، ئەویش بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و ئامانجی پارتی وەکو هێزی براوە کە ئەویش هەموو لایەنێک دەبێ بەشداربێ لەحکومەتدا و کەس لە دەرەوە نەمێنێ و بەپێی ئەم ئامانجەش بەرنامەی عەمەلیمان داڕشتووە".

جەعفەر ئیبراهیم وەک پەیامێک بۆ لایەنەکانی دیکە گوتی "مەرج نییە ئەوەی لایەنەکان داوای دەکەن کە ئەم پۆست و ئەو پۆستە بدرێ بە ئەوان وابێ و مەرجیش نییە ئەوەی پارتی داوای دەکات وا دەربچێ، بەڵام چوارچێوەیەکمان داناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی پۆستەکان". ئامادەش نەبوو هیچ زانیارییەک لەسەر چوارچێوە و هەنگاوە عەمەلییەکانی پارتی بۆ دابەشکردنی پۆستەکان ئاشکرا بکات، گوتیشی "هەموو شتێکمان گەلاڵە کردووە، بەڵام ئاشکرای ناکەین تاوەکو ئەمجارە بگەینە ئەنجامێکی باش".

لەدرێژەی قسەکانیدا گوتەبێژ و ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان "کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکانمان دۆزیوەتەوە و بەو کلیلەش کێشەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم چارەسەر دەبێ".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە دوای بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوونەوەیان هەبووە، باسی پشکی خۆیان لە حکومەت و کێشەی ناوخۆی یەکێتییان کردبوو.

حاکم قادر حەمەجان، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ بەڕێز سەرۆک بارزانی ڕێککەوتوون کە لە ڕۆژانی داهاتوودا مەسەلەی دابەشکردنی پۆستەکان بۆ حکومەتی داهاتوو یەکلایی بکرێتەوە و چیدی پێکهێنانی حکومەت دوانەکەوێ".

دەربارەی پۆستە وەزارییەکان (ڕووداو) زانیویەتی کە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا پارتی دوو پێشنیازی ئامادە کردووە و دەیخاتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی. هەروەها پارتی وەزارەتی دارایی و ئابووریش وەرناگرێ، بەڵام یەکلایی نەکردووەتەوە کە ئەو وەزارەتە بۆ گۆڕان بێ یان بۆ یەکێتی.

دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە یەکێتی لە هێزی دووەمەوە بووە هێزی سێیەم لەسەر ئاستی کوردستان، پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی هەندێ ساردیی تێکەوت.

جەعفەر ئیبراهیم دەڵێ "لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا مەکتەبی سیاسی پارتی زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان ئەنجامدا و بە تێروتەسەلی باسی زۆر شتمان کردووە، لەوانە دۆخی ناوخۆی یەکێتی و کێشەکانی ئەو حیزبە کە هاوپەیمانی پارتییە بە وردی باسمان کردووە". ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "برادەرانی یەکێتی لە کۆبوونەوەی خۆیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی داوای هاوکارییان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆی یەکێتی". گوتیشی "سەرۆک بارزانیش گوتوویەتی ئامادەین بەهەموو شێوەیەک هاوکاری یەکێتی بکەین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە سەرەتای ئەم مانگە وازی لە هەموو پۆستێکی حیزبی هێنا، لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆببێتەوە.

(ڕووداو) ئەوەشی زانیوە کە هەریەک لە پارتی و کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ یەکێتی لەسەر خەتن بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەو حیزبە چارەسەر بکرێن.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## عەلی قەرەداغی داوایەک ئاراستەی لایەنە سیاسییەکان دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

پرۆفیسۆر د.عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان، پەیامێکی بەبۆنەی درەنگکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بڵاوکردووەتەوە، هاوکات چەند پێشنیازێکیشی خستووەتەڕوو.

عەلی قەرەداغی ئاماژە بە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و دەڵێ " جێگای ڕێزن". ناوبراو بو خێرا پیکهێنان کابینەی نوێ پێشنیاز بۆ حیزبەکان دەکات کە "قوربانی بەبەرژەوەندیە تایبەتی و حیزبیەکانی خۆیان بدەن و بەرژەوەندی گشتی و هاوڵاتیان بکەنە یەکەمین ئامانجی سیاسییان".

### نەزمی حزوری، کونسوڵی فەلەستین لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# لە فەلەستین شەهیدمان هەن خەڵکی سلێمانی و شنگال و دهۆکن



نەزمی حزوری، یەکەمین کونسوڵی فەلەستینە لە هەرێمی کوردستان. هەرچەندە نازناوی باڵیۆزی هەیە، بەڵام ئیشەکەی تەنیا کاری باڵیۆزی نییە. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە سەرکردەکانی فەلەستین گرنگییەکی باش بە نوێنەرایەتیەکەیان لە کوردستان دەدەن. نەک تەنیا لەبەر پەیوەندی بازرگانی، بەڵکو بۆ هەلی خوێندنیش لە زانکۆکانی کوردستان. حزوری بە (ڕووداو)ی گوت "بەمزووانە 30 قوتابی فەلەستینی دەست بە خوێندن دەکەن لە زانکۆکانی کوردستان".

یودیت نیورینک
ڕووداو - هەولێر

- 30 خوێندکاری فەلەستینی دێنە کوردستان بۆ خوێندن
- ئێستا 18 خوێندکاری فەلەستینی لە زانکۆکانی کوردستان دەخوێنن

**ڕووداو: بۆچی پێویستمان بە کونسوڵگەری فەلەستین هەیە لە هەولێر؟**

**نەزمی حزوری:** بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندییە مێژوویییەی لەنێوان خەڵکی کورد و فەلەستیندا هەیە. سەلاحەدینی ئەیوبی لە کوردستانەوە هات تاوەکو بۆ قودس بجەنگێ. لەبەر ئەوە ئێستا نەوەیەکی کورد لە قودس و غەززە و ڕامەڵڵا هەن کە ئێمە وەک فەلەستینی تەماشایان دەکەین، بەڵام دەتوانی بە ناوەکانیاندا بیانناسیتەوە. یاسر عەرەفات پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، دواتریش لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی. خاڵی هاوبەشمان ئەوەیە کە هەردوولامان قوربانی پەیمانی سایکس بیکۆی ساڵی 1916ین، کە لە ئەنجامدا ئیسرائیل فەلەستینی داگیر کرد و کوردستانیش پارچەپارچە کرا.

**ڕووداو: کورد چۆن گەیشتوونەتە فەلەستین؟**

**نەزمی حزوری:** بەشێکیان بەهۆی سەلاحەدینەوە هاتن، بەڵام زۆریان لەگەڵ خێزانەکانیان چوونەتە فەلەستین بۆ کار، چونکە لە ڕابردوودا فەلەستین سنووری نەبووە. دواتر لەساڵی 1948 پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ سوپای عێراق بۆ شەڕکردن هاتنە فەلەستین. لە حەنین مۆنیومێنتێکمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی لەساڵی 1948 شەهید بوون، ناوی نزیکەی پەنجا عێراقی تێدایە کە هەندێکیان خەڵکی سلێمانی و شنگال و دهۆکن. بەهیواین ناوی هەموو ئەو کوردانە کۆبکەینەوە کە لە فەلەستین شەهید کراون. بەبڕوای ئێمە ئەوە گرنگی خۆی هەیە بۆ پەیوەندییەکانمان.

بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لە ساڵی 2009وە کۆمیتەی هاوبەشمان دروستکردووە.

### ناوی ئەو کوردانە کۆدەکەینەوە کە لە فەلەستین کوژراون

### نزیکەی 300 فەلەستینی لە کوردستان هەن

**ڕووداو: ئایا کاریگەری پەیوەندی ڕابردووی عێراق و فەلەستینیەکان چییە، لەکاتێکدا عێراقییەکان لەبرسان دەمردن بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە، سەدامیش خەڵات و پارەی دابەش دەکرد بەسەر خێزانی شەهیدە فەلەستینیەکان. بۆیە زۆر لە عێراقییەکان ڕقیان لە فەلەستینی بوو؟**

**نەزمی حزوری:** ئێستا هەندێ فەلەستینی لە بەغدا لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین لەبەر خراپی دۆخی ئەمنی. بەڵێ هەندێکیان پەیوەندییان لەگەڵ سەددام هەبوو، بەڵام هەموو وڵاتە عەرەبییەکان پشتگیری فەلەستینییەکانیان دەکرد. ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین داوای پشتگیری شۆڕشی لێدەکردن و عێراقیش یەکێک بوو لەو حکومەتانە. نابێت فەلەستینییەکان باجی ئەو پەیوەندییە بدەن، چونکە ئەوان بەدوای شەڕدا نەدەگەڕان.

یاسر عەرەفات هاوکات لەگەڵ سەدام حوسێن و لەگەڵ مەلا مستەفاشدا پەیوەندی هەبوو. بەر لە ساڵی 2003 حیزبی بەعس پشتگیری لە فەلەستین دەکرد، ئەمڕۆ حکومەتی عێراق و سیاسییە کوردەکان.

**ڕووداو: لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام نزیکەی 35 هەزار فەلەستینی لە عێراق دەژیان، بەڵام پاش ڕووخانی سەدام زۆریان عێراقیان جێهێشت. ئێستا چەند خێزانی فەلەستینی لە عێراقدا ماون؟**

**نەزمی حزوری:** لە عێراق نزیکەی شەش هەزار فەلەستینی ماون. نزیکەی 300 فەلەستینی لە کوردستانن. هەندێکی دیکەیان لە ئەورووپا و ئیماراتەوە هاتوون، بەڵام پەنابەر نین. هەموو خەڵکەکەمان لێرە لە بواری تەندروستی و ئەندازیاری و بیناو بازرگانیدا کاردەکەن. بە شەریکی لەگەڵ کورد و لوبنانیەکاندا کۆمپانیایان هەیە. دکتۆرەکان خاوەنی کلینیکن. هانی فەلەستینییەکان دەدەین بێنە ئێرە. دوو ساڵە کونسوڵگەری دامەزراوە تا ئێستا دوو گەشتی بازرگانیمان سازکردووە. خەڵکەکەمان لێرە سەرکەوتوون و ژیانێکی باشیان هەیە.

**ڕووداو: پاش جەنگی ئازادیی عێراق لەساڵی 2003دا گرووپێک فەلەستینی کە لە بەغدا هەڵاتبوون بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە کامپێک لەسەر سنووری ئوردن گیریان خوارد. ئەوانە چییان بەسەرهات؟**

**نەزمی حزوری:** تا ئێستا هەشت خێزانی فەلەستینی لەوێ ماون. ئەوانی دیکە هەموویان ڕۆیشتن بۆ ئوسترالیا و بەرازیل و چیلی و سووریا. ئەو هەشت خێزانە هێشتا چاوەڕێ دەکەن. دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق. هەندێکیان پەیوەندییان پێوەکردووم بۆئەوەی بێنە کوردستان.

هەندێکیشیان دووکانیان کردووەتەوە لەناو کامپەکەدا کە ژمارەیەک عێراقیشی تێدایە. نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی تۆمار کردوون. لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان قسە دەکەین کە کێشەی ئەو خەڵکانە چارەسەر بکەن.

**ڕووداو: بەهۆی سەرکوتکارییەکانی سەدامەوە هێشتا هەستی دژ بە عەرەب لە کوردستان بەهێزە. ئایا ئەزموونی تۆ وەک عەرەبێک لە کوردستان چۆن بووە؟**

**نەزمی حزووری:** کێشەیەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان خەڵکەکەدا. وەک فەلەستینی هەوڵدەدەین تەماشای خەڵک وەک مرۆڤ بکەین. هەموو ئیسرائیلییەک زایۆنی نییە، دەتوانین لەگەڵ زۆریان بە ئاشتی بژین. هەموومان لەم جیهانە دەژین. چ کەسێک هەیە بیەوێت لەشەڕدا بژی؟ لەم ڕووەوە دەبێت کورد لە ئێمەوە فێربن.

**ڕووداو: تەنیا خەڵکی فەلەستینی نین کە دێنە کوردستان، بەڵکو قوتابیانی فەلەستینیش دێن. چی دەکەن لە کوردستان لە کاتێکدا ئەوان زمانی کوردی نازانن؟**

**نەزمی حزووری:** ئێمە لە کونسوڵگەری خوێندن وەک ئامانجی یەکەم تەماشا دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگەی فەلەستینی بنیات بنێین. بۆیە 30 لە قوتابییەکانمان دێن بۆ خوێندن لە هەولێر و سلێمانی، 10 قوتابی بۆ خوێندنی پزیشکی و ددان و دەرمانسازی دێن. بەڵێنیان پێداوین کە خوێندنەکەیان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بێت. هەروەها زمانی کوردیش فێردەبن و لە بەشە ناوخۆییەکان لەگەڵ قوتابی کورد دەژین. ئێستا 18 قوتابی فەلەستینی دەستیان بە خوێندن کردووە لە زانکۆکانی کوردستان، بەڵام پێنجیان لە غەززە گیریان خواردووە. ئەوەیە مانای داگیرکاری. دووانیان لە سووریاوە دێن و هەوڵدەدەین لە ڕێگەی بەیروتەوە بیانهێنینە کوردستان. خەونم ئەوەیە کە بڕوانامەی دکتۆرا بە دەستبهێنن. بەهیوای بە دەستهێنانی چەند سکۆلارشیپێکین لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و زانکۆی کوردستان لە هەولێر بۆ ئەو قوتابیانە.

### ئەو 8 خێزانە فەلەستینییەی لەسەر سنووری ئوردن گیریان خواردووە دەیانەوێ بێنە کوردستان

**ڕووداو: کورد دەتوانێ لەڕێگەی کونسوڵگەرییەکەی ئێوەوە سەردانی فەلەستین بکات؟**

**نەزمی حزووری:** تا ئێستا نەخێر. دووساڵ لەمەوبەر یانەی وەرزشی هەولێرمان بانگهێشت کرد بۆ یاریکردن لە فەلەستین، بەڵام کێشەمان هەبوو لە پەڕاندنەوەیان بەناو سنوورەکانی ئیسرائیل بۆ فەلەستین. پەیوەندیمان بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڤاتیکانەوە کرد لەبەرئەوەی دەمانەوێ بکرێینەوە بەڕووی سەردانکەراندا. هەموو موسڵمان و مەسیحییەک دەبێت بەبێ کێشە بتوانێ سەردانی فەلەستین بکات. دەبێت هەموو مەسیحییەک بتوانێ سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان بکەن لە فەلەستین وەک شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح، بەڵام ئیدی داگیرکار ئاوایە.

# کۆشکی سپی بەڵێن دەدات پارتە کوردییەکان لە لیستی ڕەش دەربهێنێ

**هارڤەی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

ئیدارەی ئۆباما بەڵێنی داوە بەخێرایی کار لەسەر یەکێک لەو کێشانە بکات کە لە نێوان واشنتن و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵداوە. واشنتن بەڵێنی داوە ناوی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە لیستی ڕەش دەربهێنێ.

بەڵێنەکەی واشنتن دوای ئەوە دێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، لەم مانگەدا بەرنامەی سەردانێکی بۆ واشنتن هەڵوەشاندەوە.

هەندێک کەس و لایەن ئاماژەیان بەوە کرد کە دواکەوتنی سەفەرەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە هێشتنەوەی ناوی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانەوە هەبووە لە لیستی ڕەشی ئەمریکادا.

لەم هەفتەیەدا ئەو مەزەندەیە پشتڕاست کرایەوە و کاربەدەستێکی پلە بەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاند کە بارزانی سەردانی واشنتن ناکات تا ئەوکاتەی کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت.

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە زاری فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە ڕایگەیاند کە ئەوان دیپلۆماتکارانی ئەمریکایان ئاگادار کردووەتەوە لەوەی بارزانی لەگەڵ ئۆباما کۆنابێتەوە تا ئەوکاتەی ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەو لیستە دەردەهێنرێت.

ڕۆژنامەکە لەزاری فەلاح مستەفاوە دەگوازێتەوە کە "پۆلێنکردنی پارتی و یەکێتی کارێکی ناعادیلانەیە و لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەری خستووەتە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان".

فەلاح مستەفا لە ئیمەیڵێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە سەرۆک بارزانی بڕیاری داوە سەردانی ئەمریکا نەکات تا ئەو کاتەی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت.

هەفتەی ڕابردوو ئەم بابەتە لە کۆنگرێسی ئەمریکا لەلایەن لیژنەی کاروباری دەرەوە تاوتوێکرا و سەرۆکی لیژنەکە ئێد ڕۆیەس ڕایگەیاند کە دەرنەکردنی ناوی ئەوانەی سەقامگیریی ناوچەکەیان پاراستووە و دڵسۆزی ئەمریکا بوون لەو لیستە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا "کارێکی نابەجێیە".

ئێد ڕۆیەس هەروەها گوتی کە هاوپەیمانە کوردەکانی واشنتن کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی "تەڕ و وشک پێکەوە سووتاندن"ی یاسای نیشتیمانپەروەرانی ئەمریکا (US Patriot Act). ئەو یاسایەی کە هەرزوو دوای هێرشەکانی ئەلقاعیدە لە 11ی سێپتێمبەری 2001 تێپەڕێندرا. ڕۆیەس گوتی کە ئەو یاسایە بە "بەشێوەیەکی نا ئەنقەستانە" پارتی و یەکێتی وەکو "تیرۆریست" لەقەڵەمداوە.

پارتی و یەکێتی دەکەونە ژێر بەشی سێیەمی یاساکەوە، ئەو بەشەی ناوی هەموو ئەو گرووپ و کەسانەی تێدایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چەکیان دژی هەر حکومەتێک، ئیدی هەرچەندە سەرکوتکەر بووبێت، هەڵگرتووە.

ئەو یاسا توندە بەو مانایە دێت کە تەنانەت نێلسۆن ماندێلا ڕێبەری کۆچکردووی ئەفریقای باشووریش لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە فەرمی مافی چوونە نێو خاکی ئەمریکای نەبووە. ئەم یاسایە کاری کردووەتە سەر ئەو کەسانەش کە داوای مافی پەنابەرییان لە ئەمریکا کردووە، یان هەوڵیانداوە وەکو ئاوارە بچنە ئەمریکا.

لە وتەیەکیدا لەبەردەم لیژنەکەی کۆنگرێس لە هەفتەی ڕابردوودا، برێت مەکگورک، یاریدەدەری جێگری سکرتێری کاروباری ئێران و عێراق گوتی کە پارتی و یەکێتی پێویستە بە زووترین کات لەو لیستە بهێنرێنە دەرەوە.

مەکگورک کە بە نوێنەرایەتی ئیدارەی ئۆباما لە کۆنگرێس قسەی دەکرد، بە ئەندامانی کۆنگرێسی ڕاگەیاند "پێمانوایە زۆر گرنگە و ئێمە لە سەدا سەد پشتگیری یاسایەکی دەستبەجێ دەکەین تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات".

مەکگۆرک ڕوونیکردەوە کە لە دەسەڵاتی ئۆبامادا نییە بە نوکە قەڵەمێک ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێت کۆنگرێس یاسای نیشتمانیی ئەمریکا هەموار بکات. ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئیدارەی ئۆباما ئامادەیە هاوکاری لیژنە پەیوەندیدارەکانی کۆنگرێس بکات تا ئەو یاسایە هەموار بکرێ.

گرنگیدان بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە زیاتر لە 10 ساڵە بەردەوامی هەیە، ئەوە پێشان دەدات کە واشنتن هێشتا هەموو بیری لای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

وتەکانی مەکگۆرک لە کۆتایی دانیشتنێکی کۆنگرێسدا هات دەربارەی سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق و هەڕەشەکانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

ڕۆیەس، سەرۆکی لیژنەکە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەمریکا پێویستە ڕێگرەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لاببات. ئەو گوتی "لە کاتێکدا کە ئەلقاعیدە و گرووپە هاوشێوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا بڵاودەبنەوە، ئەمریکا پێویستە ئاگای لە پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ ئەوانەی کە تا ئێستا وەکو هاوپەیمان لەگەڵ ئەمریکا لەو ناوچەیەدا ماونەتەوە".

کورد لەوانەیە پرسیار بکەن و بڵێن بۆ دەرکردنی ناوی کورد لە لیستی ڕەش هێندەی پێدەچێت. لە مێژە واشنتن ئاگای لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق هەیە. زۆر لە پێش ئەو کاتەی کە ئەم یاسایە تێپەڕێندراوە.

کاتێک کە بەرپرسە باڵاکانی کورد لە سەرەتای 1991 چوونە واشنتن، هەر چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی کە سەدام لە کوەیت وەدەرنرابوو، ئەوکات ڕێگری لە بەرپرسە کوردەکان کرا بچنە نێو حەرەمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

ئەوکات کاربەدەستانی ئەمریکا گوتیان کە ڕێگەدان بە هاووڵاتی عێراقی، ئیدی کورد بێت یان نا، شکاندنی ئابڵوقەی سەر سەدام حوسێنە. هەرچەندە بەرپرسە کوردەکان زۆر لە مێژبوو دژایەتی ئەو ڕژێمەیان دەکرد کە ئەمریکا ئابڵوقەی خستبووە سەر.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17



## راوچییەکی کورد لە رۆژی ڤالانتاین چەکەکەی شکاند

**رووداو- مەریوان**

راوچییەکی کوردی خەڵکی ناوچەی هەورامان وەک دەربڕینی دۆستایەتی بۆ ژینگە و دژایەتیی راو، لە رۆژی ڤالانتایندا!! چەکەکەی خۆی لەبەر چاوی خەڵک شکاند. بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ پاش ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە مەبەستی هۆشیار کردنەوە و چالاکیی ژینگەپارێزی سەردانی گوندەکانی ناوچەی سەوڵاوا و مەریوانیان کرد، راوچییەک بەناوی ئەحمەد عەزیزی، کە 20 ساڵ بوو راوی دەکرد تاپرەکەی خۆی شکاند.

### لە ترسی دووبارەبوونەوەی تاوانەکەی پاریس

# چیدی ئەڵمانیا زانیاری لەبارەی کوردەوە ناداتە میتی تورکیا

**ئەلێکساندەر دی ستیڤانۆ**
**رووداو- بەرلین**

دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیا بڕیاری داوە هاوکارییەکانی خۆی بۆ دەزگای هەواڵگریی تورکیا هەڵپەسێرێت، ئەوەش دوای ئەوەی گومانی بۆ دروستبووە کە دەزگا تورکییەکە دەستی هەبووە لە کوشتنی دامەزرێنەرێکی پارتی کرێکارانی کوردستان و دوو لە هاوڕێکانی لە پاریسی پایەتەختی فەرەنسا. دەزگاکە ترسی خۆی نەشاردووەتەوە لە دووبارەبوونەوەی رووداوی هاوشێوە لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.

بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری دێر شپیگلی ئەڵمانی، ئاسایشی ئەڵمانیا بەڵگەیان لەبەردەستە کە دەزگای میتی تورکیا دەستی لە کوشتنی سێ کچە چالاکوانەکەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەبووە.

گۆڤارەکە هۆشداری دەدات کە ئەگەر سەلمێندرا ئەنقەرە لە پشتی تاوانەکەیە، ئەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەیوەندی تورکیا لەگەڵ رۆژئاوا و سەرۆک وەزیران تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان دەکەوێتە ژێر فشارێکی زۆرەوە.

دێر شپیگڵ یەکێکە لە گەورەترین بڵاوکراوەکانی ئەورووپا و بە لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی بەناوبانگە. هەروەها بە کاریگەرترین گۆڤاری ئەورووپا دەناسرێ.

گۆڤارەکە لە ژمارەی هەفتەی رابردوویدا دوو لاپەڕەی بۆ کەیسی کوشتنی سێ ژنی کورد لە پاریس تەرخانکردووە. راپۆرتەکە لە ژێر ناوی "خودا نەیکات" بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە کە گومانێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت) دەستی لە تیرۆری ساکینە جانسز، لەیلا سۆیلەماز و فیدان دۆغاندا هەبێت. دێر شپیگڵ هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە بەهۆی ئەو گومانە جددییانەی لەسەر (میت) هەیە لەم مەسەلەیەدا، دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا هاوکارییەکانی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری تورکیا دەربارەی کورد راگرتووە.




(فۆتۆ: AFP)

### بەڵگەنامەکان ئاماژە بۆ (میت) دەکەن

سێ چالاکوانە کوردەکە رۆژی 9ی کانوونی دووەمی ساڵی رابردوو لە پاریسی پایەتەختی فەرەنسا کوژران. دوای ماوەیەکی کورت کەسێک بەناوی عومەر گونەی، کە شوفێری ساکینە بووە وەکو گومانلێکراو لەلایەن پۆلیسی فەرەنساوە دەستگیر کرا.

تاوەکو ئێستا زۆر شت لەسەر ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکە بڵاوکراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی AKP و جەماعەتی فەتحوڵڵا گویلەن، هەندێک بەڵگەی تازە لەسەر کوشتارەکە ئاشکرا بوون.

رۆژی 12ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، تۆمارێکی دەنگی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە کە دەگوترێت گفتوگۆیەکی نێوان ئەندامانی (میت) و عومەر گونەیە. دوای دوو رۆژ بەڵگەیەکی دیکە کە مۆری میت و ئیمزای چەند بەرپرسێکی ئەم رێکخراوەی لەسەرە، بڵاوکرایەوە. ئەو تۆمارە دەنگییە و بەڵگەنامەکەش پشتگیری و رێنمایی (میت)یان تێدایە لەبارەی ئامادەکارییەکانی عومەر گونەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە.

### ترس لە دووبارەبوونەوەی تیرۆر

گۆڤاری (دێر شپیگڵ) لەو راپۆرتەدا پشت بە زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا دەبەستێت و ئاماژە بەوە دەدات کە ناوەڕۆکی ئەو تۆمارە دەنگییە و ئەو بەڵگەنامەیە زۆر جیددین، بۆیە ئەو دەزگایە هاریکاری خۆی لەگەڵ (میت) راگرتووە.

گۆڤارەکە هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە هەواڵگری ئەڵمانیا لە مەسەلەی چاودێریکردنی ئەندامانی PKKدا یارمەتی (میت) دەدات. بەڵام

### دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیا:

## گومان هەیە میت ساکینە جانسزی کوشتبێت

بەهۆی گومانی جددی لەسەر ئەوەی کە دەزگای هەواڵگری تورکیا لەپشت کوشتارەکەوە بێت، ئێستا ئەو هاوکارییەیان راگرتووە راپۆرتەکە دەڵێت "گومانی ئەوە هەیە ئەندامانی PKK لەلایەن (میت)ی تورکیاوە لە وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپاش بکوژرێن، دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا لە ئامادەباشیدایە. بەزمانی هەواڵگری دەگوترێت کە مەسەلەی پێدانی زانیاری لەسەر کەسەکان زۆر بە هەستیاری دەکرێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە هاوکاری لەبارەی کوردەوە تاوەکو ماوەیەکی نادیار وەستێنراوە، کەس نایەوێت ئەو زانیارییانە بدات کە ببێتە هۆی کوشتن."

بەپێی زانیارییەکانی (دێرشپیگڵ)، لێکۆڵەرە فەرەنسییەکان پشتڕاستن لەوەی یەکێک لەو دەنگانەی لە تۆمارە دەنگییەکەدا هەیە، دەنگی عومەر گونەیە. لەبارەی ئەو بەڵگەیەی کە تێیدا باسی کوشتنی ساکینە جانسز دەکرێت، گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەدات کە دەکرێ ئەو بەڵگەیە ساختەش بێت. بەڵام هەواڵگری فەرەنسا وەکو بەڵگەیەکی جددی سەیری دەکات. هەروەها دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیاش ئەو بەڵگەنامەیەی شیکردووەتەوە. بەپێی ئەو شیکردنەوەیە، زمانی نووسینەکە و مۆری سەر بەڵگەکەش دروستیی بەڵگەکان دەسەلمێنن. بەڵام لێکۆڵەران دەڵێن دەستخەتی بەڵگەکە شتێکی ئاسایی نییە. هەروەها ئەو ئەندامانەی میت کە ئیمزایان لەسەر بەڵگەکە هەیە، ئەوانەن کە چاودێری مەسەلەی PKK دەکەن. ئوگوڕ کان ئا. کە بەرپرسی بەشێکی (میت)ە و ئیمزای لەسەر بەڵگەکە هەیە، ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ شاندێک چووبووە ئەڵمانیا.

### ئەگەر راست بێت کارەسات دەقەومێت

گۆڤاری (دێر شپیگڵ) باسی ئەوە دەکات کە تاوەکو ئێستا بە چاوی گومانەوە سەیری تۆمارە دەنگییەکە و بەڵگەکە دەکرێت. بەڵام ئەگەر راستی بەڵگەکان سەلمێندرا، ئەوە کاریگەرییەکی دراماتیکی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەڵمانیا، فەرەنسا و گشت یەکێتی ئەورووپا دەبێت.

هەروەها دەگوترێت کە ئەگەر راستیی بەڵگەکان دەرکەوت، ئەگەری ئەوە هەیە لەو وڵاتانەی کوردیان لێ دەژین کە ئەڵمانیاش یەکێکە لەو وڵاتانە، شەڕ و پێکدادان لەسەر جادەکان بقەومێ. لەبەر ئەوەش هەواڵگری ئەڵمانیا بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوون بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

گۆڤارەکە وتەی یەکێک لە کاربەدەستانی ئەمنی ئەڵمانی دەگوازێتەوە و کە دەڵێت "ئەگەر تەنانەت ئەو دۆکیۆمێنتە ساختەش بێت، ئەوەندە لە راستییەوە نزیکە کە مرۆڤ سەرسام بکات". ئەو هەروەها بە گۆڤارەکە دەڵێت "هەتا ئەگەر دۆکیۆمێنتێکی ساختەی لەو جۆرەش دروست بکەیت، دەبێت زانیارییەکی زۆر ناوخۆیی میت لەبەردەستی ئەو کەسەدا بووبێت کە دۆکیۆمێنتەکەی دروستکردووە".

# خەڵاتی کتێبی ساڵ لە ئێران دەدرێتە کوردێک

**رووداو- تاران**

سی و یەکەمین خولی پێشبڕکێی کتێبی ساڵی ئێران و بیست و یەکەمین خولی خەڵاتی جیهانی کتێبی ساڵ کە رۆژی شەممە 8/2/2014 بە ئامادەبوونی عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و عەلی جەننەتی، وەزیری فەرهەنگی ئێران و جەماوەرێکی زۆر لە تەلاری (وحدت)ی شاری تاران بەڕێوەچوو، خەڵاتەکەی بەخشییە د.ئامر تاهر، خەڵکی دهۆک، بەهۆی کتێبی (شۆڕشی ئەدەبی-کاریگەری شیعری فەرەنسی لەسەر نوێکردنەوەی فۆرمی شیعری فارسی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا).

ئەم خەڵاتە گرنگترین خەڵاتی کتێبە لە ئاستی ئێراندا و پێشبڕکێیەکەی هەر ساڵ لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگی ئێرانەوە رێکدەخرێت و مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی لە ساڵیادی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران رێکدەخرێت.

ئەمساڵ لە بەشی خەڵاتی جیهانیدا کە زیاتر لە 2000 کتێب لە بوارە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکان لە دەرەوەی ئێران بەشداری پێشبڕکێیەکەیان کردبوو، 21 بەرهەم توانییان بگەنە قۆناغی کۆتایی و خەڵاتی جیهانی کتێبی ساڵی ئێران بۆ ئەم خولە بەدەستبێنن. یەکێ لە بەرهەمە سەرکەوتووەکان کتێبەکەی د.ئامر تاهر بوو کە لە بنەڕەتدا نامەی دکتۆراکەیەتی و ساڵی 2012 بە زمانی فەرەنسی لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی ئەکادیمیای زانستیی نەمسا چاپکراوە.

لەو مەراسیمەدا تەقدیرنامەیەک بە ئیمزای وەزیر، بەڵگەنامەیەک بە ئیمزای هەموو ئەندامانی دەستەی زانستی باڵای خەڵاتەکە و بڕە پارەیەکی رەمزی وەکو خەڵات پێشکەش بە براوەکانی خەڵاتی جیهانی کرا.

ئامر تاهر خەڵکی دهۆکە و ساڵی 2000 یەکەمی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک بووە. دکتۆراکەی لەساڵی 2009 لە زانکۆی سۆربۆنی نوێ (پاریس 3) لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا بە دەستهێناوە و ئێستاش وەک پسپۆڕی ئەدەبی نوێی کوردی و فارسی لە ئینستتیوتی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی ئەکادیمیای زانستەکانی نەمسا خەریکی کاری لێکۆڵینەوەی زانستییە.

ئامر تاهر بەناوی هەرێمی کوردستانەوە بەشداری پێشبڕکێیەکەی کردبوو.

ئەمە جاری دووەمە کە نامەی دکتۆراکەی ئامر تاهر خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستدێنێ. پێشتریش لە ساڵی 2011 لەلایەن سۆسییێتاس ئیرانۆلۆگیکا ئۆرۆپائێئا کە گرنگترین رێکخراوی زانستیی ئەورووپایە لە بواری توێژینەوە ئێرانییەکان و هەموو ناوەندە زانستی و بەشە زانکۆییەکانی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکان دەگرێتەوە خۆی، وەک باشترین نامەی دکتۆرای ئێرانناسی خەڵات کرابوو.



### دوای 23 ساڵ

# دۆسیەی کۆمەڵکوژییەکەی کوڵپ هەڵدەدرێتەوە

**ئوزەی بوڵوت**
**رووداو- ئامەد**

حوسێن تورخەلیل هێشتا کۆمەڵکوژییەکەی شارۆچکەی کوڵپی لە نزیک ئامەد لە بیرە، کاتێک لە 1991/12/22 سەربازەکانی سوپای تورکیا دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر پرسەیەک کە بۆ گەریلا کوژراوەکان رێکخرابوو، لە دەستڕێژەکەدا 7 کەس کوژران و 50 کەسیش بریندار بوون، دوو لە بریندارەکان ئێستا کەمئەندامن.

"رۆژی 18ی مانگ 14 گەریلای PKK لەلایەن سوپای تورکیاوە کوژران. خەڵکی دیاربەکر، کوڵپ، لیجە و سیلیڤان بەڕێکەوتن بۆ چیاکان تا تەرمی گەریلا کوژراوەکان بهێننەوە". تورخەلیل، ئەوکات کە سەرۆکی لقی پارتی کاری گەل بوو لە ئامەد، بە چاوی خۆی رووداوەکەی بینی، دواتریش بوو بە پارێزەری قوربانییەکان.

دوای 23 ساڵ، ئێستا دۆسیەیەک لەدژی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە لەلایەن داواکاری گشتی ئامەدەوە کراوەتەوە.

تور خەلیل بۆ (رووداو)ی گێڕایەوە کە کاتێک خەڵک بە تەرمەکانەوە ویستیان بگەڕێنەوە، لەسەر پردی کوڵپ سەربازەکان رێگەیان لێگرتن و پێیانگوتن کە ناتوانن ئەو تەرمانە بهێننەوە "ئینجا سەربازەکان دەستیان کرد بە تەقەکردن، حەوت کەسیان کوشت و 50 یان بریندار کرد".



تورخەلیل بە بیری دێتەوە کە سەربازەکان فەرمانیان بە هەموو خەڵکەکە کرد بۆ ماوەی چەند سەعاتێک لەسەر زەوییەکە راکشێن و لە خەڵکەکەیان دەدا و جنێویان پێدەدان و دەست و قاچی زۆر کەسیان شکاند، هەروەها "جلی ئافرەتەکانیان داکەند و دەستدرێژییان کردە سەر هەندێکیان".

بەپێی قسەی تور خەلیل، سەربازەکان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ خەڵکەکە کە گوایە تەقەیان لە سەربازێک کردووە و کوشتوویانە "بەڵام دوای ئەوەی کە سەلماندمان شتی لەو جۆرە مەحاڵە، ئینجا خەڵکەکەیان ئازاد کرد. بەڵام دوو لە ئازادکراوەکان دواتر لەلایەن عیسمەت یەد یڵدز، فەرماندەی بەتالیۆنەکەوە کوژران".

ئەو بەبیری دێتەوە کە بە راکردن گەڕاوەتەوە ماڵەوە و تەلەفۆنی بۆ ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کردووە و داوای لێکردوون هەواڵەکە بگەیەننە میدیاکان.

"کاتێک کە من لەسەر تەلەفۆن بووم لەگەڵیان، ئەوان گوێیان لە دەنگی تەقە و قیژە و هاواری خەڵکەکە بوو، بەو شێوەیە هەواڵەکە گەیشتە میدیاکان".

ناهیت ئەرەن، پارێزەری یەکێک لە خێزانە قوربانیەکان و جێگری سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد بە (رووداو)ی راگەیاند کە شەڕی یاسایی دژی ئەنجامدەرانی تاوانەکە لە مێژە بەردەوامە.

"لێکۆڵینەوە لەم رووداوە وا بۆ ماوەی حەوت ساڵە بەردەوامە. بەڵام کاتێک کە میدیاکان لە 2012 رووماڵی لێکۆڵینەوەکانیان کرد، داواکاری گشتی بڕیاریدا لێکۆڵینەوەکان بە نهێنی بمێننەوە". ئەرەن دەڵێت "فایلی دۆسیەکە نێردراوە بۆ ئۆفیسی سەرۆکی داواکاری گشتی ئامەد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەیسەکە بکرێتەوە لە دژی ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکە".

یەد یڵدز، فەرماندەی بەتالیۆنەکەی کوڵپ دواتر پلەی بەرزکرایەوە بۆ ئاستی جەنەراڵ و خانەنشین کرا. ئەو جەنەراڵە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژیتەم دادەنرێت کە باڵی ئیستیخباراتی سوپای تورکیایە.

لە رووداوێکی هاتوچۆی ناڕووندا یەد یڵدز لە ترابزۆن لە ساڵی 1999 کوژرا، بەبێ ئەوەی بهێنرێتە دادگا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

بوڵەند ئەجەویت، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا لە ساڵی 1973 بە فەرمی دانی نا بە بوونی دەزگای ژیتەم، ئەو دەزگایە دەستی لە زۆر رووداوی توندوتیژی نادیاردا هەبووە.

ڕووداو
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## یەکگرتوو داوای لێبوردن دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سلێمانی بە هۆی بەیاننامەیەک کە لە ڕۆژی 13-2-2014 بڵاویانکردەوە و تێیدا هەڕەشەی هەڵدانەوەی "ڕەویە و ڕەوشت" و ناسانندنیان بە جەماوەر لە هەندێک لە نووسەر دەکات، کە بە "ناحەزی" پارتەکەیان وەسفیان کردووە، داوای لێبوردن دەکات. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە ماڵپەڕی فەرمی ئەو حیزبە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە "بە جورئەتەوە داوای لێبوردن دەکەین".

ئاماژە بەوەش کراوە کە هەندێک وشەی نێو بەیاننامەکە بەسەریاندا تێپەڕیوە و "بەمەبەست" نەبووە.

# یەکێتی: دەباشان کۆتایی نەهاتووە گۆڕان: دەباشان تەواو بوو

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایدەگەیێنێ کە حیزبەکەی بەلایەوە ئاساییە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەرەوپێشتر بڕۆن و وای دەبینێ "پارتی مافی خۆیەتی پەیوەندی لەگەڵ هەر لایەنێک ببەستێ بەبێ ئەوەی لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی دیکەی بێت". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕایدەگەیێنێ کە "نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان وەک نزیکبوونەوەی یەکێتی و پارتی نابێ و ڕێککەوتنی نووسراو نییە لە نێوانیاندا".

هەفتەی پێشوو، سێیەمین دیداری نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە هاوینەهەواری پیرمام بەڕێوەچوو. کاتێک کتێبی بیرەوەرییە تۆمارکراوەکانی نەوشیروان مستەفا دەخوێنیتەوە، بە ئاسانی بڕوا ناکەیت ئەو پەیوەندییە باشەی پارتی و گۆڕان لە نێوان خۆیان جەختی لێدەکەنەوە، بەرگەی بانگەشەیەکی هەڵبژاردن بگرێ. بەڵام سەرکردەکانی هەردوولا باس لەوە دەکەن کە ئێستا پەیوەندییەکی باش لە نێوان ئەو دوو لایەنە بەرەوپێش دەچێ.

### بارزانی هاوسەنگی دەپارێزێ

لە دوو کۆبوونەوەکەی هەفتەی پێشووی بارزانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی، وەک ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی دەڵێت "جەخت لە باشترکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕان و پارتی کراوەتەوە و باسی هێنانە ئارای دیدێکی هاوبەش بۆ پرسە نێوخۆییەکان و عێراق و دەرەوەش کرا سەرباری پێکهێنانی حکومەت".

ئارام شێخ محەممەد کە بۆخۆی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، پێشبینی دەکات لەو هەفتەیەدا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی ببێتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوانییە هاوکێشەی سیاسی لە کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و دەڵێ "هەم ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان ئێمە و پارتی و هەم دۆخە سیاسییەکەشمان وەک خۆی ماوە و ئێمە لە نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان ناترسین، چونکە ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان هەیە". سەعدی ئەحمەد پیرە گوتیشی "سەرکردایەتی و قاعیدەی یەکێتی هیچ لە نزیکبوونەوەی گۆڕان و پارتی ناترسن".

بەپێی زانیارییەکان کە (ڕووداو) لە سەرچاوەکانی ناو یەکێتی بەدەستی هێناون، بارزانی لە کۆبوونەوەکەی هاوینەهەواری پیرمام، بە سەرکردەکانی یەکێتی گوتووە کە ئامادەیە نێوبژیوانی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی بکات و ئەو بابەتەش هەڵگیراوە بۆ ئەمڕۆ دووشەممە، کە بڕیارە کۆبوونەوەیەک لە نێوان بارزانی، کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەنجام بدرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "منیش بیستوومە کە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بارزانی ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێک و دەست بەکاری خۆیان بکەنەوە، بەڵام کاتەکە بەدیاریکراوی نازانم".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی "ئێمە بڕوامان وایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی نێوان ئێمە و گۆڕاندا جۆرێک لە هاوسەنگی دروست دەکات، بەشێوەیەک حکومەت بتوانێ 4 ساڵی داهاتووی خۆی بە ئارامی و بێ کێشە بەڕێوەببات".



### یەکێتی: دەباشان ماوە

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە هەلومەرجی پێکهێنانی حکومەت خاڵی هاوبەشی لەنێوان زۆربەی لایەنەکان دروستکردووە "بەڵام خۆ ئێمە و پارتی کە چەند ساڵە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان هەیە، زۆر پەیوەندی دیکەمان هەبووە، ئێمە بۆ مەسەلەی پشتگیری لە ڕۆژئاوا رامان جیاواز بووە لە پارتی، پارتیش لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا جیاواز بووە لەگەڵ ئێمە و ڕێککەوتنەکەشمان دەستی نەگرتووین".

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی لەیەک نزیک دەبنەوە کە "هێشتا ڕێککەوتنی دەباشان لە نێوان ئێمە و گۆڕان ماوە". وەک ئەو باسیکرد لە خولی چوارەمی پەرلەماندا دەکرێ کار بەو ڕێککەوتنە بکەن بەو پێیەی "لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەردوولامان لە کارنامەی هەڵبژاردندا باسی مەسەلەی دەستوور و ئەو پرسانەی دیکەمان کردووە". بەبڕوای ئەسەسەرد دوای پێکهێنانی حکومەت، جارێکی دیکە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا دێ.

بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە ئەوەی لە نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا کرا لە دەباشان، ڕێککەوتن بێ "ئەوە لەیەک گەیشتنێک بوو، بە دووركەوتنەوەی مام جەلال ئەوە کۆتایی هات". سەفین مەلا قەرە دەڵێ "دەکرا لەکاتی خۆیدا کاری باش بکرایە، بەڵام یەکێتی پابەند نەبوون پێیەوە".

لەچەند ساڵی ڕابردوودا، بزووتنەوەی گۆڕان بەردەوام داوای کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی کردووە و بە بەربەستی بەردەم پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی زانیوە. سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێ "گۆڕان مافی خۆیەتی لەگەڵ پارتی نزیک ببنەوە، بەڵام مافی ئەوەیان نییە بڕیار لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی بدەن، ئەوان دەتوانن ڕێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ پارتی ئیمزا بکەن، یان دەکرێ ڕێککەوتنەکە فراوانتر بکرێ".

سەفینی مەلا قەرە، سەبارەت بەپەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی دەڵێ "نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان وەک نزیکبوونەوەی یەکێتی و پارتی نابێ و ڕێککەوتنی نووسراو نییە لە نێوانیاندا". گوتیشی "ئێمە و پارتی هێزی یەکەم و دووەمین و دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی باش دروست بکەین و ئەوانیش ڕێککەوتنی ستراتیژی خۆیان هەبێ".

# بۆ 17ی شوبات سلێمانی پێویستی بە پۆلیس نەبوو




(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەردەرکی سەرای سلێمانی وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی، جگە لە کتێبفرۆشەکان و ئەوانەی بۆ کات بەسەربردن هاتوون، هیچ هێمایەکی نائاسایی پێوە دیار نییە، دیمەنەکان زۆر لە 17 شوباتی 3 ساڵی ڕابردوو ناچن کاتێک کە چەند ڕۆژێک پێشتر دەنگوباسەکانی دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان هێزە ئەمنییەکانی دەخستە ئامادەباشییەوە.

یەکێک لە ڕێکخەرانی پێشووی خۆپیشاندانی 17 شوباتی 2011، هەموو چالاکییەکانی ئەمساڵ بە "یادکردنەوە"، نێودەبات و پلان و بەرنامەکانی یادکردنەوەکە باسدەکات "وەک چۆن یادی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەکرێتەوە، هەر ئاوا تەنیا دەمانەوێ یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕابگرین". نزار محەممەد گوتیشی "تەنیا گروپێک بەو یادەوە سەرقاڵ نابن، بەڵکو بەچەند شێوازێک یاد دەکرێتەوە".

ئەوانەی قسەیان بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کرد، هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئەمساڵ لە دۆخێکی دیکە و قۆناغێکی دیکەدا 17ی شوبات دێتە پێشەوە. وردکردنەوەی زیاتری ئەم قسەیە سەرقاڵبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامییە بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، لە کاتێکدا ئەوان پێشتر پشتگیرییەکی ڕاستەوخۆی خۆپیشاندەرانیان دەکرد.

نەوزاد بابان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە سلێمانی، یەکێک بوو لەوانەی ساڵی 2011 لە ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندانەکاندا بەشداری دەکرد، بەڵام بەبڕوای ئەو ئێستا خەڵک بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە و دەڵێ زۆرشتی دیکەش گۆڕاون بە نیسبەت لایەنە سیاسییەکانەوە "ئێستا حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی جاران خەریکی سەودا و مامەڵەی دەسەڵاتن و خەڵکیش ڕیشی خۆیان نادەنە دەستی حیزبەکان، چونکە ئەزموونیان وەرگرتووە لە خۆپیشاندانەکانی ڕابردوو".

ڕۆژی 13/2/2011 ژمارەیەک گەنج لە سلێمانی ئاگادارینامەیەکیان بڵاوکردەوە و بانگەوازیان کرد بۆ ئەوەی گردبوونەوەیەک لە بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕێکبخەن و لەوێ وێڕای خستنەڕووی پشتگیریی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکانی میسر و توونس، چەند یاداشتێک بدەن بە گوێی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندا. ڕۆژی 17ی شوبات گردبوونەوەکە دەستیپێکرد و پەیامنێرانی (ڕووداو) ئامادەبوون و نزیکەی 2 کاژێر وتار خوێنرایەوە، پاشتر ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکە داوایان لە ئامادەبووان کرد بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەڵام زۆربەیان نەگەڕانەوە و دروشمی توندیان دەگوتەوە. پاشتر ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان خەڵک و پۆلیس لەسەر جادەکان ڕوویاندا و ڕێژوان عەلی بووە یەکەمین قوربانی خۆپیشاندانە 2 مانگییەکە.

بەدرێژایی ئەو 2 مانگە 10 خۆپیشاندەر و پۆلیسێک گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 300 کەسیش لە پۆلیس و خۆپیشاندەران بریندار بوون، جگە لە دەستگیرکردن و ڕفاندنی چەند خۆپیشاندەرێک.

نزار محەممەد دەڵێ سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە دەچنە گۆڕستان و لەسەر گۆڕی ڕێژوان عەلی بە خوێندنەوەی وتار، چالاکییەکان دەستپێدەکەن و پاشتر دەگەڕێنەوە بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی "لەوێ یاداشتێک دەخوێنینەوە، لەو یاداشتەدا داوا دەکەین، پەرلەمانتاران فشار بخەنە سەر حکومەتی داهاتوو بۆ ئەوەی داواکاری خۆپێشاندەرانی 17ی شوبات جێبەجێ بکات کە بەیاسای ژمارە 2ی پەرلەمان ناسراوە".

سلێمانی 17ی شوباتێکی ئارام بەڕێدەکات، یەکێک لەو چالاکوانانەی لە سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندنەکاندا کاریگەری هەبووەو نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە کە گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ لەسەر مێزەکانی گفتوگۆ زۆر بیری داواکاری خۆپیشاندەرانیان نەمابێ "لەوانەیە کاتێک بۆخۆشیان بوونە بەشێک لە حکومەت، یادیشی نەکەنەوە".

نووسەر ڕێبین هەردی، کە یەکێک بوو لە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات، پێیوایە 17ی شوبات گۆڕانکاری باشی دروستکردووە "ئێستا دەبینین پەرلەمانتاران، بەوانەی پارتی و یەکێتیشەوە بەردەوام لە ناو خەڵکدان و گوێ لە کەموکوڕییەکانیان دەگرن، هەر 17ی شوبات بوو وایکرد کە حیزبەکان و حکومەت زووتر بچن بەدەم داواکاریی خۆپیشاندەرانەوە".

نزار محەممەد ڕەتیکردەوە بەرنامە بۆ خۆپێشاندان و نارەزایەتی هەبێ و دەڵێ "تەنیا بۆ بیرخستنەوە ئەو چالاکییانە ئەنجام دەدرێن، نامانەوێ ئەو ڕۆژە بەبێدەنگی تێپەڕێ". هەرچەندە دوێنێ کاژێر 4ی ئێوارە قاوەخانەی کەلتووری کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ خەڵاتکردنی ژمارەیەک لە هەڵسوڕێنەران و کەسوکاری قوربانیان ڕێکخست، بەڵام نزار محەممەد دەڵێ "من بڕوام بەوە نییە، 25 هەزار کەس لە بەردەرکی سەرا خۆپیشاندانی کرد، ئێستا ئەمە چییە چەند کەسێک خەڵات دەکەن".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سلێمانی ڕەتیکردەوە بەهۆی هاتنەپێشەوەی 17ی شوباتەوە هێزەکانی پۆلیس هیچ ئامادەباشییەکیان وەرگرتبێ و دەڵێ "وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی دیکە وایە و یەک پۆلیس نەبراوەتە بەردەرکی سەرا و شوێنەکانی دیکەی ناوشاری سلێمانی".

# 7 ژن داوا لە پەرلەمانتاران دەکەن چارەنووسیان یەکلایی بکەنەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران داوا دەکەن چاو بە ڕەوشی ژیانی نێو گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بخشێندرێتەوە، ئەو داواکارییە دوای سەردانێکی ئەوان دێت بۆ گرتووخانەی چاکسازی ژنان و پیاوان لە سلێمانی لە هەفتەی ڕابردوودا. هەرچەندە ئەوان پێیانوایە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان هەمان ئەو گرتووخانانە نین کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا ناویان دەهات.

پەرلەمانتارەکان دەڵێن لە نزیکەوە هەم لەگەڵ بەڕێوەبەر و کارمەندانی گرتووخانەکان و هەم لەگەڵ بەشێک لە بەندییەکان گفتوگۆی ڕاستەوخۆیان کردووە "ژنەکانی چاکسازی ژنان زۆر مەبەستیان بوو ئاوڕیان لێبدرێتەوە، بەتایبەت ئەو 7 ژنەی سزای لە سێدارەدانیان هەیە داوایان دەکرد هەر نەبێ سزاکە بەسەریاندا جێبەجێ بکرێ".

نەجیبە شێخ لەتیف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، لەبارەی دۆخی دەروونیی ژنەکان دەڵێت کە ئەوان خوازیاری ئەوەن لەو دۆخە دەروونییە ڕزگار ببن. گوتیشی "تەنانەت وەک بیستمان ئەو ژنانە چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنیان داوە".

### 3 ژنی بەندکراو لەتەمەنی خانەنشینیدا

نەجیبە شێخ لەتیف دەڵێ لە چاکسازی ژنان 3 ژنی بینیوە گلەیی ئەوەیان کردووە کە تەمەنیان لە زینداندا تەواو کردووە "داوایان دەکرد پەرلەمان بیرێکیان لێبکاتەوە، چونکە ئەوان تەمەنیان چووەتە قۆناغی خانەنشینییەوە".

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنانی سلێمانی، قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "ئەو 3 ژنە بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیانەوە چیدی بەرگەی زیندان ناگرن و نەخۆشن".

گرتووخانەی چاکسازی ژنان، نزیکەی 50 ژن و کچی تێدایە کە بەتاوانی کوشتن، بەشداریکردن لە تاوانی کوشتن، شەڕ، دزی و مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکراون و 7 کەس لەوانە سزای لە سێدارەدانیان هەیە. بەپێی قسەی پەرلەمانتاران، هەیانە زیاتر لە 10 ساڵە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە و تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

بەڵام لەڕووی ئیدارەکردنی زیندانەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکان، گلەییەکی ئەوتۆیان نەبووە "هەندێک گلەییان لەبارەی دانەخستنی دەرگای ژوورەکانیان و هەندێک وردەکاری دیکە کرد، بەڵام کاتێک لێکۆڵینەوەمان کرد، دەرکەوت گلەییەکانیان لەجێی خۆیاندا نەبوون، ئیدارەی گرتووخانەکە پاساوی بەهێزیان هەبوو". نەجیبە وایگوت.

### وەک پیاوەکان شەوێکیان نییە

پەرلەمانتارەکان لە ئەندامانی فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، یەکێتی و پارتی پێکهاتبوون. ئەوەندەی ئەوان تێبینییان کردووە، دۆخی نێو زیندانی ژنان باشتر دەردەکەوێ لەچاو پیاوان، بەڵام ئەو مافەی دراوە بە پیاوان لەڕووی بینینی کەسوکاریان بە ژنان نەدراوە.

"لەڕووی پۆلێنکردنی زیندانییەکان و جیاکردنەوەی شوێنەکانیان ڕەوشی زیندانی ژنان باشتر بوو لە پیاوان، چونکە جیاکرابوونەوە، بەڵام پیاوان هەموو بەیەکەوە بوون، هەیە بەهۆی تیرۆر و پیاوکوشتنەوە دەستگیرکراوە کەچی لە قاعەیەکدا لەگەڵ کەسێکدایە کە بەتاوانی بچووک دەستگیرکراوە، ئەوەش زیندانییەکانی نیگەران کردووە"، بەهار عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی وایگوت.

بەهار، تێبینی دیکەشی تۆمار کردبوو کاتێک دەڵێ لە زیندانی پیاوەکان هەفتانە شەوێک هەیە کە هاوسەری پیاوەکە دەتوانێ سەردانی بکات و لای بمێنێتەوە، بەڵام ژنەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بۆچی ئەوانیش وەک پیاوان ئەو مافەیان نەبێ. گوتیشی "ژنێک گلەیی ئەوەی دەکرد کە پیاوەکەی بەهۆی ئەوەی ناتوانێ هیچ کاتێک لای بمێنێتەوە، هەڕەشەی جیابوونەوەی لێدەکات".

بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان دەڵێ "بە پەرلەمانتارانم گوت بەڵکو لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کاریان بۆ بکەن تاوەکو ئەو شەوە ژنانیش بگرێتەوە".

### هۆڵەکان لەسەریان دەڕژێت

پەرلەمانتارەکان سەردانی چاکسازی پیاوانیشیان کردووە. بەهار عەبدولڕەحمان باسی ڕەوشی پیاوان دەکات و دەڵێت "هۆڵەکە شوێنی 30 تاوەکو 35 کەس دەبوو، بەڵام 65 کەسی تێدابوو، بۆ خۆشیان وەڕس بوون لەو قەرەباڵخییە، هەر لەو هۆڵەدا لە تاوانی تیرۆرەوە تێیدا بوو تاوەکو ڕووداوی هاتوچۆ، هەموو تێکەڵ کرابوون".

لە خولی پێشووشدا چەند جارێک پەرلەمانتاران سەردانی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستانیان کرد و ڕەخنەیان لە ڕەوشی گیراوەکان گرت، بەڵام ئەو سەردانانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ پۆزەتیڤانە باسی ڕەوشی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

لە کۆتایی ساڵی 2012 ، بەشێک لە بەندییەکانی چاکسازی پیاوان و گەوران، دەستیان بە مانگرتن کرد دژی کارمەندانی بەندیخانەکە و تەنانەت داوای گۆڕینی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی ئەوێیان دەکرد و پێیانوابوو مامەڵەیەکی نەگونجاویان لەگەڵ دەکەن.

بەهار عەبدولڕەحمان، باسی ڕەوشی خزمەتگوزاری نێو ئەو هۆڵەی چاکسازی پیاوان دەکات کە بینیویانە "لەڕووی خزمەتگوزارییەوە گونجاو نەبوو، یەک سپلیت لە قاعەیەکی گەورەدا هەبوو، هەرچەندە 2 پزیشکیان بۆ دابینکراوە، بەڵام گلەیی زۆریان لە پزیشک هەبوو، کێشەی پەیوەندیکردنیان هەبوو بە کەسوکاریانەوە".

### بارزانی ئیمزای ناکات

دادوەر سەروەر زرار، سەرۆکی پێشووی دادگای تاوانەکانی 1ی سلێمانی، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تاوەکو ساڵی پار، ئەو ئاگاداری ئەوە بووە کە نزیکەی 60 کەس لە پارێزگای سلێمانی سزای لە سێدارەدانیان هەیە و تاوەکو ئێستا سزاکە بەسەریاندا جێبەجێ نەکراوە "بۆ ئەو مەبەستە چووینە لای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ئەو وەک سەرۆکی کۆمارە و دەبێ ئیمزا لەسەر جێبەجێکردنی سزاکان بکات، بەڵام کاک مەسعود گوتی دەستم ناچێتە ئیمزای لە سێدارەدان و ئیمزای ناکەم".

سزای لەسێدارەدان هێشتا وەکو یاسا لەلایەن دادگاکانەوە کاری پێدەکرێ، بەڵام سزاکە بە کردەوە جێبەجێ ناکرێ. ئەمەش سزادراوانی لەسێدارەدانی لە چارەنووسێکی نادیاردا ڕاگرتووە.

هەرێمی کوردستان خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە لەنێوان ئەوەی کار بەم سزایە بکات وەک 58 دەوڵەتی دنیا کە ئەم سزایە جێبەجێ دەکەن بە عێراقیشەوە، یان بە یەکجاری ئەم سزایە بە یاسایەک هەڵبوەشێنێتەوە وەکو 98 دەوڵەتی دنیا کە ئەم سزایەیان لە یاساکانیاندا نەهێشتووە.

ئەمڕۆ بەگشتی لەسەرانسەری دنیادا 140 دەوڵەت بە کردەوە، یان بە کردەوە و یاسا ئەم سزایەیان هەڵگرتووە. لەنێو ئەو 58 دەوڵەتەش کە سزاکە جێبەجێ دەکەن، پێنج دەوڵەت خاوەنی تۆمارێکی ڕەشن کە یەکێکیان عێراقە.

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان دەڵێ ژنەکان ئەوەندە بیر لە چارەنووسی خۆیان دەکەنەوە کە تووشی حاڵەتێکی دەروونیی خراپ بوون "بۆیە داوای ئەوە دەکەن هەر نەبێ لە سێدارە بدرێن و کۆتایی بەو دوودڵی و ناهەموارییەیان بهێندرێ".


(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

# پەیڕەوی نوێ تەنیا 5 فراکسیۆن لەپەرلەمان دەهێڵێتەوە



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێچەوانەی گفتوگۆ درێژ و ئاڵۆزەکانی پێکهێنانی حکومەت، پەرلەمانتاران هەر زوو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار بکەنەوە. ئەگەر هەموارکردنەوەکە بەو شێوەیە سەرکەوتووبێ کە پەرلەمانتاران باسیدەکەن، چاوەڕوان دەکرێ خولی چوارەم سەردەمێکی نوێی کاری پەرلەمانتاری بێت لە هەرێمی کوردستان.

لە خولەکانی پێشوودا، بەتایبەتی خولی سێیەم، پەرلەمان نەیتوانی یاسایەک بەبێ قرە دەربکات، کاتێک کە میدیاکان ڕۆدەچوونە نێو وردەکاریی هەندێک لە کێشەکانی نێو هۆڵی پەرلەمانەوە، دەردەکەوت پەیوەندی بە ئیدارەکردنی دانیشتنەکان و تەنانەت کات و شێوازی قسەکردنی پەرلەمانتارانەوە هەبوو.

عومەر عینایەت، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ ئەو پرۆژە نوێیەی بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ هەیانە، زۆر کێشەیان لەکۆڵ دەکاتەوە. عینایەت پێیوایە 80%ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە و ئەو پەیڕەوەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان کەسێک نووسیویەتی کە زۆر شارەزای زمانی کوردی نەبووە و بۆ 20 ساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی و دەستی پەرلەمانتارانی کۆت کردووە "لە پرۆژەی نوێدا دەستکاری 80%ی بڕگە و ماددەکانی دەکەین و پێمان باشە هەر لایەنێک 7%ی پەرلەمان پێکنەهێنێ، بە فراکسیۆن ئەژمار نەکرێ و بە گرووپ ناوی ببرێ".

### 5 فراکسیۆن دەمێننەوە

هێشتا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دیارینەکراوە، پەرلەمانتاران کۆک بوون لەسەر ئەوەی ناکرێ چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبەکانیان بکەن لەکاتێکدا زیاتر لە 4 مانگ تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی پرۆژە یاسایەکیان پەسەند کردبێ. هەر بۆیە کۆبوونەوەی هەفتانەی سەرۆک فراکسیۆنەکانیان پێشنیاز کرد بۆ ئەوەی بتوانن هەندێک بابەتی گرنگ یەکلایی بکەنەوە تاوەکو سەرۆکایەتی دیاریدەکرێ و لە ئامادەکردنی پرۆژەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە دەستیانپێکرد.

سۆران عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ لە کۆبوونەوەی هەفتەی پێشووی ئەو لیژنە 27 کەسییەی دیاریکراوە بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، هەنگاوی باشی ناوە "سەرلەبەری پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەینەوە، بەشێوەیەک کە بتوانێ پەرلەمانێکی پێشکەوتوومان بۆ بێنێتە کایەوە".

سۆران عومەر دەڵێ لە دانیشتنی یەکەمدا لیژنەکە و میکانیزمی کارکردنی دیاریکراوە "لە دووشەممەی داهاتوو دانیشتنی دووەم ئەنجام دەدرێ و بەشێک لە بڕگە و ماددەکانی هەموار دەکەینەوە".

جۆرێک لە هاوڕایی دروستبووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە پێناسەی فراکسیۆن و پێکهاتەکەیدا بکرێت. ئێستا فراکسیۆنی 1 کەسی لە پەرلەمان هەیە، بەڵام عومەر عینایەت، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان کە دەڵێ بۆخۆی پرۆژەکەی گۆڕانی نووسیوە، پێیوایە دەبێ لەمەودوا "ئەوەی 7%ی پەرلەمانی پێکنەهێنا بە فراکسیۆن حیساب نەکرێ"، بەڵام فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەرد، دەڵێ "پێشبینی دەکەم لە 5 کورسی کەمتر نەکرێتە فراکسیۆن".

بەپێی هەردوو بۆچوونەکە لەمەودوا تەنیا 5 فراکسیۆن لەپەرلەمانی کوردستان دەمێننەوە کە پێکدێن لە فراکسیۆنی پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ. فراکسیۆنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، سۆشیالیست، شیوعی و کرێکاران و ڕەنجدەران، تورکمان و ئاشوورییەکان ببنە گرووپ.

د.عیزەت سابیر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز پشتگیری ئەوە دەکات و دەڵێ بۆچوونی ئێمە ئەوەیە "لە 5% مافی ئەوەیان هەبێ فراکسیۆن پێکبهێنن".

### گەورەکان زۆرتر قسە دەکەن

بەپێی ئەو پرۆژەیەی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەی کردووە بۆ هەموارکردنەوە، شێوازی قسەکردنی پەرلەمانتاران بەشێوەیەکی جیاواز ڕێکدەخرێ. بەپێی پرۆژەکە پێویست ناکات پەرلەمانتار لە کاتی قسەکردندا هەستێتەوە و دەبێ لەبەردەم خۆیدا مایک دابگیرسێنێ و کاری سەرۆکی پەرلەمانیش نییە خشتەی قسەکردنی پەرلەمانتاران ڕێکبخات و دەرفەتیان پێبدات.

عومەر عینایەت دەڵێ کاری سکرتێری پەرلەمانە خشتەی قسەکردنی پەرلەمانتاران ڕێکبخات و دەرفەتیان پێبدات "پێشنیازیشمان کردووە کە ماوەی قسەکردنی پەرلەمانتاران بەپێی پۆلێنی گەورەیی فراکسیۆنەکان بێ، واتە فراکسیۆنە گەورەکان دەرفەتی زیاتریان هەبێ بۆ قسەکردن".

بەڵام د.عیزەت ئەوە ڕەتدەکاتەوە "نابێ، بەڵکو دەبێ میکانیزمێکی دیکە و گونجاوتر بدۆزینەوە بۆ قسەکردنی پەرلەمانتاران، چونکە جاری واهەیە پرۆژە یاسایەک بۆ کەمینەکان دەردەکرێ، ئایا هەر فراکسیۆنە گەورەکان زۆرتر قسەبکەن لە کاتێکدا یاساکە بۆ ئەوان نییە؟".

د.عزەت سابیر پێیوایە ئەوە جارێکی دیکە کێشە لە نێوان پەرلەمان دروستدەکاتەوە و بەپێویستی دەزانێ "بیر لە شێوازێکی دیکە بکرێتەوە بۆ ڕێکخستنی کاتی قسەکردنی پەرلەمانتاران". بەڵام پەرلەمانتاری پارتی، د.فرسەت سۆفی دەڵێ هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو خاڵە بۆ هەموارکردنەوە "هەر کاتێک گەیشتینە سەر ئەو خاڵە گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر دەکەین".

### 10 پەرلەمانتار پرۆژە ئامادە دەکەن

ئامادەکردنی پرۆژە یاسا بۆ ئەوەی ببرێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لەو پەیڕەوە نوێیەدا کە هەمواردەکرێتەوە ئاسانکاریی زیاتری تێدا کراوە. چونکە هەر لە ئێستاوە زۆربەی فراکسیۆنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی 10 پەرلەمانتار بتوانن پرۆژە یاسا ئامادە بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی بۆ گفتوگۆ.

د.عیزەت سابیر دەڵێ ئەوان وەک فراکسیۆنی سەوز لەگەڵ ئەوەدان "10 پەرلەمانتار مافی ئەوەیان هەبێ پرۆژە یاسا ئامادە بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی". بەڵام عومەر عینایەت باسی هەڵوێستی خۆیان دەکات وەک فراکسیۆنی گۆڕان "کاتێک پرۆژە یاسای ئەو 10 پەرلەمانتارە لە دانیشتنی یەکەم ڕەتکرایەوە، دەتوانن تێبینییەکان جێبەجێ بکەن و بینێرنەوە پەرلەمان، ئەگەر بۆ جاری دووەمیش پەسەند نەکرا، ئیدی کاری پێناکرێ".

### بیانوو بۆ دواکەوتنی پەرلەمان نامێنێ

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لە خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەمواری بکەنەوە لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا و دەڵێ، نابێ پەیڕەوی ناوخۆ بیانوو بهێڵێتەوە بۆ دواکەوتنی کۆبوونەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

وەک ئەو باسیدەکات، پەیڕەوی ناوخۆی ئێستا لەبارەی کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە لاستیکییە و دەڵێ "10 ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئێمە دەیکەینە ئەوەی کە 10 ڕۆژ دوای دەرکەوتنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، پەرلەمان کۆببێتەوە و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێ لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان دیاری بکرێ و هیچ بیانوویەک نەهێڵدرێتەوە".

حیزبەکان کەم تا زۆر سوودیان لەو پەیڕەوەی ئێستای پەرلەمان وەرگرتووە بۆ هێشتنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە کراوەیی و دیارینەکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دواکەوتنی دانیشتنەکان، بەڵام پەرلەمانتاران دەڵێن دەبێ پەیڕەوێک بێتە ئاراوە کە چیدی ئەو بیانووانە نەهێڵێتەوە.

د.فرسەت سۆفی هەروەها گوتیشی لە خاڵێکی دیکەدا ئەوە هەموار دەکەینەوە کە چیدی وشەی (پشوو) لە پەیڕەوی ناوخۆدا نەمێنێ و پەرلەمان لەو ماوەیەی ناونراوە پشووی پەرلەمان هەر خەریکی کاروباری لیژنەکان و کاری پەرلەمانتاری و نووسینگەکان و سەردانی دامودەزگاکانی حکومەت دەبێ و پشوو نامێنێ.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## بانکی ستاندارد چارتێرد لقی خۆی لە کوردستان دەکاتەوە




**ڕووداو- هەولێر**

بانکی ستاندار چارتێردی بەریتانی بەنیازە لە مانگی داهاتوو یەکەم لقی خۆی لە هەولێر بکاتەوە و سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیاکەش دەڵێت "هاتنمان بۆ هەرێمی کوردستان هۆکاری بووژانەوەی ئابووری کوردستان و هاوکاریکردنی وەبەرهێنەرانە". بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆیتەرز بانکی ستاندارد پێشتر لقی خۆی لە بەغدا کردووەتەوەو بەنیازە لە هەولێر و بەسراش بەم نزیکانە لق بکاتەوە و کۆمپانیاکە دڵنیایە لە هاتن بۆ هەرێمی کوردستان و دەڵێت "چونکە کارکردنی ئەو لە هەرێمی کوردستان پێدەچێت لە بەغدا و بەسرەش باشتر بێت، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان ئارامی و سەقامگیری تێدا بەرقەرارە".

# حکومەتی چین ڕەگەزنامە دەداتە بازرگانێکی کورد

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو — هەولێر**

بازرگانێکی کوردی دانیشتووی شاری هەولێر هۆکارەکانی پشت خراپیی کاڵای چینی لە کوردستان ئاشکرا دەکات و دەڵێت جگە لەوەی هەندێک بازرگان خۆیان کاڵای خراپ هاوردە دەکەن و هەندێکیشیان فێڵیان لێدەکرێت و کاڵای خراپیان بە باش پێدەفرۆشرێ، هەندێک لەو کاڵایانە کە لە پشکنینی کواڵیتی کۆنترۆڵ دەرناچن، دواتر بە پارە دەریاندەچوێنن.

موعتەسەم ئەنوەر، 36 ساڵ، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، سەرەتا بە شت فرۆشتن لەسەر کارتۆن و مێز دەستیپێکردووە، بەڵام ئێستا بازرگانێکی ناسراوی کوردە لە چین و توانیویەتی زەوی بۆ وەبەرهێنان لە حکومەتی چین وەربگرێت.

### کار بۆ 600 بازرگانی کورد دەکات

موعتەسەم وەک خۆی باسی کرد، ساڵی 2003 کە تازە هێزەکانی ئەمریکا هاتبوونە عێراق، سەردانی چینی کردووە "لە 2003 چوومە ئوردن و لەوێ ڤیزای چینم وەرگرت، ئەوکات برادەرێکم لە چین دەژیا داوەتنامەی بۆ ناردبووم، دواتر مافی مانەوەم لە چین وەرگرت".

موعتەسەم ئێستا لە چین خاوەنی کارگەیەکی دروستکردنی گڵۆپی کارەبایی و کۆمپانیایەکی تایبەت بە گواستنەوەی کاڵایە. ئەو دەڵێت "ئێستا کار بۆ 600 بازرگانی کورد دەکەم، ڤیزایان بۆ وەردەگرم و دواتریش ئەو کاڵایەی دەیکڕن لە چین بۆیان دەگوازمەوە بۆ کوردستان".

### حکومەتی چین ولاتینامەی دەداتێ

بەپێی قسەی موعتەسەم، ئەوکاتەی ئەو چووەتە چین، تاک و تەرا کورد و عێراقی لە چین هەبوون، بەڵام ئێستا ژمارەیان زۆر بووە و دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانم ئێستا نزیکەی 100 کورد مافی مانەوەیان لە چین وەرگرتووە".

هەروەها دەڵێت کە بەم دواییە حکومەتی چین داوای لێکردووە سەردانی فەرمانگەی پێدانی ڕەگەزنامەی چینی بکات تاوەکو پەنجەمۆر و ئەستۆپاکی لێوەربگرن بە مەبەستی پێدانی گرین کارت "بەمەش دەبمە یەکەم کەس لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە ڕەگەزنامەی چینی وەردەگرم".

موعتەسەم دەڵێت "ئێستا نزیکەی 2 هەزار عێراقی لە چین نیشتەجێن، دەتوانم بڵێم زیاتر لە 100 کەسیان کوردن. مانگانە حکومەتی چین 2400 ڤیزا دەداتە عێراقییەکان کە 30%ی بە بازرگانانی کورد دەدرێت".



**بازرگانێک:**
**کاڵای چینی بە پارە لە کواڵیتی کۆنترۆڵ دەردەچوێنین**

### زەوی لە حکومەتی چین وەردەگرێت

ئەوکاتەی موعتەسەم چووەتە چین، تەنیا دوو کۆمپانیای کوردی لە چین هەبوون، ئێستا ژمارەیان زۆرتر بووە. موعتەسەم لە چین پەرە بە کارە بازرگانییەکانی دەدات و لە ڕێگەی داوودەزگاکانی تایبەت بە وەبەرهێنان 81 دۆنم زەوی لە ناوەڕاستی شاری هانزۆ وەردەگرێت و کارگەیەکی تایبەت بە دروستکردنی گلۆپ و کۆمپانیایەکی گواستنەوەی لەسەر دادەمەزرێنێ.

لەوبارەوە دەڵێت "زەوییەکەم زۆر بە ئاسانی وەرگرت لە باشترین شوێنی شارەکە، گرێبەستەکەشم بۆ ماوەی 51 ساڵە، دوای ئەوە ئەگەر حکومەتی چین ئیشی بە زەوییەکە بێت لێم وەردەگرێتەوە و لە شوێنێکی دیکە زەویم دەداتێ".

چینییەکان بە دوای بازرگانی کورددا دەگەڕان

بازاڕەکانی کوردستان پڕن لە کاڵای چینی، بەڵام لەلای خەڵک زۆر خوازراو نین، چونکە تەمەنیان زۆر کورتە. ئێستا زیاتر ئەوانە کاڵای چینی بەکاردێنن کە داهاتیان کەمە.

موعتەسەم پێیوایە ئێستا کاڵای خراپی چینی لە بازاڕەکانی کوردستان کەم بووە "پێشتر خەڵک گوزەرانیان خراپ بوو، ناچار بوون کاڵای کەم بەها و خراپ بەکاربێنن، پێشتر بازرگانانی چین بەشوێن کوردەکاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی کاڵای خراپیان پێبفرۆشن، چونکە دەیانزانی بازرگانانی کورد کاڵای هەرزان و خراپیان دەوێت".

موعتەسەم دەڵێت "ئێستا کوردستان لە بەکارهێنانی کاڵای باش پلەیەک چووەتە پێش، دەتوانم بڵێم بازاڕی ئێستای عێراق وەکو 10 ساڵ پێش ئێستای بازاڕەکانی کوردستان وایە، پێشتر چیت بهێنایە دەفرۆشرا، بەڵام ئێستا وانییە".

### خێرەکەی چین بۆ بەغدایە

بەپێی قسەی ئەو بازرگانە کوردە، پێشتر هەرێمی کوردستان قازانجێکی زۆری لە هاوردەکردنی کاڵای چین دەکرد و کاڵای چینی لە ڕێگەی کوردستانەوە بە شارەکانی عێراقدا بڵاودەبووەوە، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە.

قەبارەی هەناردەی چین بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵانە نزیکەی 15 بۆ 25 ملیار دۆلار دەبێت. بەپێی قسەی موعتەسەم، 30%ی ئەو کاڵایانە دێنە کوردستان.

وەک ئەو باسی کرد، زۆربەی ئەو کاڵایانە لە ڕێگەی بەسرەوە دەهێندرێنە نێو عێراق "چونکە حکومەتی عێراق لە حکومەتی کوردستان کارئاسانی زیاتر بۆ بازرگانان دەکات". موعتەسەم نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "گومرگی کۆنتینەرێک بار لە بەسرە 500 دۆلارە، بەڵام لە ئیبراهیم خەلیل 2000 دۆلارە". گوتیشی "لە دوای 2011وە بەغدا کۆنترۆڵی هاوردەی کاڵای چینی کردووە و زۆربەی کاڵاکان لە ڕێگەی بەسرەوە دەهێندرێنە نێو عێراق".

### بە حاسیبە قسە دەکەن

ئەو بازرگانە باسی ڕەوشی بازرگانانی کورد دەکات لە چین و دەڵێت هەندێک لە بازرگانانی کورد کە سەردانی چین دەکەن هیچ شارەزاییەکیان نییە، ئەوەش وا دەکات هەندێکجار لەلایەن بازرگانانی چینی فێڵیان لێبکرێت و کاڵای خراپیان بە نرخی کاڵای باش پێ بفرۆشرێ.

لەوبارەوە دەڵێت "ئێستا نزیکەی 10 کۆمپانیای کوردی لە چین کاڵا هاوردە دەکەن، بەڵام بازرگانی ئێمە کە دێت 6 وشە ئینگلیزی و چینی دەزانێت و دەڵێت خۆم دەچم کاڵاکان دەکڕم، سەریان لە ئیشەکە دەرناچێت، بازرگانی وا هەیە بە ئیشارەت و بە حاسیبە کاڵا دەکڕێت، بەو هۆیەوە فێڵیان لێکراوە و کاڵای خراپیان بە باش پێ فرۆشراوە، ئێستاش ئەو فێڵە بەردەوامە".

### بە پارە دەریدەچوێنن

هاوردەکردنی کاڵای خراپ لە چین و وڵاتانی دیکە بۆ کوردستان، حکومەتی ناچار کرد کە بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی کواڵیتی کۆنترۆڵ دابنێت، ئەویش بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە هاوردەکردنی کاڵای خراپ و ماوە بەسەرچوو.

بەڵام بەپێی قسەی ئەو بازرگانە کوردە، کواڵیتی کۆنترۆڵ نەیتوانیوە ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەرکی پشکنینی کاڵای بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت سپارد.

موعتەسەم دەڵێت "ئێستا کۆمپانیایەک پشکنین بۆ ئەو کاڵایانە دەکات کە لە چینەوە دەهێندرێنە کوردستان، زۆرجار کە کاڵا دەبەین بۆ پشکنین، لە پشکنینەکە دەرناچێت، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بە پارە کاڵاکەت بۆ دەرچوێنن و بڕوانامەت بدەنێ".

هەروەها دەڵێت کە پێشتریش لە شوێنێک ئەمەی بە بەڕێوەبەری کوالیتی کۆنترۆڵ گوتووە و نوێنەری ئەو کۆمپانیایەشی لێبووە، بەڵام "نوێنەری کۆمپانیاکە بانگی کردم و گوتی چییە، دوژمنایەتیمان دەکەی؟".

موعتەسەم گوتیشی "بەڕاستی ئەو کۆمپانیایانە تەنیا پارەی خۆیان وەردەگرن و زۆربەی کاڵاکانیش لە کوالیتی کۆنترۆڵ دەردەچن، چونکە پێوەری پشکنینان زۆر سادە و ساکارن، ئەو کۆمپانیایە مانگانە 4-5 ملیۆن دۆلاری خۆی قازانج دەکات و تەواو".

بازرگانێکی کورد، کە کاری هاوردەکردن لە چین دەکات، قسەکانی موعتەسەم پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "بە تەنیا من تاوەکو ئێستا زیاتر لە 300 هەزار دۆلارم وەکو بەرتیل داوەتە کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە، هەر کاڵایەکم بوێت بڕوانامەی ئەو کۆمپانیایەی بۆ وەردەگرم".




کارگەکەی موعتەسەم ئەنوەر لە چین

# تایلاند جوتیارانی کوردستان فێری چاندنی برنج دەکات

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

پیریا کیمبۆن، باڵیۆزی تایلاند لە عێراق و ئوردن، ماوەی چەند ڕۆژێکە لە هەرێمی کوردستانە و وەک خۆی دەڵێت خوێندنەوە بۆ بارودۆخی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات و دەیانەوێت پەیوەندییەکی بازرگانی پتەو دابمەزرێنن. داواش لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکات کە تەنیا لە ڕێگەی هیندستانەوە ئاسیا نەناسن.

کیمبۆن، ئێستا لەگەڵ شاندێک میوانی بازرگانێکی کوردە کە ساڵانە 12 هەزار تۆن برنجی تایلاندی هاوردەی کوردستان دەکات. کیمبۆن دەڵێت "ئێمە وەکو تیمێک لێرەین بۆ ئەوەی شتەکان لە نزیکەوە ببینین، پێشتریش خوێندنەوەی خۆمان هەبووە و دەمانەوێت لە نزیکەوە بزانین بارودۆخ چۆنە، کە گەڕاینەوە ڕاپۆرتی خۆمان پێشکەش دەکەین و دڵنیام وەبەرهێنەران بەدڵیان دەبێت و دێنە ئێرە بۆ کارکردن".

تایلەند بە بەرهەمهێنانی برنج بەناوبانگە و ساڵانە بە ملیۆنان تۆن برنج هەناردەی وڵاتان دەکات. بەڵام لە قسەکانی کیمبۆندا دەرکەوت کە ئەو تەنیا بۆ ساخکردنەوەی برنجی وڵاتەکەی سەردانی کوردستانی نەکردووە، بەڵکو دەیەوێ وڵاتەکەی وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا بکات.

کیمبۆن دەڵێت ئەم هاتنەیان سەرەتایەکە بۆ ئەوەی بزانن کێ بازرگانی بە نەوتەوە دەکات و کێ دەریدەهێنێت و کێ ڕەوانەی دەکات "زانیاریمان لە بارەی بیرە نەوتەکانەوە وەرگرتووە و دەتوانین بە هاتنی کۆمپانیاکانی خۆمان بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان فراوانتر بکەین".

گوتیشی "کوردستان ئێستا سەرنجی وڵاتانی ڕاکێشاوە وەکو ناوچەیەکی بازرگانی تازە کە دەتوانێت لە داهاتوودا فراوانتر بێت و گرێبەستی گەورەی بازرگانی واژوو بکات".

کیمبۆن لەگەڵ شاندەکەی هەفتەی ڕابردوو پرسیاریان دەربارەی کاری مارکێتینگ لە کوردستان و کەرتی کشتوکاڵ کردووە و وەک خۆی گوتی دەیانەوێت لەو دوو بوارەشدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن "دەتوانین خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی گەشتیاری و کۆمپانیاکان بکەینەوە، دەمانەوێت لە بوارەکانی پەروەردە و پزیشکیش هاوکاری بکەین کە پسپۆڕی باشمان لەو بوارەدا هەیە".

وەک کیمبۆن تێبینی کردووە، کوردستان تەنیا گرنگی بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان داوە. هەروەها دەڵێت "وا هەستدەکەم کوردستان تەنیا لە ڕێی هیندەوە ئاسیا دەناسێت، بەڵام وا پێویست دەکات کە کوردستان تەنیا ڕۆژئاوایی نەبێت، دەتوانێت سوود لە ئێمەش وەربگرێت".

### تەنیا شەڕی ئابووری هەیە

حکومەتی تایلەند لەگەڵ 10 وڵاتی دیکەی ئاسیا یەکێتییەکی ئابووری پێکهێناوە، کیمبۆن پێیوایە ئەو یەکێتییە هەلێکە لەبەردەم هەرێمی کوردستان تاوەکو سوودی لێوەربگرێت لە بواری بازرگانیدا.

کیمبۆن پێیوایە میدیای جیهانی وێنە ڕاستەقینەکەی کوردستان ناگوزانەوە و عێراق و کوردستان دەخەنە نێو یەک تای تەرازوو لە کاتێکدا وا نییە. ئەو دەڵێت "دەبێت جەنگ لەگەڵ ئەو هەواڵانە بکەین کە کەناڵەکانی BBC و CNN بڵاوی دەکەنەوە سەبارەت بە کوردستان و عێراق، بەڕاستی لێرەدا من یەک جەنگ دەبینم، ئەویش جەنگی ئابوورییە بە تایبەت لە کوردستان".

**جوتیارانی کوردستان فێری چاندنی برنج دەکەن**

وڵاتی تایلاند یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین برنجی لێ بەرهەم دێت، بەپێی قسەی پیریا کیمبۆن باڵیۆزی تایلاند لە عێراق، جوتیارانی وڵاتەکەی لە ساڵێکدا 5 جار برنج دەچێنن و بەرهەمی ساڵانەیان 25 ملیۆن تۆنە، کە 10 ملیۆن تۆنی لە نێوخۆی وڵاتدا بەکاردەبرێ و 15 ملیۆن تۆنیشی هەناردەی وڵاتان دەکرێت.

ناوبراو گوتی "ئەگەر حکومەتی عێراق ڕازی بێت، دەتوانین برنجی هەموو عێراق و کوردستان دابین بکەین و پێویست ناکات خۆتان بە چاندنی برنجەوە ماندوو بکەن". هەروەها گوتی "زانیاریمان هەیە کە خەڵکی عێراق حەزیان لە برنجە و برنجیش باش دەخۆن".

بەختیار سەلیم کە ساڵانە برنجێکی زۆر لە تایلاند هاوردە دەکات و خانەخوێی شاندە تایلاندیەکەیە، دەڵێت "لەگەڵ ئەو شاندە باسمان لە هێنانی چەند شارەزایەکی تایلاندی کردووە بۆ ئەوەی ئەو تەکنیکە بگوازینەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە لە تایلاند لە چاندنی برنجدا پەیڕەوی دەکەن".

بەپێی قسەی بەختیار، لە کوردستان نزیکەی 15 جۆر برنج هەیە کە برنجی تایلاند و پاکستان و هیندستان خواستی زۆریان لەسەرە، بەڵام برنجی وڵاتانی وەک ڕووسیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا خواستی کەمتریان لەسەرە، چونکە برنجەکەیان خڕە و لە کوردستانیش خواست لەسەر ئەو جۆرە برنجانە کەمە.

کیمبۆن دەڵێت هیچ نهێنییەک لە چاندنی برنجی تایلاندا نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێت کەشێکی لەبار هەبێت بۆ کارکردن. گوتیشی "دەمانەوێت تەکنیک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پێشکەشی کوردستان بکەین".



رووداو
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## فارووقی مەلا مستەفا بۆ (رووداو):

# پێشنیازم بۆ مام جەلال کرد کە 80%ی سەرکردایەتی حیزبەکەی بگۆڕێ



نەیانهێشت پرۆژەی پاڵاوگەی بازیان جێبەجێ بکەم

بە فرۆشتنی بەشێکی ئاسیاسێڵ هوتێل و نەخۆشخانەیەک و چەند کارگەیەکی گەورە دروست دەکەم

بەشی دووەم و کۆتایی

## پاڵاوگەی بازیان بە 10 ساڵی دیکە لەڕووی بەرهەم و کواڵیتییەوە وەک ئەوەی لێنایەت کە ئێمە دەمانکرد

**رووداو: ئێوە لە دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی پێشکەوتوو سەرکەوتوو نەبوون، ئەوە چۆن بوو؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئەگەر مەبەستت پاڵاوگەی بازیانە، ئەوە دەبێت بەسەراحەت قسە بکەین، ئەو پرۆژەیە هی حکومەت بوو، بە کرێ درا بە دوو کۆمپانیا، یەکێکیان حیزبی و ئەوی دیکە ئەهلی بوو. پاڵاوگەی هەولێر هەیە و لە سلێمانیش ئەوەی بازیان. ئەوەی هەولێر پێشدەکەوێت و بەرهەمیشی پێشدەکەوێ، چونکە کەلوپەلی باشیان بۆ هێناوە. کاتی خۆی من بە برادەرانی سلێمانیم گوت پەیوەندی باشم لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی دنیا هەیە و دەتوانم خەڵک بهێنم و بیکەم بە هاوبەشی خۆم و پاڵاوگەکە گەورەتر بکەم و پێشیبخەم، ئەوەش بۆ یەکێتی نیشتمانی زۆر باش دەبوو، لە ماوەی ئەو ساڵەدا کاری زۆرم لەسەر کرد و ئۆفەری گەورەمان هێنا.

**رووداو: لەکوێ؟**

**فاروق مەلا مستەفا:** لە ئەمریکا و ئەوروپا.

**رووداو: بڕیار بوو لەگەڵ چ کۆمپانیایەک ئیشەکە پێشبخەن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئێمە شیڤرۆنمان هێنا کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان

**رووداو: گوتت ئۆفەرێکی گەورەمان دایە حکومەت، دەکرێت بۆمان باس بکەن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** بەڵێ عەرزێکی زۆر زۆر گەورەمان پێدان کە لەو قۆناغەدا خەرجکردنی ملیارێک و چوار سەد ملیۆن دۆلار بوو لە پرۆژەکەدا بۆ ئەوەی بەرهەم زیاد بکەین، ئیشەکەش بە ئاگاداری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و شەخسی وەزیر و قیادەی سلێمانی بوو، بەڵام دواجار نەیانهێشت ئێمە کارەکە بکەین و لەو نێوەشدا بڕێک پارەمان خەرجکردبوو.

**رووداو: چەندتان خەرجکردبوو؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نزیکەی 5 ملیۆن دۆلار.

**رووداو: ئێستا ئیشی پاڵاوگەی بازیان سەرکەوتووە وەک ئەوەی ئێوە پلانتان بۆ دانابوو؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** بە 10 ساڵی دیکە لەڕووی بەرهەم و کواڵیتییەوە وەک ئەوەی لێنایەت کە ئێمە دەمانکرد، چونکە ئەوە ئیشکردنە لە ئەرقام و بەرهەمهێنان و نرخ کە زۆر زەحمەتە بتوانن وای لێبکەن.

**رووداو: ئێوە لەماوەی چەند ساڵدا ئەو پرۆژەتان تەواو دەکرد؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** لە ساڵێک و شەش مانگدا جێبەجێمان دەکرد.

**رووداو: وەک خۆت لە کوالێتی بەرهەمی ئەو پاڵاوکەیە رازیت؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەخێر، ئەگەر ئێمە ئیشەکەمان بکردایە پێموایە ئەو پاڵاوگەیە بەنزین و سووتەمەنییەکانی دیکەی بەشی ئەم ناوچەیەی بە بەرزترین ستاندارد بەرهەم دەهێنا.

**رووداو: بە راشکاوی وەڵامان بدەنەوە، هۆی چی بوو لە ئێوەیان سەندەوەو دایان بە دوو کۆمپانیای حیزبی و ئەهلی؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** حەزیان نەکرد ئێمەی تێدابین.

**رووداو: کێ حەزی نەکرد؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئەو دوو لایەنەی ئیشەکەیان بەدەستەوەیە.

**رووداو: مەبەستت کێ و کێیە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** کۆمپانیای نۆکانی یەکێتی و کۆمپانیای قەیوان.

**رووداو: زانیمان کۆمپانیای نۆکان هی یەکێتی نیشتمانییە، ئەی قەیوان کۆمپانیایەکی ئەهلییە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** قەیوان ئەهلیە، بەڵام تۆ بڵێ کێ لەگەڵ کێدایە و کێ لەگەڵ کێ نییە، جا ئەوە هەندێکی خوا دەیزانێت و هەندێکی تۆ دەیزانی و هەندێکی دیکەی من دەیزانم.

## 16%ی ئاسیاسێڵمان بە قەتەرییەکان فرۆشت بە سەروو یەک ملیار دۆلار

## لەم دنیایەدا تەنیا لەگەڵ 2 تا 3 کەس قسەم نییە

**رووداو: داوای قەرەبووتان نەکردەوە لەو دوو کۆمپانیایە کاتێک زیاتر لە 5 ملیۆن دۆلاریان پێ خەرج کردن و پرۆژەکەشیان نەدانێ؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەخێر داوامان نەکرد.

**رووداو: بۆچی**

**فارووق مەلا مستەفا:** چونکە دۆستایەتییەک هەبوو لەنێوانماندا بەتایبەت لەگەڵ یەکێتی و نۆکان، نەمدەویست بکەوینە مەحکەمە و مەحکەمەکاری و ببین بە قسەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لە خۆیانەوە بەرد هەڵدەدەن. وادەزانم دۆستایەتییەکە بمێنێتەوە باشترە.

**رووداو: چەند پرۆژەتان لە دەرەوەی کوردستان هەیە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** هیچ.

**رووداو: چۆن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئاسیاسێل مۆڵەتەکەی لەناو عێراقدایە و بنکەی سەرەکی لە سلێمانییە. لە ماوەی رابردوو بەشێکیمان فرۆشت بە کۆمپانیایەکی قەتەری بەناوی کیو تێل کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە. ئەوە وایکرد پارەی نەقدیم زۆر بێت، بەوەش توانیم سێ هوتێل و نەخۆشخانەیەک و چەند کارگەیەکی گەورە دروست بکەم. واتە نەچووم پارەکەم لە بانکێکی کەنەدی یان ئەمریکی دابنێم یان لە هەندێک شوێنی ئەوروپا ئەملاکی گەورەی پێبکڕم.

**رووداو: یەعنی یەک دۆلاری ئەو پارەیەتان نەبردە دەرەوە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەک نەمبردە دەرەوە، بەڵکو پارەی ئەو بەشەی بە قەتەرییەکانم فرۆشت، ئەو پارەیەشم هێنایە سلێمانی و کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیجی و گەورەم پێ دروستکرد.

**رووداو: چەندی ئاسیا سێڵتان فرۆشت و بەچەند؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** 16%ی ئاسیاسێڵمان بە قەتەرییەکان فرۆشت بە سەروو یەک ملیار دۆلار، بەو ملیارە دۆلارەش کارگەی ئەلەمنیۆمی پێ دروستدەکەم کە لە تەواوبووندایە. هەروەها کارگەی ئاسن، چیمەنتۆ، خەستەخانە و ئەو سێ هوتێلەی پێ دروستدەکەم.

**رووداو: زوو زوو سەردانی بەریتانیا دەکەن، لەوێ هیچ خانوویەکت نەکڕیوە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەخێر. لەوێ لە هوتێل دەمێنمەوە.

**رووداو: دەڵێن ئێوە پەیوەندی باشتان لەگەڵ فەرمانبەرەکانتان هەیە و بێ ئەوەی مەوعیدیان هەبێت دەتوانن تۆ ببینن، ئەوە بۆ ئەوەیە بەڕێوەبەرەکانت بترسێنی بە فەرمانبەرەکانت؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەخێر بۆ ئەوە نییە. ناسین و خۆشەویستی فەرمانبەر و تێکەڵبوونیان لە خۆشی و ناخۆشیدا، پەیوەندی بە سروشتی ئینسانەوە هەیە. من هەموو خەڵکم خۆشدەوێت و رقم لە کەس نییە. لەم دنیایەدا تەنیا لەگەڵ 2 تا 3 کەس قسەم نییە، بەڵام رقیشم لێیان نییە.

**رووداو: ئەو کەسانە بازرگان و سەرمایەدارن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** نەخێر ئەوە پەیوەندی بە بازرگانییەوە نییە.

**رووداو: چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵ فەرمانبەرەکانت کە چەند هەزار کەسێکن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** پەیوەندیم زۆر خۆشە لەگەڵیان. تۆ ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ فەرمانبەرەکەت کە هەمیشە لەگەڵیدای چاک نەبێ، چۆن دەبێت. من بە سروشتی خۆم رقم لە ترۆتۆپ و لووتبەرزییە. کابرایەکم دەمناسن کە زیاد لە پێویست متەوازیعم.. خاکی بوون و تەوازوع سیفەتێکی زۆر باشە. خەڵکێکی زۆر، 10 ساڵ تا 25 ساڵ لەگەڵ مندا ئیشیان کردووە و ماونەتەوە لەگەڵم، ئەوە بە تەمسیل ناکرێت، دەبێت تۆ سروشتت وابێت و رێز و خۆشەویستیت هەبێت بۆیان، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت خۆشەویستیەکەت زیاتر بێت لەو پارەیەی دەیاندەیتێ. پاشان دەبێت پارە بەشی ئەوانیشی لێبدەیت و ئاگات لە خۆشی و ناخۆشییان بێت، دوای هەموو ئەوانە دەبیتە بەڕێوەبەرێکی باش و سەرکەوتوو، کە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووش بوویت دەبیتە خاوەنی پرۆژەی سەرکەوتوو، دوای ئەوانیش خۆشەویستی خەڵکی بەدەستدێنی.

**رووداو: دەڵێن بیمەی تەندروستی کارمەندەکانیشتان کردووە بە سیستەم، ئەوە چۆنە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئێمە زەمانی تەندروستیمان هەیە بۆ ئاسیاسێڵ و شەریکەی تەئمینیشمان دروستکردووە، بەوەش رەبتێک دروست دەبێت لە نێوان بیمەی تەندروستی و کارمەندەکان. ئێمە یارمەتی خەڵکێکی زۆر دەدەین کە دەچن بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان لە دەرەوەی وڵات، بەشێکی ئاسیاسێڵ و بەشێکی دیکەی فارووق گرووپ ئەو کارە دەکەن و زۆربەی جاریش شەخسی خۆم ئەو کارە دەکەم و هیچ پەیوەندی بە کۆمپانیاکانەوە نییە. هەر ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئەو نەخۆشخانە پێشکەوتووەم بە ستانداردی جیهانی دروستکرد. ئەو نەخۆشخانەیە یارمەتیدەرێکی زۆری سیستەمی بیمەی تەندوستی دەبێت لای ئێمە.

**رووداو: بابچینە سەر بابەتی سیاسی، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت چ کاریگەرییەکی لەسەرتان هەیە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئەوە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیە. بە نیسبەت ئێمەوە کاریگەی ئەوتۆی نییە، بەڵام خەڵکێکی زۆر دەبینی تووشی دڵەڕاوکێ بوون و ئێمەش لەناو ئەم کۆمەڵگایە دەژین، چاومان لەوەیە پەرلەمان بکەوێتە کار و حکومەت بەشێوەیەکی باشتر لەجاران دابمەزرێت و خەڵکی بە توانای تێدا بێت، دووربێت لە گەندەڵی کە ئێستا هەموویان باسی دەکەن.

## هێرۆخان دوو سێ رۆژ جارێک هەواڵی تەندروستی مام جەلالم دەداتێ

## 15%ی کارگەی چیمەنتۆکە بۆ کۆمپانیای وشەیە و ئەوەی دیکەی بۆ منە

**رووداو: چەند ساڵێکە رۆژ لە دوای رۆژ یەکێتی بەرەو لاوازبوون دەچێت، بەڕای تۆ هۆیەکەی چییە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** یەکێتی بوو بە دوو کەرتەوە، کەرتێکی گۆڕانە و کەرتێکی یەکێتییە، راستیەکە ئەوەیە.

**رووداو: کەرتی یەکێتی لە هەڵبژاردن دەنگی زۆر کەمی بەدەستهێنا، بەڵام کەرتەکەی گۆڕان دەنگی زۆری هێنا، تۆ بەو سیفەتەی دۆستی بەڕێز تاڵەبانیت، ئەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** لەگەڵ مام جەلال زیاتر لە هەموو یەکێتی دۆستایەتیم هەیە و بە شانازییەوە دەیڵێم لە ساڵی 1968وە لە حیزبێکیشدا لەگەڵ مام جەلال نەبووم، بەڵام پەیوەندییەکی سیاسیمان هەر هەبووە، ئەوەش جۆرێکە لەو پەیوەندییە سیاسییە جوانەی کە ئەگەر هەموو کەسێک وابێت و گوێ نەدات بە جیاوازی مەبدەئی سیاسی، وڵات بەرەو پێشەوە دەڕوات. لەناو یەکێتی زۆر کەس دەبینم و پێشنیازیشم بۆ کردوون.

**رووداو: پێشنیازی چیت بۆ کردوون؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** پێشنیازی ئەوەی ریزەکانی خۆیان بەهێز بکەن و هێزەکەش بەلای منەوە ئەوەیە گۆڕانکاری بکەن لە سەرکردایەتییەکەیاندا. جاری پێشتر لەپێش هەڵبژاردن ئەو بیروڕایەم بە نووسین دا بە جەنابی مام جەلال کە 80%ی سەرکردایەتیەکەت بگۆڕە. نووسیبووم ئەو سەرکردانەی تێکۆشەرن و ئەزموونێکی زۆریان هەیە، لێژنەیەکی راوێژکاری گەورەیان لێ دروست بکرێت و بە رێزەوە و بە ژیانێکی باشەوە لە موناسەباتیشدا کۆبوونەوەیان لەگەڵ بکەن. نووسیم ئەگەر ئەوە نەکەن، هەمان مەکتەبی سیاسی و هەمان بەرپرس و هەمان پارێزگار و هەمان وەزیرتان هەبێت ناتوانن هیچ پێشبکەون.

## لە قۆناغی ناوەندییەوە هاوڕێی کاک نەوشیروانم

**رووداو: وەڵامی مام جەلال چی بوو؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** مام جەلال لەگەڵ گۆڕانکاری بوو، دیارە بارودۆخێکی تایبەت و ئەو نەخۆشییە رێی لێگرت. مام جەلال پیاوێکی دیموکراتیە و زۆر گوێ لە کەسی بەرامبەر دەگرێت.

**رووداو: لەنێوان د بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد نێوانگیرییەکت کردووە، کێشەکانیان لەسەر چییە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** من بە وردی نازانم، بەڵام دیارە ئەوان لە گفتوگۆدا بوون لەم رۆژانەدا (ئەم چاوپێکەوتنە 20 رۆژ پێش بڵاوبوونەوەی ئەنجامدراوە-رووداو)، ئومێدەوارم خوشک و برای چاک بن بۆ یەکێتی.

**رووداو: هێرۆخان تەلەفۆنی بۆ کردبوون، باسی چیتان کرد؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** هێرۆخان دوو سێ رۆژ جارێک هەواڵی تەندروستی مام جەلالم دەداتێ.

**رووداو: سەردانی مام جەلالت نەکردووە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** یەکەمجار کە نەخۆشکەوت ئەو شەوە لەگەڵ کاک مولازم عومەر چووین بۆ بەغدا لە وەزعە ناخۆشەکەدا بوو، ئیتر لەوە بەدوا نەچووین بۆ لای، دیارە وایان بە مەسڵەحەت زانیوە ئەگەرنا زۆر حەزدەکەم سەردانی بکەم.

**رووداو: لە دوایین پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان ئێوە و هێرۆخان چۆن باسی تەندروستی مام جەلالتان کرد؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** دیارە مام جەلال جەڵتەیەکی دەماغ لێیداوە، ئێستا کە دەڵێن تەندروستی بەرەو باشتر دەڕوات، ئەوە رێژەییە. وەک بزانم مام جەلال شعوری تەواوی هەیە، زاکیرەی زۆر باشە، لایەکی باش دەجوڵێ و لایەکی کەمتر. شت دەخوێنێتەوە و گوێ لە شت دەگرێت و تەعلیق لەسەر شت دەدات، وەک بیستوومە لە سەرەتای مەشقکردندایە بۆ قسەکردن. پزیشکەکان ئومێدیان وایە لەپڕ موفاجەیەک روودبات و تەواو باش بێت، ئەوەی ئەو وڵاتەی خۆشبووێت دەبێت حەز بەوە بکات.

**رووداو: رات لەسەر کابینەی داهاتوو چییە، باشتر دەبێت لەوانەی پێشتر؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** بۆ پێکهێنانی حکومەت لەو حیزبانە ئەوە بە دیناکەم بەرەو ئەوە بڕۆن کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنێن.

**رووداو: دەکرێت ئەوە روونتر بکەیتەوە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** لەو چەند ساڵە ژمارەیەک وەزیر و کاربەدەستمان بینیون و مامەڵەمان هەبووە و دەیانبینین، ژمارەیەکی زۆری ئەوانە مستەوای وەزیریان نییە. وەزیر دەبێت سەرکردە بێت، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری دارایی، ئەوانە دەبێت سەرکردە بن لە بڕیاردان و کاروباری خەڵک بە خێرایی بەڕێبکەن، تەسەور دەکەیت ئیشم هەبووە لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە دوو ساڵ تەواو بووە، ئیشی زەوییەک بوو.

**رووداو: ئاخر بڕیارە ئەم کابینەیە جیاوازتر بێت لەوانەی دیکە، ئیتر بۆچی هەر لەئێستاوە بڕوات وایە خەڵکی ناشیاو دادەنێن؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** ئینجا تا ئێستا هەر وا نەبووە؟ دەزانی کێشە سەرەکییەکە چییە، هەموو کەس دەزانێت پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان مەساحەی ململانێی تەکەتولاتی ناو حیزبەکانە بۆ رازیکردنی خەڵکی. بە رازیکردنی خەڵک هیچ حیزبێک پێشناکەوێت. ئەم کابینەیەی حکومەتیش لەسەر بنەمای بەش و بەشکاری و تەکەتولاتی ناو حیزبەکان پێکدێت.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ نەوشیروان مستەفا چۆنە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** من لە قۆناغی ناوەندییەوە هاوڕێی کاک نەوشیروانم و برادەرایەتییەکی درێژمان هەیە و تا ئێستا لەیەکتریش دانەبڕاوین، بەڵام لە سیاسەتدا و لەقۆناغی ئامادەیی رێگامان جیاواز بوو، من شیوعی بووم و کاک نەوشیروان پارتی بوو.

**رووداو: لەگەڵ کۆمپانیای وشەی بەڕێز نەوشیروان مستەفا کارگەی چیمەنتۆ دادەنێن، ئەوە چۆنە؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** کۆمپانیای وشە مۆڵەتی کارگەکەی هەبوو، بڕیار بوو خەڵکی دیکە بۆیان دروست بکات، بەڵام دیاربوو بۆیان نەکرابوو. ئیتر داوایان لە من کرد بە شەریکی ئەو کارگەیە دابمەزرێنین، رێککەوتین لەسەر ئەوەی 15%ی بۆ کۆمپانیای وشە بێت و ئەوەی دیکەی بۆ من.

**رووداو: کەی کارگەکە دەکەوێتە کار؟**

**فارووق مەلا مستەفا:** لەماوەی 22-20 مانگی دیکە دەکەوێتە کار و بەرهەمهێنان.

**رووداو: تەنیا لەبەر ئەوەی مۆڵەتەکە هی کۆمپانیاکەی نەوشیروان مستەفا بوو، بۆیە هاوبەشییەکەت قبووڵ کرد؟**


**فارووق مەلا مستەفا:** ئەوە چالاکییەکی ئابوورییە، بەڵام زۆریشم پێخۆشە کە لەگەڵ کاک نەوشیروانە.

## گەورەترین فیستیڤاڵی هونەری لە هەولێر

**بەختیار مستەفا - هەولێر**

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری هەولێر بۆ پایتەختی گەشتیاری عەرەبی ساڵی 2014، لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیدا گوتـی " ڕۆژانی 17-2014/2/19 چالاکییەکی هونەری گەورە ئەنجام دەدرێت کە بریتییە لە نمایشی تیپی ئۆرکێسترای کوردستان و سیمفۆنیای عێراقی و تیپی بالێی کییڤی ئۆکرانیا" . هەروەها گوتی "لە فیستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز بۆ ئەم ساڵ گەورەترین فیستیڤاڵی هونەری بە بەشداری چەندین ئەستێرەی هونەری کوردی و عەرەبی و فارسی و تورک ساز دەکەین ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەڵبژاردنی هەولێر وەک پایتەختی گەشتیاری.





### بێری شەڵماشی:

# بەشی سینەمای زانکۆی سەڵاحەدین دابخەن یاخود چاکی بکەن

بێری شەڵماشی سینەماکار و مامۆستای زانکۆ، نزیکەی 10 ساڵە لەنێو سینەمای کوردی و هۆڵەندیدا کار دەکات. لە چایخانەی مەچکۆ لە هەولێر، بە دەم چاخواردنەوە باسی لە کارەکانی و ڕەوشی سینەمای کوردی کرد.

شەڵماشـی ناوی تەواوی بێری مستەفا ئەحمەدە. لە باوکێکی خەڵکی سەردەشت و دایکێکی خەڵکی مەهاباد لەدایک بووە. دایک و باوکی شەڵماشـی پێشـمەرگەی حیزبی دیموکرات بوون و هەر لە پێشـمەرگایەتیدا یەکدییان ناسیوە. کاتێکیش زەماوەندیان کردووە، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەری تیرۆرکراوی ئەو حیزبە بە خاولییەک سەرچۆپی شاییەکەی بۆ گرتوون. خۆی لە فەرەنسـا لەدایکبووە و لە هۆڵەندا گەورە بووە. هەر لەوێش سینەمای خوێندووە و ماوەیەکیش لە هۆلیوود سینەمای خوێندووە. شەڵماشی ماستەری لە سینەما هەیە و ئێستا مامۆستای بەشی سینەمایە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی هەولێر.

هیوا سەڵاح خەیری
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: بەشـێک لە ڕەخنەگـران دەڵێن دەرهێنـەرە کـوردەکان فیلمەکانیان زیاتر بۆ فێستیڤاڵەکان دروسـت دەکەن، لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک لە فیلمەکان کورد وەک میللەتێکـی دواکەوتـوو، توندوتیـژ وێنـا دەکەن، ڕای تۆ چییە؟**

**بێـری شەڵماشـی:** ڕاسـتە ئـەو کارانە کراون، بـەڵام بەداخەوە دەبـوو یەکەمجار کێشەکانی نێو کۆمەڵگا نیشان بدەین، هەم بە خۆمـان هەمیش بـەدەرەوە، نەهامەتی و ناخۆشـییەکی زۆرمـان بینیـوە بۆیـە فیلمەکانمـان بۆ هاوارکـردن بەکارهێناوە، ئێسـتاش باکـوور و ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ئەم کێشانەدا ماونەتەوە، بەڵام ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ژیانی ئاسایی خەڵکیش نیشـانی جیهان بدەین، هەمیشە کـورد خـۆی پـێ کەمتر بووە لـە خەڵکی دیکە . ئێسـتا لە هەولێر کەم شـوێن هەیە گۆرانـی و هونـەری کـوردی نمایش بکات هەمـووی عەرەبـی و فارسـی و تورکییە، هەڵبەتە ڕۆڵی سـینەماش وەک ئاوێنەیەکە کـە دەبێـت خۆمانی تێـدا ببینینـەوە، بۆ نموونە ئەگەر سـەیری فیلمەکەی بەهمەنی قوبـادی بکەیـن (کیسـەڵەکانیش دەفڕن) فیلمێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەکتـەرەکان هەموویان چڵکنن و گوندی و نەخوێندەوارن، لەمەشدا خۆمان زۆر بەکەم دەبینین، ئێستا من فیلمێکم دروستکردووە لەسـەر خۆسـووتاندنی ئافرەتان، تەنیا لە کوردستان نیشانم داوە، بۆ خەڵکی دیکەی نمایش ناکەم، چونکە پێویست ناکات بیانی بەمە بزانێت .

**ڕووداو: بەردەوام گلەیی ئەوە لە بەشـی سـینەمای زانکـۆی سـەڵاحەدین دەکرێت**

## ئەگەر قوتابییەک نمرەیەکی باشی نەهێنا پێیدەڵێن بڕۆ کۆلیژی هونەر

**کە بەشـێکی قوتابیـان و مامۆسـتایانیان ئاسـتیان لاوازە و گرنگی بەو بەشە نادرێت ، تۆ وەکو مامۆسـتایکی زانکۆ لەوبارەیەوە چی دەڵێی؟**

**بێـری شەڵماشـی:** ڕاسـتە حەقـی ئەو گلەییانەیـان هەیـە، کێشـەکە لـەوەوە دەسـتپێدەکات کـە سـەرۆکی زانکـۆی سـەڵاحەدین هونـەر و سـینەما بە جددی ناگرێـت، هەسـت دەکـەم لای ئەو بەشـی سـینەما هەر گرنگ نییـە، بەداخەوە لێرە وەک سـەردەمی سەددام وایە کە ئەگەر تۆ لە قوتابخانە نمرەیەکی باشـت نەهێنا ئەوە دەڵێن بڕۆ کۆلیـژی هونەر، کەواتە تاوەکو ئێسـتاش هونـەر بە کەم سـەیر دەکرێت، هـەر بۆیە بەشـێک لـە قوتابیـەکان فێری خـۆ ماندووکـردن نین، تەنیـا لایان گرنگە بڕوانامەکـە بەدەسـتبێنن، بـەڕای منیـش ئەمـە خەتای خۆیان نییـە، بەڵکو خەتای سیستەمەکەیە .

شـەرم دەکەم ئـەوە بڵێم بەڵام ئێسـتا ئێمـە وەک زەمانـی کـۆن دەبێـت چاکێت و شـتی بـاش لەبـەر بکەین ئینجـا بچینە نـاو پۆلەکان وانـە بڵێینـەوە، چونکە زۆر سـەرمایە و کەلوپەلی باشیان نییە، بینای باشـمان نییە، ئینجا چـۆن دەتوانی هونەر پێشبخەی. من داواکارم یان بەشی سینەما دابخەن یاخود چاکی بکەن.

مـن زۆر بە پەلە گەڕامەوە کوردسـتان بۆئـەوەی ببمە مامۆسـتا، بـەڵام بینیم نە جێگایەکە شایانی ئەوەیە نە هیچ ڕێزێکیان بۆ من هەبوو، دوای پێنج مانگ دەوامکردن ئینجـا گرێبەسـتیان بـۆ کـردووم ، پاش هەشـت مانگ ئینجـا مووچەیان پێدام، من ئەگەر هێندە عاشـقی کوردستان نەبوومایە دەمێک بوو گەڕابوومەوە هۆڵەندا .

**ڕووداو: فیلمـی دایـک دەنگدانەوەیەکی باشـی لـە کوردسـتان و دەرەوەی کوردستانیش هەبوو، چی وایکرد ئەم فیلمە بەو ئاستەی بگات؟**

**بێری شەڵماشـی:** فیلمی دایک فیلمێکی تەلەفزیۆنـی بـوو کـە 50 خولەکـە و لـە هۆڵەنـدا دروسـتمکردبوو، هەروەهـا لـە هۆڵەندا بـۆ چەندین خەڵاتی گەورە کاندید کرابـوو، هەر بـەو فیلمەش لـە ئەورووپا و هۆڵەندا ناسـرام و جێگای خـۆم کردەوە، هـەر لەوێشـەوە توانیـم باز بدەم و شـتی گەورەتر بکەم، منیش بۆ خۆم ئەم فیلمەم لە هەموویان پێ جوانتر و گەورەتر بوو.

**ڕووداو: بەنیازی دورسـتکردنی فیلمێکی درێژی لەسـەر کوردستان، ئەم فیلمە باس لـە چـی دەکات و چیرۆکـی فیلمەکە چی دەگێڕێتەوە؟**

**بێـری شەڵماشـی:** ئـەو فیلمە لەسـەر شـاری هەولێرە و هەمـوو گرتەکانیش هەر لەنێو هەولێر دەبێت، فیلمەکە باس لە چوار داستان دەکات کە لە نێو فیلمەکەدا تێکەڵ دەبـن، یەکێـک لـە چیرۆکەکان بـاس لە پیاوێکی پیر دەکات کە لەناو قەڵاتی هەولێر گـەورە بووە و ژیاوە، بەڵام چەند سـاڵێکە بەهۆی نۆژەنکردنەوە لە قەڵات ڕاگوازراوە، بەناچاری دەچێتە گەڕەکێکی هەولێر، بەڵام ئـەو هۆگری ماڵـە کۆنەکەیەتـی و هەموو ڕۆژێ دێتـەوە نـاو قـەڵات و دەچێتـەوە ماڵەکـەی. هەروەهـا چیرۆکێکـی دیکەش هی کچێکی کوردە لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە، لەلایەکـی دیکەشـەوە باس لـە فلیپینیەک دەکات کە بۆ کار هاتووەتە هەولێر، پاشان باس لـە خێزانێکـی ڕۆژئاوای کوردسـتان دەکات کە پەنایـان بۆ هەولێر هێناوە، من لـە ڕێگای ئەم فیلمەوە دەمەوێت کەلتوورە جیاوازەکانی نێو شـاری هەولێر وێنا بکەم، بۆ نموونە ئێستا تۆ ئەگەر بچیتە هوتێلێکی پێنج ئەستێرە لە هەولێر وادەزانیت لە لۆس ئەنجلسـی، پاشان بێیتە ناو بازاڕی هەولێر و بچیتە چایخانەی مەچکۆ دونیایەکی دیکە دەبینـی، منیش دەمەوێت ئـەو جیاوازیانە لە تەنیشـت یەکـدی دابنێم تاکو هەسـت بـە جیاوازییـەکان بکەین، بـەڵام لەوانەیە هەموویان خـەم و خەفەتەکانیان لە یەکتر نزیـک بێت، بۆیـە هەموویـان هەوڵدەدەن هەولێـر بکەنە ماڵی خۆیان. سـیناریۆیەکە تەواو بووە، بەڵام ریسێرچی ماوە.

**ڕووداو: خەریکـی فیلمێکـی دیکەشـی لەسـەر ئێـران کـە بەهـاوکاری بەهمەنـی قوبـادی دروسـتی دەکەن، بۆچـی ئێرانت هەڵبـژارد تاوەکو فیلمی لەسـەر دروسـت بکەیت؟**

**بێری شەڵماشی:** ئێستا لەگەڵ دەرهێنەر بەهمەنـی قوبادی ئامـادەکاری دەکەین بۆ فیلمێکـی نـوێ بەنێوی خانووی تەنیشـت مزگەوتەکـە کـە ڕەنگە بۆ سـاڵێکی دیکە یـان زیاتر دەسـت بە وێنەگرتنـی بکەین، فیلمەکـە بـاس لە کاتـی دەسـتپێکردنی کودەتـای ئێـران دەکات کـە لـە کتێبێک وەرمگرتـووە و نووسـەرێکی فـارس بـە هۆڵەنـدی نووسـیویەتی، هەڵبەتە بەهمەن هەمیشە وەک مامۆستایەک بووە بۆ من.

## سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بەشی سینەمای لا گرنگ نییە

## فیلمەکەم پێشانی بیانی نادەم

# فیلمێکی مافیایی لە کوردستان بەرهەم دێت

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنـەری گەنـج یوسـف لەشـکری خەریکی وێنەگرتنی فیلمێکە بەناوی غیرەت کـە باس لـە گرووپـی مافیایـی دەکات لە کورستان.

یوسـف لەشـکری چیرۆکی فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشـکرا کـرد و گوتی "ئەو فیلمە بـاس لـە ژیانـی دوو گەنـج دەکات کە بێ کەسـن و دەسـت لەگەڵ گرووپـی مافیایی تێکـەڵ دەکـەن. لـەو فیلمـەدا مافیـاکان هەڕەشـە لە خـاوەن کۆمپانیایەک دەکەن و داوای پارەیەکی زۆری لێدەکەن.

زۆربـەی کاسـتی فیلمەکـە کەسـانی بیانیـن، دەرهێنەریـش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "کەسی زیرەک لێرە زۆرە، بەڵام لەڕووی تەکنیکەوە پەرەمان پێنەداوە، بەتایبەتی وەک فۆکس، لایت، دەنگهەڵگر و زۆر شـتی دیکە، خۆ فیلم دروستکردن هەر ئـەوە نییـە کامێرایەک دابنێـی و بڵێی من کاری کامێرا دەزانم، ئێستا ساڵی 2014یەو ئەوە بووینە پایتەختی گەشتیاریش، کەواتە دەبێت فیلمی باش دروستبکەین" .

بە بڕوای لەشـکری، کێشـەیەکی دیکەی کارکـردن لە کوردسـتان ئەوەیە کە کەسـە بـە ئەزموونـەکان ناهێڵـن گەنجێکـی تازە پێگەشتوو بێتە نێو بوارەکە .

یوسف لەشکری لەسەر ئەرکی خۆی ئەم فیلمە بەرهەمدەهێنێت و پشتی بە هاوکاری هیچ لایەنێک نەبەستووە . لەوبارەیەوە گوتی "ئەگـەر داوای بودجـە بکەی لـە وەزارەتی ڕۆشـنبیری، ئەو کەسـەی داوای لێدەکەیت دەبێت کەسێکی هونەری بێت و لە کارەکە و سیناریۆکە تێبگات و بزانێت چەندە خەرجی تێدەچێت، چونکـە ئەگەر تێچووی فیلمەکە 10 هەزار دۆلار بێت، دڵنیام دەیهێننە سـەر 2000 دۆلار، لەبەر ئەوەی یەکەم کارم بوو، پێشمخۆشبوو تا خۆم توانام هەیە کارەکانم بکـەم، کـە توانـام نەما ئەو کاتـە پەنا بۆ کەسانی دیکە دەبەم" .

بەشـێکی زۆری ئەکتەرەکانـی ئەم فیلمە یەکـەم جارە ڕۆڵ لە نێـو فیلمێک دەبینن، بەڵام یوسـف بە مەبەسـت ئەم ئەکتەرانەی هەڵبژاردووە .

"من کەسـێک هەڵدەبژێرم شێوەی لەگەڵ ئـەو ڕۆڵە بگونجێت کە من دەیدەمێ، مەرج نییە پێشتر کاری نواندنی کردبێت، لەوانەیە کەسـێک هەبێـت کـە چەندین سـاڵە کاری نوانـدن دەکات، بـەڵام بـۆ ئـەو ڕۆڵەی من نەگونجـاوە، کارەکەی منیش پێویسـتی بە کەسی تازە و دەموچاوی نوێ بوو" .

یوسف لەشکری سەرەتا بە دروستکردنی ڤیدیـۆ کلیـپ و ڕێـکلام دەسـتپێکردووە، فیملـی غیرەتیش کە ماوەکەی 20 خولەکە، یەکەمین ئەزموونی ئەو دەرهێنەرە گەنجەیە لەبواری فیلمدا.

محەممەد شـێروانی، ئەکتەری سـەرەکی ئـەم فیلمە لەبارەی ڕۆڵەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "کارەکتەری سوعاد بۆ من دەستنیشان کـراوە، کارەکتـەری سـوعاد دەبێـت زۆر ناشـیرین بێت یـان لە مافیا بچێـت، بەڵام بەرجەسـتەکردنی کارەکـە گرنگتـرە لـە شـێوەی کەسـەکە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر کارەکتـەری غەفـار کە دژی من دەوەسـتێ زانیار بەرجەستەی دەکات، کە بۆ یەکەمجارە کاری نواندن دەکات و زۆر سەرکەوتوو بوو" .

لـە نێـو فیلمـی غیـرەت کارەکتەرێکـی ئافـرەت هەیـە کـە بەرەنـگاری مافیـاکان دەبێتـەوە، دڵنیـا کامووسـی ئـەم ڕۆڵـە بەرجەستە دەکات، کامووسـی لەوبارەیەوە گوتی "من ڕۆڵی کچێک دەبینم کە سـەرەتا بە خۆشەویسـتیەکی پاک دەسـتپێدەکات، بـەڵام بۆ یەک نابـن و کچەکە دەبێتە مافیا و لەگـەڵ خۆشەویستەکەشـی دەچێتـە نێـو گرووپی مافیا، پاشـان ئەو کچە شـوو دەکات و مێردەکـەی ڕزگار دەکات و خۆشەویستەکەی دەکوژێت" .

سـەبارەت بـە دەرهێنـەری فیلمەکـەش دڵنیا گوتی "وا هەسـت دەکەم کاک یوسفی دەرهێنەر کارێکی نوێی پێیە و ئیشی جوان دەکات، ئەوەنـدەی من کارم لەگەڵ کردووە زۆر بە دڵ و بەگیان ئیش دەکات و دڵنیاشم بە جێگایەکی باش دەگات" .

دەربـارەی ئـەوەی تا چەند ئـەم جۆرە فیلمانـە بۆ ناو هونەری کوردی پێویسـتن، دڵنیا کامووسی دەڵێت "تا ئێستا زۆرمان بە دەرەوە پێشانداوە کە کورد ئەنفالی هەبووە و زۆری لـێ کوژراوە، نـەک بە فیلم بە هیچ شـتێک ناتوانین ئـەوە دروسـت بکەین کە ڕوویـداوە، بۆیە بەڕای من هـەوڵ بدەین بە شێوازێکی دیکە بچینە نێو جیهانی سینەما، بـە تایبەتـی ئێسـتا فیلمـە کوردییـەکان خەریکە دەچنە فێستیڤاڵە جیهانییەکانەوە، ئیدی بەسـە برینەکانی ئەنفـال و هەڵەبجە بکولێنینەوە، ئەم جۆرە فیلمانەی وەک کاک یوسف زۆر پێویستن" .



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## پارتی چەپی نۆڕویژ کەبوودوەند کاندید دەکات



**ڕووداو- nnsroj**

توونێ فۆس ئاسپڤۆل، وتەبێژی پارتی چەپی سۆسیالیستیی نۆڕویژ، کاندیدکردنی محەمەد سدیق کەبوودوەندی بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێڵی ساڵی 2014 پشتڕاست کردەوە و دەستنیشانیشی کرد کە نوێنەرانی حیزبەکە، پێشتریش ناوبراویان بە کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتەکە پێشنیاز کردووە. هەروەها دەڵێت یۆنی ئینگەبێریستێن، نوێنەری پارتی چەپی سۆسیالیستی لە پارلەمان کەبووندوەندی بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی ئەمساڵ کاندید کردووە. لە نامەکەی ئینگەبێریستێندا بۆ کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێڵ. هاتووە "ڕۆژنامەنووس محەمەد سدیق کەبوودوەن، بەهۆی کاری ڕۆژنامەگەری و تێکۆشان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە زیاتر لە دە ساڵ زیندانی حوکم دراوە".

# پزیشکێکی کورد دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا

**ئیکرام حوسێن**
**ڕووداو- برادفۆرد**

لە نەخۆشخانەی برادفۆرد لە بەریتانیا، پزیشکێکی کورد بەو بڕوانامە و پلەیەی هەیەتی، سەرەتا وادەزانی تەمەنێکی زۆری هەیە، بەڵام کە لە نزیکەوە دەیبینی، سەرسام دەبی بەوەی هێشتا تەواو گەنجە. بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی ئەو نەخۆشخانەیەش کە ئەو کاری تێدا دەکات، سەرسامە بەوەی کە چۆن بە پەناهەندەیی ڕووی لە بەریتانیا کردووە و لە تەمەنی 36 ساڵیدا بووەتە پزیشکی ڕاوێژکار. ئەو پزیشکە لەوەش زیاتر، بووە مانشێتی ڕۆژنامە زانستییەکان.

هەورامان حەمە کەریم هەورامی، لەدایکبووی شاری هەولێرە و ئێستا لە بەریتانیا کاری پزیشکی دەکات، ئەو لە دوای تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی سەلاحەدین، بۆ خوێندن ڕووی لە بەریتانیا کردووە.

هەورامان لە نەخۆشخانەکەیدا باسی ژیانی پەنابەری و خوێندنی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد "هاتن بۆ ئێرە و دەستپێکردن بە خوێندن و کاری پزیشکی بۆ من ئاسان نەبوو، نەک تەنیا لەڕووی زانستەوە، بەڵکو لەڕووی کەلتوور و ئەو جیاوازییانەی لە نێوان نەخۆشخانەکانی کوردستان و بەریتانیا هەیە لەڕووی هەڵسوکەوتکردن و قسەکردن لەگەڵ نەخۆش و خێزانی نەخۆش".

### دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان

سەرەڕای ئەوانەش هەورامان لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێتە پزیشکی ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار، هەروەها پسپۆڕ لە بواری جەڵتەی مێشک.

ئێستا لە نەخۆشخانەی زانکۆیی شاری برادفۆرد کاردەکات، ساڵی ڕابردوو بەهۆی شکاندنی ڕیکۆردی فریاکەوتنەوە لە سەنتەری فریاکەوتنی جەڵتەی مێشک کە لەو وڵاتە بە hyperacute stroke unit ناسراوە، بووە مانشێتی ڕۆژنامە زانستی و پزیشکییەکان، چونکە لەو کاتەدا هەورامان ئێشکگربوو.

ئەنجێلا ڕاتکلیف، پەرستاری یەکەی جەڵتەی مێشک، ڕووداوەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "پەیوەندییەکمان بۆ هات لە ئەمبولانسێکەوە، گوتیان پیاوێکی نەخۆش لە ڕێگەیە، پشکنینی خێرای لە لایەن ژنەکەی و فریاگوزارانەوە بۆ کرابوو، نیشانەی جەڵتەی هەبوو، دکتۆر هەورامانمان ئاگادارکردەوە، ئەویش لە بەشی پێشوازی فریاگوزاری جەڵتەی مێشک ئامادەبوو، کاتێک نەخۆشەکە گەیشت هەموو شتێک ئامادەبوو، دڵنیابووینەوە لەوەی نەخۆشەکە تووشی جەڵتەی مێشک بووە، بە خێرایی وێنەی CT سکانی سەریمان گرت، بەو شێوەیە لە دوای 22 خولەک لە گەیشتنی بۆ نەخۆشخانە چارەسەری کڵۆبوونی خوێنمان لە مێشکیدا پێدا".

ئەنجێلا دەڵێت، بۆیە کارەکەیان سەرنجڕاکێش بووە لە لایەن میدیاکانەوە، چونکە ژمارەی پێوانەییان شکاند، بەشەکەیان خێراتر بووە لەو تێکڕایەی کە لە بەریتانیا دیاریکراوە بۆ فریاکەوتنی تووشبووانی جەڵتەی مێشک، دوای ئەوەی نەخۆشەکە بە باشی چارەسەر بوو، ناوی نەخۆشخانەکە چووە ناو ڕۆژنامە زانستی و پزیشکییەکانەوە.

هەورامان پاڵەوانی ڕووداوەکە ڕایەکی جیاوازی هەیە لەوەی ئەنجێلا، ئەو دەڵێ بۆیە میدیاکان ئەو بابەتەیان کرد بە مانشێت و گرنگییان پێدا، لەبەر ئەوە بوو خەڵکی فێربکەن و تێیانبگەیەنن کە لە کاتی تووشبوون بە جەڵتەی مێشک چەندە زوو پەیوەندی بە ئەمبولانسەوە بکەن باشترە "لێرەدا میدیا بە ڕۆڵی ئەرێنی خۆی هەڵدەستێ و ئەرکی مرۆڤانەی خۆی جێبەجێ دەکات".

هەورامان ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی ژنی نەخۆشەکە لە ماوەی 8 خولەکدا پەیوەندی بە ئەمبولانسەوە کردبوو، لە بەریتانیا ماوەیەک دیاریکراوە بۆ ئەوەی ئەمبولانسەکان بگەنە ئەوانەی پێویستیان پێیە، کە نەخۆشەکە گەیشتە لای ئێمە تەماشای کۆمپیوتەرمان کرد و بەماوەیەکی زۆر کورت زانیاری تەواومان لەسەری بەدەستهێنا، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا هەموو ئەو نەخۆشی یان دەرمان و چارەسەرییانەی پێشتر بەکاریهێنابوون.

هەورامان گوتی "ئێمە هەرگیز هیچ خولەکێک بە فیڕۆنادەین لە فریاکەوتنی نەخۆشدا، چونکە لە کاتی نەڕۆیشتنی خوێن بۆ مێشک، لە هەر خولەکێکدا نزیکەی دوو ملیۆن خانەی زیرەکی مێشک دەمرن".

بەبڕوای هەورامان ئەگەر ئەو چارەسەرە بە پەلەیە نەبووایە کە بۆ ئەو نەخۆشەیان دەکرد، یان لە ماوەی دوو هەفتەدا دەمرد، یان لەوانەیە تا سێ مانگ لە نەخۆشخانە بووایە و دواتریش لە ماڵەوە پێویستی بە خزمەتکردن بووایە، چونکە نەیدەتوانی بڕوات و بخوات.

هەورامان پەیوەندییەکی باشی هاوڕێیانە و زانستانەی لەگەڵ پزیشک و ستافی نەخۆشخانەکەدا هەیە، هەروەها پزیشکانیش پێکەوە کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەیە.

هەورامان لە نەخۆشخانە لەگەڵ تیمێکی پزیشکی کاردەکات کە تایبەتمەندیی جۆراوجۆریان هەیە.

تیمەکەی هەورامان دڵخۆشن بەو پیشەیەی هەیانە، بێن تانکس چارەسەکاری فیزیایی دەڵێت "دوای ئەوەی کەسێک تووشی جەڵتە دەبێت، کاتێک بۆ یەکەمجار دەیبینی لەسەر پێی خۆی دەوەستێ، زۆر دڵخۆش دەبین، ئەوە هەستێکی خۆشە، بەرهەمی ماندووبوونی خۆت دەبینیت، ئێمە بەشێوەیەکی زانستیانە ڕاهێنانیان پێدەکەین بۆ ئەوەی بۆ ژیانی ئاسایی بگەڕێنەوە".

### چۆن باسی هەورامان دەکەن؟

کارمەندانی نەخۆشخانەکە خەڵکی سەر بە ڕەگەز و نەتەوە و ئاینی جیاوازن. هەورامان دەڵێت، لێرە هیچ کەس گوێ بەوە نادات تۆ خەڵکی کوێی یان چی ئاینێکت هەیە، ڕەش و سپی و هەژار و دەوڵەمەند، ئینگلیز و غەیرە ئینگلیز.

هەورامان جگە لەوەی پزیشکێکی بە توانایە، خۆشەویستی ستافی نەخۆشخانەکەشە.

د.ستیڤارت ماگڤایەر کە پێشتر سەرپەرشتیاری هەورامان بووە و ئێستاش هاوپیشەیەتی، گوتی "ئێمە پێکەوە زۆرباش کارمان کردووەو هاوڕێ بووین، کاتێکیش هەورامان بووە پزیشکی ڕاوێژکار زۆر دڵخۆش بووین، زۆریشمان پێخۆشبوو کاتێک داوایکرد لێرە کاربکات، چونکە دەمانزانی کارکردن لەگەڵ ئەو چۆنە، ئێمە دەزانین ئەو چەند گەورەیە".

ئەنجێلا ویتۆک، سکرتێری پزیشکی ڕاوێژکار لەبارەی هەورامانەوە دەڵێت "من زۆر بەختەوەرم بە کارکردن لەگەڵ ئەو، هەوڵدەدات هەموو شتێکت بۆ بکات کاتێک داوای یارمەتی لێدەکەی".

هەورامان بەدەم زەردەخەنەوە بە تەواوی ڕۆچووبووە ناو قسەکانی خاتوو ئێلن دەربارەی نەخۆشییەکەی، پلانی بۆ هەموو نەخۆشەکانی هەیە و ڕۆژانە ماوەی 20 خولەک لەگەڵ هەر یەکێکیان گفتوگۆ دەکات.



دکتۆر هەورامان حەمە کەریم قسە لەگەڵ یەکێک لە نەخۆشەکانی دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

### بە مەرج دەگەڕێتەوە کوردستان

هەورامان ئارەزووی گەڕانەوەی هەیە بۆ کوردستان، بەڵام بەربەستی گەورە هەیە لەبەردەم گەڕانەوەیدا، ئەو دەڵێ، پێشتر هاوڕێی پزیشکم هەبووە گەڕاوەتەوە، بەڵام خزمەتی پزیشکیی بەریتانیایان بۆ ئەژمار نەکردووە، یان وەڵامیان نەداوەتەوە، دەبێت چەند مانگێک خەریک بیت و چەندین مامەڵە و داواکاری و ئیمزای جۆراوجۆر خڕ بکەیتەوە و دواتریش دەڵێن پێویستمان پێت نییە.

هەورامان دەڵێ "لە کوردستان کە دەچیتە زانکۆیەک داوای کارێک دەکەیت، بێ ئەوەی لێت بپرسن چی دەزانیت و چیت کردووە، ڕاستەوخۆ دەڵێن پێویستمان پێت نییە، بۆیە دەبێ واستە بکەیت، منیش واستە ناکەم".

هەورامان هۆشداری دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەی کە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێویستی بەپەلەیان بە سەنتەری فریاکەوتنی جەڵتەی مێشک هەیە، ئەو دەڵێ لە هەموو شارێکی گەورەی جیهاندا، چونکە جەڵتەی مێشک دووەمین هۆکاری مردنە لە جیهاندا، تەنانەت لە وڵاتانی دواکەوتووشدا ئەو جۆرە سەنتەرانە هەیە.

هەورامان لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی کردنەوەی ئەو سەنتەرانە، تەنیا مەرجیشی ئەوەیە سەنتەرەکە حکومی بێت و هەموو خەڵک بە هەژار و دەوڵەمەندەوە سوودی لێوەربگرن.

### بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی

# کۆمیدیکارە کوردەکەی سوێد نانبڕاو دەبێت



**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

سۆران ئیسماعیل، کۆمیدیکاری ناسراوی سوێدی بە ڕەچەڵەک کورد کە بۆ چەند جارێک وەک کەسایەتی ناسراوی سوێد دەستنیشان کراوە و خەڵات کراوە، بەهۆی هەڵوێستی توندی لەسەر سوێدییە دیموکراتەکان کە پارتی یەکەمی ڕەگەزپەرستی سوێدن، لەکاری میدیایی ڕاگیرا و بۆماوەیەک لە کارەکەی دووردەخرێتەوە.

سوێدییەکان بایەخیان بۆ ڕۆژنامەنووسە کۆمیدیکارەکان هەیە و کوردی تاراوگەنشینی ئەو وڵاتەش پێگەیەکی بەهێزیان هەیە. لەوانەش ئۆز نۆژەن و سۆران ئیسماعیل وەک دوو ئەستێرەی دیاری ئەو وڵاتەن و سوێدییەکان شانازییان پێوە دەکەن.

سۆران ئیسماعیل، کۆمیدیکارێکی ناسراوی سوێدە و خاوەن پێگەیەکی بەهێزە و پێشکەشکاری بەرنامەی مۆررۆن پاستێتی ڕادیۆی فەرمیی سوێد بوو. ماوەیەک بەر لە ئێستا و دوای دروستبوونی کێشە لەگەڵ ڕەگەزپەرستەکانی ئەو وڵاتەو خودی پارتی سڤێریا دیموکراتێرنا (سوێدییە دیموکراتەکان)، هەڵوێستی توندی نواند و بڕیاری دا لەکاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سوێد کە چوار مانگی دیکە دەستپێدەکات، دژ بەو پارتە و ڕەگەزپەرستەکان کار بکات. بۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆی فەرمی سوێد بڕیاری دوورخستنەوەی درا بۆ ماوەیەکی کاتی و تا کۆتایی هەڵمەتەکە بۆی نییە کاری میدیایی لەو ڕادیۆیە بکات.

میدیا لیبراڵەکانی سوێد ئەمە وەک تراژیدیایەک بۆ ئازادی ڕادەبڕین لەو وڵاتە وەسفدەکەن و بەرپرسانی ڕادیۆکەش بە بێلایەنی کاری میدیایی خۆیان لێکیدەدەنەوە، چونکە وەک دەڵێن "کاری میدیایی لە دەرەوەی بۆچوون و هەڵوێستی سیاسییە".

سیللا بینکوێ، بەڕێوەبەری گشتیی ڕادیۆی سوێد بەرەوڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەوە بەهۆی ئەو هەڵوێستەی ڕادیۆکەی. بەڵام ئەو گوتی "سۆران پێشکەشکاری بەرنامەیەکە و بەشدارێکی ئاسایی نییە تا هەڵوێستی سیاسیی خۆی دەربڕێت". سۆران ئیسماعیلیش لە وتارێکی خۆیدا هێمای بۆ ئەوە کردووە کە لەنێوان دوو بژارەی بەردەوامیدان بە بەرنامەکەی، یان سووربوون لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکەی و دوورکەوتنەوە لە بەرنامەکەی، ڕێگای دووەمیان هەڵدەبژێرێت. دەشڵێت "ئەمە کورتە پشوویەکە و کاتییە". لەبەرامبەریشدا بەڕێوەبەری ڕادیۆکە جەخت لەسەر بێلایەنبوونی تەواوی کارمەندانی ڕادیۆکە دەکاتەوە، وەک مەرجێکی سەرەکی و ڕێسای سیاسەتی بەرنامەکان.

بەبڕوای ناسری سینا کە کارمەندێکی کوردی ڕادیۆی سوێدە، لایەنێکی ناڕاستیی ئەم بابەتە لە مێدیا سوێدی و کوردییەکانیشدا هەبووە. ئەو پێیوایە ئەو هەڵوێستەی ڕادیۆکە ئاساییە و گوتیشی "لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا نابێ هیچ پێشکەشکارێکی بەرنامەکان هەڵوێستی ئاشکرا بە لایەنگری یاخود دژایەتیی پارتێکی سیاسی وەربگرێ، بۆئەوەی ئەم هەڵوێست وەرگرتنەی کاریگەری نەخاتە سەر دەنگدەران". بەرنامەکەی سۆران لە کەناڵی سێی ڕادیۆی سوێد- تایبەت بە لاوان- بووە و پێشتر چەند وتاری لەسەر پارتەکە نووسیبوو. هەروەها لە فەیسبووک و تویتەریش گەلێ کومێنتی لە دژیان نووسیبوو، بەپێی ئاگاداریی ناسری سینا، لەچوارچێوەی ئامادەکاریی ڕادیۆکە بۆ هەڵبژاردن، لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە پرسیاری لێکراوە کە ئایا دەیەوێ لە کاتی هەڵبژاردندا واز لەم جۆرە نووسین و کومێنتانە دژی ئەو پارتە بهێنێ یان نا؟ ئەویش گوتبووی "نا، چونکە من ئەم پارتە بە پارتێکی ڕەگەزپەرست دەزانم و دەمەوێ لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لە ڕادیۆ کار نەکەم و دژی ئەو پارتە کەمپەین بکەم". بۆیە بەڕێوەبەرەکەی قبووڵی کرد و ئێستا سۆران بۆ ئەم ماوەیە وازی لەکاری ڕادیۆ هێناوە. ناسری سینا هەروەها دەڵێت "ئەمە ڕێسایەکی پەسەندکراوی ڕادیۆی سوێدە کە وەک ڕادیۆیەکی گشتی لە خزمەتی گشت نەتەوەی سوێدە نەک حکومەتەکەی، دەبێ بەتەواوی بێلایەن بێت. یان ڕاستتر بڵێم هەمەلایەن بێ. پێشکەشکاری ڕادیۆی سوێد دەبێ تەنیا پێشکەشکار بێت".

بەپێی قسەی سینا، سەرچاوەی دارایی مێدیای سوێد لە خەڵکەوەیە، بۆیە دەبێ ئەو بالانسەش بپارێزرێت، هەروەک دەڵێت "هەموو ئەوانەی دەزگایەکی وەرگری شەپۆلی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان هەیە، دەبێ بەپێی یاسای سوێد مانگانە پارە بدەنە ڕێکخراوی (خزمەتە ڕادیۆییەکان)".

سۆران ئیسماعیل کەسایەتیەکی دیار و ناسراوی کۆمەڵگەی سوێدە، بەڵام بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی ساڵێک لەمەوبەری کە لەلایەن دوو پارلەمانتاری ڕەگەزپەرستی ئەو وڵاتەوە بڵاوکرانەوە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. ئەو گرتە ڤیدیۆییە زیاتر سۆرانی ناساند و زیاتریش ئەو پارتەی خستە ژێر پرسیار و سەرئەنجامیش هەردوو پەرلەمانتارەکە سزادران.

# دوای 100 ساڵ تەمەن داوای مافی پەنابەری دەکات



**ڕووداو- یۆنان**

سەبریە ژنە پەنابەرێکی کوردە، بەو نیازە زێدی خۆی جێهێشت کە بە ئەندامانی بنەماڵەکەی شاد بێتەوە لە ئەڵمانیا، بەڵام قەدەری وابوو کە لە یۆنان بگیرسێتەوە و لەوێ داوای مافی پەنابەری لە حکومەتی یۆنان بکات.

سەبریە بەپێی ناسنامەکەی، ساڵی 1907 لە شاری تربەسپی لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لەوانەیە تەمەنی ئەو پیرەژنە چەند ساڵ کەمتر یان زیاتر بێت، چونکە تۆمارەکانی ئەو سەردەمە تەواو ورد نین، بەڵام بە سەروسیمایەوە دیارە کە هەر هیچ نەبێت 100 ساڵ ژیاوە.

چیرۆکی سەبریە لە ڕۆژنامەی (El Periódico de Catalunya)ی ئیسپانیدا بڵاوکرایەوە. ئەو پیرەژنە یەکێکە لەو کوردانەی لە ساڵی 1962 تاوەکو ساڵی 2011 لە ناسنامەی هاووڵاتیبوونی سووری بێبەشکرابوون و بەهۆی ئەم کردەوە شۆڤینییە زۆر ئێش و ئازاری چەشتووە، بەڵام تربەسپی لە چاوی سەبریەدا بەهەشتی سەر زەوییە "ژیانی ئەوێ زۆر خۆشبوو. هەموو خانوویەک باخچەی هەبوو. دراوسێکان سەردانی منیان دەکرد. ئەو شوێنە بۆ من بەهەشت بوو."

پێنج مانگ لەمەوبەر، سەبرییە لەگەڵ کەنعانی کوڕی و هاوسەری کەنعان تربەسپی بەجێدێڵن، بە ئومێدی ئەوەی کە بە زووترین کات پەیوەندی بە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بکەن لە ئەڵمانیا. کەنعان لە کەلاوە خانوویەکی شاری ئەسینای پایەتەختی یۆنان باسی ژیانی خۆی بۆ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسپانی دەکات و دەڵێت "تربەسپی لە هەموو ناوچەکانی دیکە سەقامگیرتر بوو. بەڵام ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیانکرد بە چالاکیی تیرۆریستی." کەنعان بۆ ئەوەی دایکی لە ڕۆژئاواوە بگەیەنێتە باکووری کوردستان، پارەی داوەتە گەنجێک کە ئەو پیرەژنە لە کۆڵ بکات و بیگەیەنێتە "سەرخەت". لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردووشدا کەنعان لەگەڵ قاچاخچییەکان ڕێککەوتبوو کە لە تورکیاوە بیانگەیێننە کەنارەکانی ئیتاڵیا بەرامبەر 5 هەزار یورۆ بۆ هەر یەکێکیان.

سەبریە، کەنعان و هاوسەرەکەی لەگەڵ 91 پەنابەری دیکەی سووری و ئەفغانی سواری کەشتییەکی کۆن و بچووک دەبن کە ئاڵای ڕووسیای لەسەر بووە و لەلایەن 3 کەسی ئۆکراینییەوە سەرپەرشتی دەکرا. هەروەها دەرگای کەشتییەکەش لەسەر ئەو پەنابەرانە داخرابوو. لە باشووری یۆنان ڕووبەڕووی ڕەشەبایەک دەبنەوە، ماتۆڕی کەشتییەکەشیان لەکاردەکەوێت و ئاو دێتە نێو کەشتییەکەوە. هەروەها بەهۆی بەهێزیی شەپۆلەکانی دەریاوە بەنزین دەڕژێتە نێو کەشتییەکە. سەبریە کە بەر شەپۆلەکان کەوتبوو لە سەرمان دەلەرزی و لەبەر بۆنی بەنزینیش لەهۆش خۆی چوو.

دوای دوو ڕۆژ، دوو پەنابەری ئەفغانی قوفڵی دەرگای کەشتییەکە دەشکێنن و دەگەنە لای کاپتنی ئۆکرانی و هەڕەشەی لێدەکەن. کەنعان دەڵێ "بە چەقۆ هەڕەشەیان لە کاپتنی کەشتییەکە کرد و داوایان لێکرد ئینزاری فریاکەوتن لێبدات". هەروەها دەڵێ "لە کۆتاییدا دوو گەمی بازرگانی هاتن و هەریەکە لە لایەکی کەشتییەکەمان ڕاوەستان". سەبریە، کەنعان و ژنەکەی ئێستا لە پایەتەختی یۆنان دەژین. داوای مافی پەنابەرییان کردووە و دەشیانەوێ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەیان کە لە ئەڵمانیان، بەیەک بگەن. دیارە پرۆسەی بەیەکگەیاندنی ئەندامانی بنەماڵەش ماوەیەک دەخایەنێت، بەهۆی ئەو ڕۆتینەی لە یۆنان هەیە. لە کۆی 9 منداڵی سەبریە، ئێستا چواریان لە ژیاندا ماون و 29 نەوەشی هەیە کە زۆربەیان لە ئەڵمانیا دەژین. دوا داواکاری سەبرییە ئەوەیە کە بەر لە مردن بتوانێ نەوەکانی لە باوەش بگرێت. ئەو ژنە لەبارەی ئێش و ئازاری ئەو گەشتەیان دەڵێ "من لە دوا قۆناغی تەمەنمدا هەموو ئێش و ئازاری ژیانم چەشت، شەڕ، برسێتی، پەنابەری و.... دەترسم لێرە لە نیوەی ڕێگەدا بمرم". سەبریە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو قسانە دەست بەگریان دەکات.


RÛDAW
ڕووداوی ئەمڕۆ
بە سپۆنسەری
FALCON GROUP
بەردەوام دەبێت
Rûdawa Îro


تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Empire World
Building the Future
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


RÛDAW
THE CV
شیاوترین هەڵدەبژێرێت
بە سپۆنسەری سەرەکی
Signature
HOLDING
بۆ خۆ تۆمارکردن لەم پرۆگرامە سەردانی
www.rudaw.net
بکەن
بەسپۆنسەری هەریەك لە:
SIDAR HOLDING
ATCONZ
REAL ESTATE DEVELOPMENT LTD.
qaiwan group
KARAS
KING For Electronics
SAM OFFICE FURNITURE
ROMA

ڕووداو
ژنان
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## سێیەکی ژنانی کەرکووک بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت



**ڕووداو- کەرکووک**

بەپێی ئەو ئامارانەی لە سەرەتای 2014 بڵاوکراونەتەوە، ئەو ژنانەی لە نەخۆشخانەی لە دایکبوونی کەرکووک منداڵیان بووە، سێیەکیان بە نەشتەرگەری منداڵیان بووە، لە ماوەی یەک مانگ و نیوی سەرەتای ئەمساڵ 1233 ژن لەو نەخۆشخانەیە منداڵیان بووە، کە 421 ژنیان نەشتەرگەریان بۆ کراوە و 812 ژنیش بە سروشتی منداڵیان بووە، بەپێی ئامارەکان ساڵ بە ساڵ ڕێژەی نەشتەرگەری منداڵبوون لە باشووری کوردستان زیاد دەکات.

ژنی بیانیشی تێدایە

# لە ماوەی مانگێکدا 30 ژن ڕوویان لە شێڵتەرە تازەکەی سلێمانی کردووە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرەڕای کەموکوڕییەکانی، بەڵام بەرپرسانی ئیدارەی سلێمانی ناچاربوون دەرگای شێڵتەرە نوێیەکە بەڕووی ژنانی هەڕەشەلێکراودا بکەنەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ئاگر لەنێو شێڵتەرێک کەوتەوە کە بە هۆیەوە ژنێک گیانی لەدەستدا و چەند ژنێکیش بریندار بوون.

شێڵتەرە نوێیەکەی سلێمانی بێ ناوە، ئەمەش لەبەر پاراستنی گیانی ژنان. ئەو شێڵتەرە ماوەی 2 ساڵ دەبێت تەواوبووە، ئەگەرچی هێشتا کەموکوڕی هەیە، بەڵام بەهۆی خراپی ڕەوشی ژنان لە ناو پەناگەکانی تایبەت بە ژنان و نەمانی شێڵتەرەکانی سەر بە ڕێکخراوەکانی ژنان، هەموو ژنە هەڕەشەلێکراوەکان لە نێو ئەو شێڵتەرەدا کۆکراونەتەوە.

شێڵتەرەکە لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی و بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی باڵای خانمان دروستکراوە کە پێکدێت لەباڵەخانەیەکی تایبەت و 4 شوقە بۆ ئەو ژنانەی لە منداڵێک زیاتریان پێیە و ڕوودەکەنە ئەم شێڵتەرە نوێیە. باڵەخانەکە پێکدێت لە 4 ژوور، هەر ژوورێکیش بۆ 4 کەس دەبێت لەگەڵ توالێت و گەرماوی تایبەت بەو کەسانەی لەو ژوورە دەمێننەوە.

هەر لە نێو ئەم بینایەدا بنکەیەکی تەندروستی هەیە و ڕۆژانە پزیشک سەردانی شێڵتەرەکە دەکات، ئەمە سەرەڕای بوونی ژووری تایبەت بە چالاکییە وەرزشییەکان، هەروەها باڵەخانەکە ژووری کۆبوونەوە و کافتریا و کتێبخانەی تێدایە.

ئەو ژنە هەڕەشەلێکراوانەی پەنا بۆ شێڵتەرەکان دەبەن، بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەم شێڵتەرانە وەک بەندیخانە وان بۆ ئەوان. پرشنگ کەریم، بەڕێوەبەری بەشی پارێزگاری خێزان لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئێمە ناتوانین ڕێگە بە ژنانی نێو ئەم شێڵتەرە بدەین بچنە دەرەوە، چونکە ئەوان لە ژێر چاودێری و پاراستندان، ئەگەریش ڕێگەیان بدەین دەبێت پاسەوانیان بۆ دابین بکەین".

گوتیشی "ژنان لەو شێڵتەرەدا لە هیچیان کەم نییە و دەتوانن ئاگاداری هەواڵەکانی دەرەوە بن، پاشان ئێرە وەک خێزان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات نەک وەک تاوانبار".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی چاودێری کۆمەڵایەتی، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 30 کەیس ڕووی لەم شێڵتەرە نوێیە کردووە، کەیسەکان لە تەمەنی خوار 18 ساڵ تاوەکو 45 ساڵ بەرەو ژووری تێدایە، ئەم کەیسانەش بەهۆی هەڕەشە لێکردن و توندوتیژییەوە ماڵیان بەجێهێشتووە، لەم ژمارەیەش تەنیا 4 کەیس چارەسەر کراون و گەڕاونەتەوە نێو خێزانەکانیان.



یەکێک لە شێتەرەکان لە سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

پرشنگ کەریم، دەربارەی ئەو کەیسانەی کە ڕوویان تێدەکەن گوتی "ژمارەیەکی زۆری ژنان ڕوومان تێدەکەن، چونکە ئێستا شێڵتەری ڕێکخراوەکان نەماوە بۆیە دادوەر هەموو کەیسەکان ڕەوانە دەکات بۆ لای ئێمە". هەروەها گوتی "لەم شێڵتەرەدا زۆر لە کەس ناکەین، کاتێک کەسێکیش دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی بەدواداچوونی بۆ ناکەین کە چی لێ بەسەردێت، چونکە ئەوە کاری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ڕێکخراوەکانە".

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی ئەو شێڵتەرە بۆ ژنان، پرشنگ کەریم گوتی "ئێمە لەم شێڵتەرەدا تەنیا توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیمان هەیە، چونکە ئەو ژنانەی کە دێنە ئێرە لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کێشەیان هەیە".

### ژنانی بیانیش پەنا بۆ شێڵتەرەکە دەبەن

پرشنگ کەریم ئاماژەی بەوەدا کە تەنیا ژنانی کورد لە شێڵتەرەکە نامێننەوە، بەڵکو ژنانی عەرەب و ئەو ژنە کارگوزارە بیانیانەش ڕوو لە شێڵتەرەکە دەکەن کە لە کوردستان تووشی کێشە دەبن.

پرشنگ گوتی "ئێمە هەموو ئەو کەیسانە وەردەگرین کە دادوەر بۆمان دەنێرێت، بۆیە کورد و عەرەب و تەنانەت ژنانی بیانیشمان لەلایە کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە". گوتیشی "ئێمە لەسەر بنەمای نەتەوە مامەڵە لەگەڵ ژناندا ناکەین، بەڵکو ئەوە بڕیاری دادوەرە کە ئەو کەیسانەمان بۆ دەنێرێت".

## تەڵاق زیادی کردووە و ژنهێنان کەمی کردووە

# ژنهێنانی دووەم لە دادگاکانی کوردستان بەرەو نەمان دەچێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی دادوەری، ئاماری دادگاکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی 2013 بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکەش، مارەکردن تەنانەت لە دەرەوەی دادگایش کەمی کردووە، لە بەرامبەردا تەڵاقدان زیادی کردووە.

بەپێی ئامارەکە، ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان 52749 حاڵەتی مارەکردن هەبووە (18354 هەولێر، 14911 سلێمانی، 13370 دهۆک، 6114 گەرمیان)، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئامارەکانی مارەکردن لە ساڵی 2012 زیاتر بوون و لەو ساڵەدا 56002 حاڵەتی مارەکردن هەبووە (20275 هەولێر، 15917 سلێمانی، 13849 دهۆک، 5961 گەرمیان).

هەر لە ساڵی ڕابردوودا 3513 مارەبڕینی دەرەکی هەبووە و لە دادگاکان پەسەند کراون، بەڵام ساڵی پێشتر ڕێژەی مارەکردن بەرزتر بووە: 4851 مارەبڕینی دەرەکی هەبووە و لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەسند کراون.

بەبڕوای سامان کەریم، توێژەری کۆمەڵایەتی، چەند خاڵێک هۆکارن بۆئەوەی کە گەنجان نایانەوێت ژن بێنن، لەوانە "کێشەی ئابووری، نەبوونی خانوو، بێکاری، ڕەوشی سیاسی کە دەبێتە هۆی بێزاربوونی گەنجان لە نیشتیمانەکەیان، بێ متمانەیی گەنجان بە ڕەگەزی بەرامبەریان".

ئامانج غەفوور، 26 ساڵ، هێشتا بڕیاری هاوسەرگیری نەداوە، ئەو لە کۆمپانیایەک کار دەکات و دەڵێت "بە جددی بیرم لە ژنهێنان نەکردووەتەوە، لەبەر زۆریی کارکردن دەرفەتی هیچم نییە، تەنانەت ناتوانم بیر لە خۆشم بکەمەوە، بەڕاستی کچێکی وەهاش نەبووە هانمبدات بۆ ژنهێنان، خۆیشم نازانم کەی ژن دێنم، هیچ بەرنامەم دیار نییە".

### نەگونجان یەکەم هۆکاری تەڵاقە

لەبەرامبەر ژن نەهێنان، تەڵاق زیادی کردووە. ساڵی 2013 لە دادگاکان 6417 حاڵەتی تەڵاق هەبووە (2760 هەولێر، 2184 سلێمانی، 1053 دهۆک و 420 حاڵەتی تەڵاقیش لە گەرمیان)، بەڵام ساڵی 2012 ئامارەکانی تەڵاق کەمتر بوون، کە 6079 حاڵەتی تەڵاق هەبووە (2810 هەولێر، 2035 سلێمانی، 914 دهۆک و 320 حاڵەتیش لە گەرمیان).

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، تەڵاق ساڵ بەساڵ زیادی کردووە، لەساڵی 2006دا 2928 تەڵاق هەبووە، لە ساڵی 2007دا 3620 حاڵەت و لە ساڵی 2008دا 3663 تەڵاق هەبووە. هەروەها لە ساڵی 2009دا 4237 حاڵەتی تەڵاق هەبووە، لەساڵی 2010دا 2555 تەڵاق و لە ساڵی 2011شدا 3728 حاڵەت هەبووە.

بەپێی ئاماری لێژنەی فتوای هەولێر، زۆربەی ئەوانەی داوای تەڵاق دەکەن ژنانن، یەکێک لەو ژنانەی داوای تەڵاقی دەکرد، لە پێش ئەو لێژنەیە گوتی "نەک لە مارەیی و نەفەقە خۆشدەبم، بەڵکو تەنیا تەڵاقم بدات نامەوێت چیدی منداڵەکەشم ببینم، مێردەکەم هێندە خراپە، تەنیا ڕزگارم بێت لە دەستی هیچم ناوێت".

مەلا سدیق کەپرانی، ئەندامی لێژنەی ئاشتەوایی دادگای هەولێر، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت کە لێژنەکەیان هەوڵدەدات زۆرترین کەس ئاشتبکەنەوە "سێ هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ جیابوونەوە، یەکەم دەستێوەردانی دەرەکی، دووەم خواردنەوەی مەشروبات لەلایەن پیاوانەوە، خاڵێکی دیکە لاوازی سێکسی پیاوان و کەمتەرخەمیانە لە ماڵەوە".

بەپێی ڕاپرسییەک لەناو ئەو هاوسەرانەی کە لە یەکدی جیابوونەتەوە 35%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن بەهۆی نەگونجان، 19% بەهۆی نەبوونی ماڵی سەربەخۆ، 10% بەهۆی داوێنپیسی، 8% خراپی باری ئابووری، 8% کێشەی کۆمەڵایەتی، 7% تەکنەلۆژیا، 3% جیاوازی تەمەن، 2% ژنهێنانی دووەم، 2% نەزۆکی، 1% نەخۆشی یەکێک لە هاوسەرەکان، 5% هۆکارەکەی بە وردی دیار نەبووە کە بۆچی لە یەکدی جیابوونەتەوە.

### 62 حاڵەتی ژنهێنانی دووەم

ژنهێنانی دووەم، ئەو مارەکردنەی بە یاسا مەرجی بۆ دانرا، ساڵ بەساڵ لە دادگاکان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، هەرچەندە بە بەراوردکردنی حاڵەتەکە لە ماوەی دوو ساڵدا وا دیارە بە ڕێژەیەکی کەم زیادی کردووە. لە ساڵی 2013دا 62 حاڵەتی ژنهێنانی دووەم هەبووە (39 هەولێر، 16 سلێمانی، 6 دهۆک، 1 گەرمیان)، بەمەش هەولێر لە پلەی یەکەم دێ کە زۆرترین حاڵەتی ژنهێنانی دووەمی تێدا تۆمار کراوە.

هەروەها لە ساڵی 2012 لە دادگاکان 53 حاڵەتی ژنهێنانی دووەم تۆمار کراوە (21 هەولێر، 18 سلێمانی، 14 دهۆک).

لەگەڵ ئەوەی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ژنهێنانی دووەم ڕێژەکەی زۆر کەمە، بەهۆی هەمواردنی هەندێک لە بڕگەکانی یاسای باری کەسی لە ساڵی 2008 لە پەرلەمانی کوردستان، کە فرەژنی سنووردار کرد و چەندین مەرجی بۆ دانا، لەوانە: دەبێت ڕەزامەندی ژنی یەکەم هەبێت، یان ژنەکەی نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت، دەبێت توانای دارایی باش بێت، دەبێت دادپەروەر بێت.

هەمواركردنی یاسای باری کەسی و دانانی چەند مەرجێکی قورس ڕێگری نەکردووە لە هێنانی ژنی دووەم، ئێستا پیاوانی کورد ڕێگەیەی دیکەیان دۆزیوەتەوە بۆ ژنهێنانی دووەم، ئەوەش ڕێگەیەکی هێندە دوور نییە و دەچن لە دادگاکانی کەرکووک و موسڵ و مەخموور و خانەقین ژنی دووەم مارە دەکەن، چونکە ئەو دادگایانە بە یاساکانی بەغدا کار دەکەن.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، ساڵی ڕابردوو 450 پیاو بۆ ژنهێنانی دووەم ڕوویان لە کەرکووک کردووە، کە زیاتر خەڵکی هەولێر و سلێمانین. 150 پیاویش بۆ ژنی دووەم ڕوویان لە دادگای مەخموور کردووە.

# کچان خەریکە سلێمانی دەکەنە قاهیرە



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، ئێستا ئەو کافێ و قاوەخانانەش بە دووکەڵی نێرگەلە قاندراون کە زیاتر کچان و ژنان ڕووی تێدەکەن. هەرچەندە ئەوە زیاتر لە دیمەنەکانی قاهیرە و عەممان دەچێ، بەڵام لە سلێمانییە لەدوای کاژێر دووی پاش نیوەڕۆ.

"زۆرکات ئارەزووی جگەرەکێشان دەکەم، بەڵام نامەوێت خووی پێوە بگرم، ئێستا تەنیا ئارەزووی نێرگەلە دەکەم"، لەنجە کەماڵ، 27 ساڵ، ماوەی 3 ساڵە نێرگەلە دەکێشێت و دەڵێت لە باوکییەوە فێر بووە "هەموو شەوێک نێرگەلە دەکێشێت و من و دایکم بۆی ئامادە دەکەین، ئێستا دایکیشم فێر بووە و بەکورتی بە خێزانی دەیکێشین".

لە ماڵی لەنجە، نەریتی میوانداریی نێرگەلەکێشان پەیدا بووە کە لەو شەوەدا ماڵی خێزانێکی نزیکیان بانگ دەکەن و پێکەوە نێرگەلە دەکێشن، بەڵام ئەوە مانگی جارێک ساز دەکەن "ئەو خزمانەمان بانگ دەکەین کە وەک خۆمان نێرگەلە دەکێشن، خۆم نێرگەلەی ئێران و تورکیا و لوبنانم تاقیکردووەتەوە، بەڵام هیچیان وەک نێرگەلەی ئێران بە تام و چێژ نییە".

لە شاری سلێمانی ژنان تەنیا لە ڕێستۆرانتە خاوەن ئەستێرەکان ئەو کاتەی لەگەڵ خێزانەکانیانن دەتوانن بەشێوەیەکی ئاشکرا نێرگەلە بکێشن. کچێک کە بە دزی ماڵەوە نێرگەلە دەکێشێت، دەڵێ لەگەڵ هاوڕێکانی بەبیانووی نانخواردن دێنە دەرەوە "لەبەر بۆنەکەی حەزم لێکردووە و ئەمە وەک جگەرەکێشان نییە هەموو کاتێک بیکێشی".

ئەو کچە لەبارەی زیانەکانی نێرگەلەوە زۆری بیستووە و دەزانێ چەند هێندەی جگەرە زیانی هەیە "ئەوانە بە گوێمدا ناچێت، قابیلە خۆ تریاک نییە، حەزم دەکرد وەک وڵاتانی دیکە بۆ ژنان عەیب نەبوایە، لێرە خواردنەوە کهولییەکان و نێرگەلەکێشان و تەنانەت جگەرەکێشان بە ئاشکرا وەک حەیاچوون وایە بۆ ژنان".

لە هەندێک لە وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، ژنان و کچانیش لە گازینۆ و قاوەخانە و کافێکاندا وەک کوڕان و پیاوان، لە دەوری مێزەکان دادەنیشن و بە ئاشکرا نێرگەلە دەکێشن، بەڵام ئەو نەریتە هێشتا لە هەرێمی کوردستان نامۆ دەردەکەوێ.

باخان، 25 ساڵ، ناوی خوازراوی کچێکە و دەڵێت نامەوێت ماڵەوەمان و هاوڕێکانم بزانن من نێرگەلە دەکێشم "تەنیا هاوڕێیەکم دەزانێت کە ئەو شەوانەی دێتە لام پێکەوە نێرگەلە دەکێشین و ئەویش بە دزییەوە".

گوتیشی "درەنگانی شەو تەلەفۆن دەکەم بۆ ئەو دووکانەی کە بەشێوەی سەفەری نێرگەلە دەنێرێت بۆ ماڵەکان، منیش داوای دەکەم، بەڵام ئەو شەوانەی کە ماڵەوەمان لە ماڵ نەبن ئەو کارە دەکەم".

لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە زیانەکانی نێرگەلە دوو هێندەی جگەرەکێشانە بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە گازی CO کە گازێکی خنکێنەرە و دەبێتە هۆی گەلێک نەخۆشی لە نێو ژناندا بەتایبەت شێرپەنجەی مەمک و شێرپەنجەی هێلکەدان، ئەو ژنانەی کە حەبی ڕێگری لە منداڵبوون دەخۆن و نێرگەلەش دەکێشن، ئەگەری تووشبوونیان بەشێرپەنجەی مەمک 40 هێندە زیاد دەکات، ئەوانەش کە بە بەردەوامی نێرگەلە دەکێشن تێکڕای تەمەنیان 10 ساڵ کەمدەبێتەوە.

ئێستا هەندێک لە کافێ و گازینۆکان وەک ئەوەی لە دۆخی ئەو کەسانە تێگەیشتبن کە ناتوانن سەربەستانە سەردانیان بکەن، ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەم کڕیار و سەردانیکەرە نادیارەکانیان داناوە و دەڵێن دەتوانین بە تەلەفۆنێک نێرگەلەیەکی ئامادەکراوت بۆ بنێرینە ئەو شوێنەی خۆت دەتەوێ.


سامان ناوی شاگردی یەکێک لەو گازینۆیانەیە و دەڵێ چەند جار بەدەستی خۆی نێرگەلەی بردووە بۆ کچان و ژنان لە ماڵەوە "ئێستا نێرگەلە داواکاریی زۆری لەسەرە، ئەوانەی زۆرتر داوای دەکەن ژنانن". گوتیشی "ڕۆژانە 30 بۆ 40 ژن تەلەفۆن دەکەن بۆ نێرگەلە، هۆیەکەی ئەوەیە کە پیاوان دەتوانن بێنە کافتریاکان، بەڵام بۆ ژنان وانییە".

رووداو
كۆمەڵایەتی
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17

## ئۆتۆمبێلی شارەوانی بەنگلادیشییەک دەکوژێت

**رووداو-هەولێر**

پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە، کرێکارێکی بەنگلادیشی بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە گیانی لە دەستدا، نیوەڕۆی 2014/2/16 لە ناحیەی دارەتووی هەولێر کرێکارێک بە ناوی لینکا تالی، کەوتە ژێر ئۆتۆمبێلی شارەوانی "لە کاتی کارکردن ئۆتۆمبێلی خاشاک کۆکردنەوە لێیدا، پاشان گیانی لەدەستدا، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کە ناوی (م.ح)یە ئێستا دەستگیر کراوە، لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.





تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## ژن و بەشداری لە هەڵبژاردن

بەشداریی ژنان لە سیاسەت، واتە پیادەکردنی جەوهەری دیموکراسی لە وڵاتدا. بەشداریکردنی ژنان لە دەنگدان و خۆکاندیدکردن و وەرگرتنی پۆستی سیاسی واتە هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و پێگەیاندنی ژنان لە بواری سیاسیدا. لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا ئەم کارە ئاسان نییە و ئاستەنگی زۆری دێتە پێش لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە لەبەر ئەوەی نازانین کۆمەڵگەو خێزان و عەشیرەت تا چەند هاوکارن بۆ ئەنجامدان و سەرخستنی ئەم پرۆسەیە. ئایا تێڕوانینی کۆمەڵگە و خێزان و عەشیرەت و خودی ژن خۆی چۆنە بۆ ئەم پرۆسەیە. ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسیانە چین کە تا رادەیەک رێگرن لەبەردەم بەشداریی ژنان لە کاری سیاسیدا؟. ئایا پەیوەندی بە کەلتوورەوە هەیە، یان پەیوەندی بە خودی ژن خۆیەوە هەیە کە خۆی بەلاواز دەزانێت لە بواری سیاسیدا و متمانەی بە خۆی نییە؟

بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان و عێراق گرنگی خۆی هەیە بۆ ژنان بەگشتی و کۆمەڵگە بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی پێداویستیەکی دیموکراسی و داواکارییەکی کۆمەڵایەتی گرنگە، یارمەتی گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەدات لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییەوە و رێگەیەکە بۆ گەیشتنی ژنان بە ناوەندەکانی بڕیار. لە وڵاتێکی وەک کوردستان بەشداریکردنی ژن لە هەڵبژاردنەکان ئەوەندە ئاسان نییە، بە هۆی نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، تێڕوانینی سلبیانەی کۆمەڵگە بۆ کاری ژن لە مەیدانی سیاسیدا و زاڵبوونی رۆشنبیریی نێرسالاری بەسەر رای گشتی کۆمەڵگە. ئەم رۆشنبیرییە تا رادەیەک بەسەر عەقڵی ژنانیشدا زاڵە و بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە ژنان ناتوانن رۆڵێکی کارایان هەبێ لە بواری سیاسیدا. رۆشنبیریی باو لە کوردستان ئەگەرچی کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام تا ئێستا کار بۆ بەرزکردنەوە و گرنگیی رۆڵی پیاو دەکات لە کۆمەڵگەدا و هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستە سیاسییەکان دەدات بە هەموو جۆرەکانیەوە، کار بۆ دوورخستنەوەی ژن دەکات لە سیاسەت و لە نێوەندەکانی بڕیار، ئەمەش کاریگەری سلبی هەیە لەسەر نوخبەی سیاسی و دەوڵەت کە ناتوانن ببنە هاوکارێکی بە هێزی ژن بۆ گەیاندنی بە ناوەندەکانی سیاسەت و شوێنی بڕیار. لەبەر ئەوەی گەیاندن و پێگەیاندنی ژن لەبەرنامەی سیاسی حیزب و لایەنە سیاسیەکاندا نییە، تەنها کاتی بۆنە سیاسییەکان نەبێت، حیزبەکان بەشداری بەژنان دەکەن لەکاتێکدا کە ململانێ لە نێوانیاندا زۆر دەبێت، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان پێویستی بە پارەو توانا و لێهاتوویی و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ جەماوەر هەیە، بۆئەوەی بتوانی دەنگی پێویست بەدەستبهێنی، تا ئێستا چەندین هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجامدراون و ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان تێدا کردووە بەتایبەتی وەک دەنگدەر، بەڵام ئەم بەشداریکردنە بەلاواز دادەنرێت، لەبەر ئەوەی کار بۆ سەرخستنی هاوڕەگەزی خۆی ناکات، پێیوایە پیاو بۆ سیاسەت دروستبووە و ژنیش بۆ کاروباری ناوماڵ. پیاو لە روانگەی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی بە توانایە و عەقڵانی بیردەکاتەوە، ژن ناتوانێ بە عەقڵ بیربکاتەوە لەبەر ئەوەی سۆز بەسەریدا زاڵە و نێگەتیڤە. گرنگترین کێشەکانی بەردەم ژنان لە هەڵبژاردنەکان بە پلەی یەکەم کێشەی دارایی و بەپلەی دووەم تێکەڵاوی و بەردەوامبوونە لەگەڵ جەماوەر. لە کاتێکدا پیاوان ئەم کێشانەیان نییە، بۆیە سیستەمی کۆتایان بۆ ژن داناوە، بەڵام ژنان دەبێ کار بکەن بۆ کاڵکردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەمیان، بۆ ئەوەی بەبێ کۆتا بتوانن بگەنە پەرلەمان و ناوەندەکانی بڕیار.

# 3 منداڵە فڕێدراوەکەی سلێمانی هەر چاوەڕێی پسکیتەکەی باوکیانن



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

هێشتا برین و شوێنی لێدان بەسەر دەستیانەوە دیارە، هەریەکەیان کەوتوونەتە قوژبنێکی شاری سلێمانی. شوێنەوارەکانی سەر دەست و لاشەیان گەواهی بۆ ئەوە دەدەن کە بەرلەوەی لەلایەن باوکیانەوە فڕێ بدرێن، ژیانێکی ناخۆشیان هەبووە.

چیرۆکی ئەو سێ منداڵەی مانگی رابردوو لەلایەن باوکیانەوە فڕێدران خەریکە لە بیری خەڵک دەچێتەوە، بەڵام چیرۆکی مەینەتییەکانیان بەردەوامە.

عومەر حەسەن، کە ماوەی 20 ساڵە کاری گواستنەوەی شتومەک و خواردن بۆ ماڵان دەکات، بەچاوی خۆی ئەو دیمەنەی بینیوە کاتێک باوکێک 3 منداڵەکەی خۆی لە یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی فڕێداوە و دەڵێت "باوکی منداڵەکان لە تەکسییەکدا بوو، هاتە مزگەوتەکە و منداڵەکانی دانا، وامانزانی دێتەوە بۆ لایان، بەڵام بە دزی منداڵەکانەوە رۆیشت و نەهاتەوە".

عومەر دەڵێ قەت لەو باوەڕەدا نەبووە ئەو پیاوە فێڵ لە منداڵەکانی خۆی بکات و نەچێتەوە بۆ لایان "منداڵەکان لە حەوشەی مزگەوتەکەدا بەتەنیا و بەتەواوی شپرزە ببوون، پێش ئەوەی پۆلیس بێت، ماوەی چەند سەعاتێک چاوەڕێی باوکیان بووم بگەڕێتەوە، بەڵام نەهاتەوە".

نزیکەی 25 رۆژ لەمەوبەر و بەرەبەیانی رۆژی هەینی لەناو مزگەوتی حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی لەگەڕەکی مەڵکەندی، دەنگی گریانی منداڵێک دەگاتە گوێی سەبیحە محەممەد "وامزانی لەبەردەم دەرگاکەمانە، بەڵام بینیم بەردەمی مزگەوتەکە قەرەباڵغ بوو".

سەبیحە دواتر زانیویەتی کە پیاوێک منداڵەکانی لەو مزگەوتە فڕێداوە و لەسەر دیواری مزگەوتەکەوە رایکردووە، کاتێک چووم بینیم 3 منداڵ بوون، کوڕێکی 4 ساڵان و کچێکی 3 ساڵان و منداڵێکی بچوکی 7 مانگان کە دەگریا".

سەبیحە سێ منداڵەکە دەباتەوە ماڵەوە و پاکیان دەکاتەوە و خواردنیان دەداتێ تاوەکو پۆلیس دێت و دەیانبات. کاتێک سەبیحە لە منداڵە تەمەن چوار ساڵییەکەی پرسیوە کوا باوکتان؟ منداڵەکە گوتوویەتی "باوکم چووە پسکیتمان بۆ بێنێ".

محەممەد لە خانەی نەوجەوانانە لەگەڵ شەمامی خوشکی، بەڵام ئاگایان لە برا تەمەن 7 مانگەکەیان نییە کە لە نەخۆشخانەی منداڵانە و ئەوان بە (بۆبی) ناوی دەبەن.

وادەردەکەوێ منداڵەکان لە دەست ئازارێکی زۆری شەڕە دوورودرێژەکانی دایک و باوکیان رزگاریان بووبێت و هەر بەو هۆیەشەوە هەست بە بێزاری و دووری لە دایک و باوکیان ناکەن. تەنانەت وادیارە یەکەمجارە ناز و سۆزی دایک و باوکایەتی لە مامەڵەی ئەو کارمەندانە دەبینن کە سەرپەرشتییان دەکەن لە خانەکەدا.

ئەوەی کە خەڵک هێشتا نەیزانیوە لەبارەی منداڵەکانەوە ئەوەیە کە دووەم جارە لەلایەن باوکیانەوە فڕێدەدرێن، چونکە بەردەوام ئەم ژن و مێردە لە کێشە و دەماقاڵێدا بوونە. بەپێی قسەی پۆلیس و ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانە بوون، باوکی ئەو منداڵانە شەوانە بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە ماڵەوە و ئالوودەی ماددە کحولییەکان بووە و ئەمەش هۆی کێشەی نێوان خۆی ژنەکەی بووە بە بەردەوامی.

ئەنوەر عومەر، بەرپرسی خانەی نەوجەوانانی کوڕان لە بەڕێوەبەرێتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە بارەی ئەم منداڵانەوە دەڵێ، ئەو منداڵانەی دێنە ئێرە دەبێ دادگا بڕیار بدات بگەڕێنەوە بۆ ناو خێزانەکانیان "بەڵام ئەم منداڵانە لەڕووی دەروونییەوە بارێکی ناجێگیریان هەیە، چونکە محەممەد بەردەوام لەکاتی نان خواردندا کاتێک کەوچکەکەی بە دەستەوە دەگرێت بە ملی خۆیدا دێنێت و دەڵێ بابە چەقۆ!".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، زانیاری زیاتر لەبارەی دوای رووداوەکە باسدەکات و دەڵێت "دوو رۆژ دوای رووداوەکە مامێکی ئەو منداڵانە و باپیریان هاتوون و داوای منداڵەکانیان کردووە بۆ ئەوەی بیانبەنەوە لای خۆیان، چونکە باوکیان دوای ئەوە هەڵاتووە بۆ ئێران و کاتێک زانیویەتی کە ئێمە ئەو زانیارییەمان هەیە، دوای 2 هەفتە لە رووداوەکە خۆی رادەستی ئێمە کرد".

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتیشی ئێمە بە ماددەی 23ی یاسای خێزان مامەڵە لەگەڵ باوکیان دەکەین و دەبێت بەڵێن بدات کە جارێکی دیکە ئەو منداڵانە فڕێ نەدات و سووکایەتییان پێنەکات "دەبێت ئەم دایک و باوکە کێشەکەی خۆیان یەکلایی بکەنەوە بە رێککەوتن یاخود جیابوونەوەیان لەیەکدی، ئەوکات دادگا بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ دەکات".

# بەتەلەفۆن براکەی هێنایە دەرەوە و کوشتی

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو – سلێمانی**

هەندێک لە دراوسێکان لە کۆڵانەکەدا کۆببوونەوەو باسی ئەو رووداوە لە ناکاوەیان دەکرد کە لە درەنگانێکی شەودا بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان دووبرا بەخەبەری هێنابوون، هەر یەکەیان بە جۆرێک رووداوەکەی دەگێڕایەوە، هەندێک لە ژنەکان لە حەوشەی ماڵی شەونمی هاوسێیان کۆببوونەوە، دیاربوو نەیاندەویست لە دەرەوە قەرەباڵغی دروست بکەن. یەکێک لە ژنەکان دەڵێ "چۆن دەستی تێچوو برای خۆی بکوژێ".

هێشتا قەوانی فیشەکەکانی ئەو تفەنگەی رووداوەکەی پێقەوما لەبەردەم ماڵی دراوسێکاندا کەوتووە، ناوەڕاستی کۆڵانەکەش پاک نەکراوەتەوە لەو خوێنەی کە لەجەستەی یەکێک لە براکان رژاوە. هەندێک لەوانەی کۆبوونەتەوە دەست بۆ خوێنە رژاوەکە رادەکێشن و یەکێکیش لەوان دەڵێ "ئاخری نەوزادی کوشت، ئەوان پێشتریش شەڕیان دەکرد، بەڵام ئاوا نا".

کاژێر 1:30ی شەوی 2014/11/13 لە بەرامبەر پێشانگای ئۆتۆمبیلە علوجەکان و لە نزیک گوندی کەنەکەوەی سەر بە شاری سلێمانی، دەنگی تەقەیەکی زۆر هات، بەشێکی زۆر لەخەڵکی گەڕەکەکە نووستبوون، بەڵام ئەوانەی چوونە دەرەوە تا درەنگانێک تێنەگەیشتن کێ شەڕی کردووە و گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ "هێشتا بکوژەکە دەستگیر نەکراوە".

شەماڵ عەلی، 23 ساڵ کە لەگەڵ دەنگی تەقەکان چووەتە دەرەوە، دەڵێت "منیش لە حەوشەی ماڵەوە سەیرم دەکرد تەقەیەکی زۆر کرا، دواتر بۆم دەرکەوت شەڕی نێوان دوو برایە، تەقە و دەمەقاڵێی بەردەوام بوو تا بینیم فریاد نەوزادی برای بە فیشەک کوشت".

بەقسەی شایەتحاڵەکان، پێش شەڕەکە ئەو دوو برایە (فریاد مەحموودی 27 ساڵ و نەوزاد مەحموودی تەمەن 37 ساڵ) بە تەلەفۆن دەبێتە دەمەقاڵێیان. دواتر فریاد نەوزادی برای بانگ دەکاتە بەردەم ماڵی خۆیان و لە ئەنجامدا برا بچووکەکەی دەستڕێژی گوللە لە نەوزادی برای دەکات و دەیکوژێت.



گوڵستان محەممەد، 35 ساڵ، باسی چۆنێتی رووداوەکە دەکات و دەڵێ "نزیکەی یەک و نیوی شەو بوو، لەپڕ گوێم لە تەقە و دەنگە دەنگ بوو، نەموێرا بێمە دەرەوە و هەر لە پەنجەرەی ماڵەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، زانیم کە دراوسێکەی بەرامبەرمان شەڕیانە، بەڵام دڵنیا نەبووم لەگەڵ کێیە، دوای چەند دەقەیەک بۆمان دەرکەوت دوو بران شەڕیانە".

سەبارەت بە هۆکاری شەڕەکەشیان، گوڵستان گوتی " پێموابێ لەسەر پارە بووە، چونکە پێشتریش چەند جارێک شەڕیان بووە".

گوڵستان دیمەنی رووداوەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت "کاتێک فریاد تەقەکانی کرد، هیچ کام لە فیشەکەکان بەر نەوزادی برای نەکەوتن، هەندێکیان بەر دار سنەوبەر و دیوارەکان کەوتن. تەنیا یەک فیشەک بەر نەوزادی برای کەوت، بیست دەقەیەک گیانی دەدا، لەبەرچاوی ئێمە گیانی دەرچوو". گوڵستان جارجار سەیری ماڵە دراوسێکەیانی دەکرد و دەیگوت "قەت ئەو دیمەنەم بیر ناچێتەوە".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە ( تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی فریاد محموود براکەی دەکوژێت، هەڵدێت بۆ جێگایەکی نادیار، هەتا ئێستا بکوژەکە دەستگیر نەکراوە، تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەکرێت تا بزانرێت هۆکاری شەڕەکەیان چی بووە".

خانووەکان بێ خزمەتگوزاری و پڕکەموکوڕین

# کەسوکاری قوربانیانی شێخ وەسانان و بالیسان چوار ساڵە چاوەڕێی خانوون


(فۆتۆ: رووداو)

فەرمان چۆمانی
رووداو- رانیە

ماوەی چوار ساڵە کەسوکاری قوربانیانی چەکی کیمیایی لە بالیسان و شێخ وەسانان چاوەڕوانی تەواوبوونی ئەو 150 خانووەن کە بۆیان دروستکراوە، بەڵام ئەو خانووانە سەرەڕای کەموکوڕییەکانیان، خزمەتگوزارییان بۆ دابین نەکراوە و بەم هۆیەشەوە دابەش نەکراون، ئەمەش کەسوکاری قوربانیانی نیگەران کردووە.

نورەدین عەولا قادر، یەکێک لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەڵێت "خانووەکان تەواو نەبوونە و پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەهاتووە و کەسوکاری شەهیدان چاوەڕوانی دابەشکردنیانن".

کاژێر 6ی ئێوارەی رۆژی 16/4/1987 رژێمی سەدام حوسێن بە چەکی کیمیایی بۆردومانی هەردوو گوندی بالیسان و شێخ وەسانانی کرد و تا ئێستا 289 کەس بەکاریگەری ئەم چەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەک هاووڵاتی ئەو دوو گوندەش تاوەکو ئێستا بە دەست کاریگەرییەکانی ئەو چەکەوە دەناڵێنن.

## بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی: کە مردین خانوومان بۆ چییە؟

عەلی عەزیز، بەرکەوتوویەکی دیکەی چەکی کیمیایی دەڵێت "ئەو خانووانە لە ساڵی 2011 دەست بە دروستکردنیان کرا، تائێستا تەواو نەبووە، خانوو بۆ وارسی شەهیدانە و ئەوانیش بە تێپەڕبوونی ساڵ دەمرن، ئایا دەکرێ ئەوەندە دوابکەون؟ کە ئەوان لە ژیاندا نەمان خانوومان بۆ چییە؟".

بە قسەی عەزیز، ئەگەر کلیلی خانووەکانیش وەربگرن تێیدا ناحەسێنەوە، چونکە کەموکوڕییان هەیە "هەر لەئێستاوە دیواری هەندێکیان تەقیوە و هەندێکیشیان سەقفەکەیان ئاو دەدات، لیژنە هاتووە و بە دەزگاکانی حکومەتیشمان گوتووە بە کەموکوڕی و بێ پڕۆژەی خزمەتگوزاری نامانەوێن و وەریانناگرین".

ئەم خانووانە لەسەر بودجەی پەترۆدۆلار دروستکراون کە تێچووەکەیان 5 ملیار و 272 ملیۆن و 500 هەزار دینارە، دەبوایە پڕۆژەکە لە ماوەی 365 رۆژ تەواو ببێت، بەڵام ئەوە چوار 365 رۆژ تێپەڕین و هێشتا تەواو نەبوون.

ساڵح ئەکرەم حەیدەر، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان لەوبارەیەوە گوتی "لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە کۆمەڵێک گرفت دروستبوون کە پەیوەندی بە وەزارەتی شەهیدانەوە هەیە، چونکە ئەوان سەرپەرشتی دەکەن و کەموکوڕییەکانیش پەیوەندی بە کەشف و شێوازی دەرخستە و جێبەجێکردنی هەبوو لە وەرزی سەرمادا، لیژنە هاتووە و کەشف کراون و لەدوا قۆناغدا دەبێت هەموو خانووەکان بەبێ کەموکورتی وەربگیرێن".

سەبارەت بە نەبوونی خزمەتگوزرایش لە نێو پرۆژەکەدا ساڵح ئەکرەم گوتی "ملیارێک دینارمان لەپەترۆدۆلار بۆ تەرخان کردووە، پڕۆژەکە بۆ کۆمپانیای (پۆنجینا) دەرچووە و رەنگە مانگی داهاتوو دەست بەکارکردن بکەن، کارەباش لە بودجەی پەرەپێدان پارەی بۆ دابین دەکەین و کە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان تەواو بوون، لەسەر کەسوکاری شەهیدانی دابەش دەکەین".

# بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ چاوەڕێی وەزارەتی دەرەوەیە


(فۆتۆ: رووداو)

فەرمان چۆمانی
رووداو- پشدەر

لە نوێترین هەوڵدا لەسەر پێشنیازی خەڵکی قەزای پشدەر، پەرلەمانتارێکی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق مەسەلەی بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ دەگەیەنێتە وەزارەتی دەرەوەی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەکاری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکە دەکات.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقم وەرگرتووە و ئەوان نووسراویان بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ناردووە. ئەو وەزارەتە لیژنەیەکی تایبەتیان هەیە کە کار لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکان دەکات و هیوام زۆرە کە مەرزەکە بە نێودەوڵەتی بکرێت". گوتیشی "ئەگەر نەکرا، خۆم دەچمە وەزارەتی دەرەوەی عێراق و لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ دەکەم، چونکە بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، بۆیە بە جددی کاری لەسەر دەکەم".

ئەشواق جاف هەروەها دەڵێت "ئەو دەروازەیە تەنیا بۆ خەڵکی پشدەر سوودی نییە، بەڵکو بۆ سلێمانی و هەولێر و کەرکووکیش، چونکە نزیکە لە هەموو شارەکان".

لەڕێی ئەو دەروازەیەوە هەندێ کەلوپەلی بیناسازی دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان. ئێستا لەسایەی بەنێودەوڵەتی نەکردنی مەرزەکەدا رۆژانە لەرێگای قاچاخەوە کەلوپەل دەهێنرێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ پێویستی بە کردنەوەی چەند فەرمانگەیەک و قیرتاوکردنی رێگاکەی هەیە. بۆیە لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە دەکات. لەناو خاکی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەکو ئامادەکارییەک بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکە بازاڕێکی بچوک دروستکراوە.

بەرهەم ئەحمەد، قایمقامی قەزای پشدەر بە (رووداو)ی گوت "لەڕووی یاساییەوە بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ پێویستی بە دروستکردنی کۆمەڵگای فەرمانگەکان (نشینگە و مانەوە و رێگاوبان و کۆنترۆڵی جۆری و کەرەنتینەی کشتوکاڵی) هەیە و بۆ کردنەوەی ئەو فەرمانگانە لە کابینەی شەشەم بڕیاری کردنەوەی هەندێکیان دراوە، هەروەها رێگاکەش دروستکراوە و تەنیا قیرتاوکردنی دەوێت". داواکاری بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکە لە وەزارەتی دەرەوەی عێراقە کە وەزیرەکەی کوردە، بۆیە ئێستا بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکە لەسەر واژووی هۆشیار زێباری وەستاوە.

# ئەمساڵ بینای سەرای سلێمانی دەکرێتەوە


(فۆتۆ:سەرتیپ عوسمان)

سەرتیپ عوسمان
رووداو- سلێمانی

ئەوەی سەردانی سلێمانی کردبێ، لەنێو جەرگەی بازاڕەکەدا بینایەک دەبینێ کە ماوەی چەند ساڵە کاری تێدا دەکرێ و هێشتا هەر تەواو نەبووە. تەلارە دێرین و پڕ لە تاق و پەنجەرەکە کە بەخشتی زەردی بچووک و لەسەر دیزاین و نەخشەسازی کۆن دروستکراوە و بە سەرای سلێمانی دەناسرێ، هێشتا بەلای خەڵکەوە وەکو مەتەڵ وایە.

کاروان کەریم، گەنجێکی دانیشتووی سلێمانییە و ئەوە بووەتە پرسیاری رۆژانەی ئەویش کە ئاخۆ ئەو بینایە کاری چییە و بۆچی دروستکراوە، بەڵام دەزانێ ئەو شوێنە پێیدەگوترێ سەرای سلێمانی و مێژوویەکی دێرینی هەیە بە بەراورد بەمێژووی شارەکە "باشترە ئەو بینایە وەک خۆی بمێنێتەوە و بکرێتە مۆزەخانەیەک، لەبەرئەوەی دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانی و شوێنێکی مێژووییە".

سەرای سلێمانی یەکێکە لە شوێنە دیارەکانی کوردستان و بە سیمبولی شاری سلێمانی ناودەبرێت و بەهایەکی مێژوویی گرنگی هەیە بەلای مێژوونووسانەوە، سەرا کەوتووەتە سەنتەری شاری سلێمانی. ئەم باڵەخانەیە لە ساڵی 1926 لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دروستکراوەو پێکهاتووە لە دوو نهۆم و 43 ژوور. سەرەتا سوودی لێوەرگیراوە بۆ فەرمانگەکانی حکومەت، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا خەریک بوو دەڕووخا.

"بەهۆی ئەو بایەخە مێژوویی و گرنگەی کە هەیەتی، چووەتە ناو خانەی بە هاناوەچوونی شوێنەوارەکانی کوردستان و ئێستا لە نۆژەنکردنەوەدایە بۆ ئەوەی بکرێتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی".

حەسەن جاف، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سەرای سلێمانی، لە بارەی نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکەوە هەروەها دەڵێ ئەم پرۆژەیە لیژنەیەک سەرپەرشتی دەکات و بودجەی پرۆژەکە کە چوار ملیار دینارە، لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە لەسەر بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان تەرخانکراوە "بڕیاری نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەشت ساڵ لەمەوپێش. بەڵام جۆرێک لە دواکەوتنی پێوە دیاربووە".

حەسەن جاف دەڵێت "قۆناغە سەرەتاییەکانی کارکردن لە پرۆژەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2007، بەڵام کارکردن بە جدی و کرداری تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی 2011".

ئەم باڵەخانەیە شاهێدی گەلێک رووداوە کە هەر لەو شوێنەدا روویانداوە، لەوانە خۆپێشاندانە گەورەکەی شەشی ئەیلولی 1930 و خۆپێشاندانی جەماوەری خەڵکی سلێمانی لە ساڵی 1956 لە کاتی هێنانەوەی تەرمی مەلیک مەحموود. هەروەها خۆپێشاندانەکانی 17ی شوباتی 2011 کە دوو مانگی خایاند و خۆپێشاندەران لە بەردەم ئەم باڵەخانەیەدا کۆدەبوونەوە. بۆیە نەک هەرلای حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگە، بەڵکو هاووڵاتیانیش بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن.

حەسەن جاف گوتی کە ئەو مۆزەخانەیە "شوێنێک دەبێت بۆ پاراستنی سەروەرییەکانی شاری سلێمانی".

زۆر کەس گلەیی لەوە دەکەن کە ماوەی زیاتر لە 5 ساڵە کار لەو بینایەدا دەکرێ و تەواو نابێ. لەبارەی کردنەوەی پرۆژەکە و ئەو کارانەی تێیدا ئەنجام دراوە، حەسەن جاف گوتی "پرۆژەکە لە ئەمساڵدا دەکرێتەوە و قاوەخانەیەکی کەلتووری تێدا دروستکراوە بۆ ئەو میوانانەی سەردانی دەکەن".

# رێباز لەلایەن پیاوێکی دەمامکدارەوە کوژرا

ئەڤین سەلاح
رووداو- هەولێر

رێباز دوای تەواوکردنی کاری رۆژانەی بە جەستەیەکی شەکەتەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دوای پشوودانێکی کورت چەند میوانێکی دێن، دوای ئەوەی میوانەکانی بەڕێدەکات، ئینجا مەرگ دەبێتە میوانی و لەلایەن پیاوێکی دەمامکدارەوە بە بەرچاوی ژنەکەیەوە دەکوژرێت.

رێباز دانیشتووی گەڕەکی مامزاوای شاری هەولێر بوو، کاژێر 3ی شەوی 9/2/2014 لەلایەن پیاوێکی دەمامکدارەوە تەقەی لێکرا و دوای ئەوەی گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

رێباز، کە تەمەنی 29 ساڵ بوو، ماوەی 8 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و باوکی سێ کچ بوو، کچە گەورەکەی قوتابی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتییە. رێباز پێشتر چەند کارێکی کردووە وەک پاسەوانی، کرێکاری، ماوەیەکیش پۆلیس بووە، بەڵام بەر لە کوژرانی کاری ئاسنگەری کردووە.

## ژنەکەی رێباز: مێردەکەم 40 ئۆتۆمبێلی عەرەبەکانی بەناوەوە بوو

خێزانی رێباز، کە لە ماڵەکەی خۆی بە کزی دانیشتبوو منداڵەکانی لە دەوری بوون، بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە باسی رووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو شەوە هاوسەرەکەم زۆر ماندوو بوو، دوای نان خواردن میوانمان هات، میوانەکان درەنگ رۆیشتن، نزیکی کاژێر 12 بوو کارەبامان بڕا، ئیتر گوتی هیلاکم و نووستین".

وەک خێزانی رێباز باسی کرد، درەنگانی شەو لەگەڵ دەنگی کردنەوەی جامخانەی هەیوانەکەیان خەبەریان بووەتەوە "بینیمان پیاوێکی باڵابەرز وەژوور کەوت، دەمامکی خۆی دابوو تەنیا چاوی دیاربوو، مێردەکەم گوتی: چیت دەوێت بە هەڵە هاتوویت، ئێرە ماڵی منە و ئەوەش خێزانمە. پیاوە دەمامکدارەکە گوتی: دەزانم ئێرە ماڵی تۆیە وس بە، هیچ قسە نەکەی. هەر ئەوەندەی گوت و گوللەیەکی نا بە نێوچەوانی مێردەکەمەوە".

ئەو ژنە دەڵێت "کە بە دەنگی دەرگاکە خەبەرمان بووەوە، سەیرم کرد بەس ئێمە کارەبامان نییە و هەموو گەڕەکە هەیانە، دواتر دەرکەوت هەر ئەو پیاوە سرکێتەکەی ئێمەی لە حەوشە هێنابووە خوارەوە".

بەپێی ئامارێکی پەیمانگای پزیشکی دادوەریی هەولێر، ساڵی رابردوو 169 پیاو بەهۆکاری جیا جیا بە گوللە کوژراون.

وەک ژنی رێباز باسی کرد، مێردەکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبووە و لە ماڵەوەش باسی هیچ کێشەیەکی نەکردووە، بۆیە ئەوان گومانیان لە هیچ کەس نییە و کەسیشیان لەلای پۆلیس تۆمەتبار نەکردووە.

هاوسەری رێباز گوتی "مێردەکەم کەسێکی زۆر دڵساف بوو، زۆر تێکەڵ بوو لەگەڵ خەڵک، تا ئێستا هیچ شتێکی لای من باس نەکردووە، ئەگەر کێشەیەکی لەگەڵ یەکێک هەبووایە دەمانزانی، هەتا ئێستا هۆکاری کوژرانی مێردەکەم نازانم".

بەقسەی خێزانەکەی، رێباز جگە لە کاری ئاسنگەری، نزیکەی 40 ئۆتۆمبێلی بەناو بووە، بەڵام خۆی خاوەنی هیچیان نەبووە "بە پارە ئۆتۆمبێلی لەسەر ناوی خۆی تۆمار دەکرد بۆ ئەو عەرەبانەی لە کوردستان نیشتەجێن، جگە لەوەش کەفیلی هەندێک عەرەب بوو کە هاتوونەتە کوردستان".

رائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "گومان لە دوو کەس هەیە کە دەستیان لە کوشتنی رێبازدا هەبێت، یەکێکمان دەستگیر کردووە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە".

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (298) دووشەممە 2014/2/17



## دڵنیا کامووسی دەبێتە دەرهێنەر

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیا کامووسی دەیەوێت لە ڕێگای دەرهێنانی فیلمێکەوە باس لە مێژووی شاری هەولێر بکات و دوو سیناریۆیشی بۆ فیلمەکە ئامادەیە.

دڵنیا کامووسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا دوو سیناریۆم ئامادەیە بۆ فیلم کە بەنیازم دوای نەورۆز دەست بە کاری وێنەگرتن بکەم. یەک لە سیناریۆکان باس لە مێژووی هەولێر دەکات و ئەوەی دیکەیان باس لە مرۆڤە بێ ئامانجەکان دەکات". گوتیشی کە بەنیازە خۆی ببێتە دەرهێنەری فیلمەکان.

دوایین کاری دڵنیا بەشداریکردن بوو لە فیلمی غیرەت کە لە دەرهێنانی یوسف لەشکری بوو.

# کۆڕێکی شیعری و پێشانگایەکی شێوەکاری لە وڵاتی هونەر



**ڕووداو- هەولێر**

شاعیری ناسراو سەرکەوت ڕەسوڵ بە نیازە دوای نەورۆز بۆ بەشداریکردن لە کۆڕێکی شیعری بچێتە ئیتاڵیا.

سەرکەوت ڕەسوڵ لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەلایەن ئینستتیوتی کورد لە ئیتاڵیا داوەت کراوین کە دوای نەورۆز بەیاوەریی دوو هونەرمەند بچینە ئیتاڵیا کە یەکێکیان هونەرمەندی شێوەکار محەممەد هاشمە، بەڵام ئەوی دیکەیان تا ئێستا دیاری نەکراوە".

سەرکەوت ڕەسوڵ لە ئیتاڵیا چەند پارچە شیعرێکی خۆی دەخوێنێتەوە و محەممەد هاشمیش پێشانگایەکی شێوەکاری دەکاتەوە.

# ئەلبوومێکی تازەی زاهیر جەلال



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زاهیر جەلال کە ماوەیەکی درێژە هیچ بەرهەمێکی هونەریی نییە، بەنیازە ئەلبوومێکی گۆرانی تۆمار بکات بەناوی (تێکشکان) کە لە 9 تراک پێکدێت.

زاهیر دەربارەی ئەم بەرهەمەی بە (ڕووداو)ی گوت کە بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکەی داوای لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە هاوکاری بکەن. گوتیشی "سەرجەم ئاوازەکانی ناو ئەلبوومەکەم خۆم دامناون، هەروەها هەندێک لە هۆنراوەکانیش هی خۆمن کە ئێستا تەنیا تۆمارکردنیان ماوە".

# ڕێبین جەمال یاسا بۆ ئەوین دادەنێ



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

موزیکژەن و گۆرانیبێژ ڕێبین جەمال ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی یاسای ئەوین و بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپی بۆ بکات.

سەبارەت بەو بەرهەمە ڕێبین بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو گۆرانییە لە ئاوازی خۆم و هۆنراوەی ئەکرەم ئەمینە". ڕێبین گوتی کە ئەم بەرهەمەی شتێکی جیاواز دەبێت لە کارەکانی پێشووی.

# تەنوورەکەی کیت شاژن تووڕە دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کورتی تەنوورەی کیت میدلتۆن، خێزانی شازادە ولیام، شاژن ئیلیزابێس تووڕە دەکات و نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر ئەم کارەی کیت دەردەبڕێت.

ڕۆژنامەی دەیلی مایلی بەریتانی ئاشکرای کردووە کە شاژن فەرمانی داوە بە کیت هیچی دیکە ئەم جۆرە کراسانە لەبەر نەکات کە بەشێکی زۆری لەشی بە دەرەوە بێت، بەهۆی ئەوەی چەندین جار لە بۆنە فەرمییەکاندا جلی کورتی لەبەر کردووە، کیت کراسەکەی بەهۆی باوە هەڵدراوەتەوەو شاژنی شەرمەزار کردووە.

# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کاتێکی باشە بۆ تەواوکردنی کارێک کە دواکەوتووە. چەندە پارەی زیاترت دەستبکەوێ ئەوەندەش خەرجییەکان زیاد دەبن، بەڵام دەتوانن پێداویستییە گرنگەکان پڕبکەنەوە.

**گا**
ململانێ بەردەوامەکانت ناتگەیەنێتە هیچ ئامانجێک، هەتا زیاتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بگونجێی ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت. گرنگییەکی زیاتر بەپلەوپایەی کۆمەڵایەتیتان بدەن. لەتوانای خۆت بڕوانە و هەوڵ بدە کارەکانت ڕێکبخەی.

**جمک**
تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و سەردانەکان هەندێک لە دڵتەنگییەکانت کەمدەکەنەوە. ئەو کارانە دوامەخە کە پەیوەندییان بە بژێویی ژیانتەوە هەیە. کاتێکی باشە بۆ بڕیاری گرنگ، بەئاگادارییەکی زۆرەوە کارەکانتان ڕێکبخەن. هەندێک کار کاتی زیاتریان پێویستە.

**قرژاڵ**
هەموو هێز و توانات لەکارێکی نوێدا بەگەڕدەخەی بۆ سەرکەوتن، بە دوودڵییەوە هەنگاو مەنێ، چونکە توانایەکی باش و زۆرت هەیە و دەتوانی کۆنترۆڵی تەواوی شتەکان بکەیت. هەرچەندە سۆزداری ئاسوودەت دەکات، بەڵام ئەنجامەکان بەو شێوەیە نییە کە هەست بەدڵنیایی بکەیت.

**شێر**
بەهۆی دیدار و پەیوەندییەکان و بەڵێنەکانەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت، بیرکردنەوەکانت ڕاستن، چونکە هەموو شتەکان لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێن. لەماڵدا خۆشەویست دەبن و کاتێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سۆزدارییەکان، دەبێت سۆزدارەکەت دڵنیا بکەیتەوە.

**گوڵەگەنم**
خۆشی لەم کەشە نوێیەی کارکردن وەربگرە و مەگەڕێوە بۆ گومان و ڕاڕایی، کارەکان لەوە خێراتر بەڕێوە دەچن کە پێشبینی دەکرا. گرفتی ئەم ماوەیە کورتخایەن دەبێت و بەئاسانی چارەسەری دەکەن. بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

**تەرازوو**
بەرنامەیەکی باشت بۆ کارەکان ئامادە کردووە، ئەگەر بە باشی جێبەجێیان بکەیت دەگەیتە مەبەست، بەڵام عینادی لەسەر شتێک مەکە لەگەڵ کەسانێک کە شارەزاییان لەتۆ زیاترە. هەست بەبێهیوایی دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان مایەی گەشبینین.

**دووپشک**
هەوڵ بدە کارەکانت بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکبخەیت و کەمتەرخەمی تێدا نەکەیت، سەرکەوتنت دەبێتە تاقیکردنەوەی توانکانت کە ئەوەش دەرگای نوێت بۆ دەکاتەوە. هەر کارێک پەیوەندی بەدەسکەوت و دەرامەتەوە هەبێت سەرکەوتنی تێدا بەدەستدەهێنن.

**کەوان**
مەهێڵە هەندێک بەربەستی بچووک ببێتە خەمی گەورە لە کاتێکدا دەزانیت کە لە کۆتایدا دەتوانی هەنگاو بەسەر گرفتەکاندا بنێی. لەگەڵ سۆزدارەکەت خاڵی هاوبەشی زۆرتان هەیە. پێویستتان بەسۆز و خۆشەویستی هەیە. بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە مەدە کە بۆت جێبەجێ ناکرێن.

**کاریلە**
هەنگاوە نوێیەکانت دەبێتە کلیلی کردنەوەی چەند دەرگایەکی نوێی بەختەوەری، ڕەنگە سوود لەگفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە وەربگرن، سۆزداری کەشێکی لەباری بۆ ڕەخساندوون و پێویستە دڵنیایی بدەنە بەرامبەرەکانتان. گرنگی بەتەندروستیتان بدەن.

**سەتڵ**
گرنگی بە هەنگاوەکانی خۆت بدەیت باشترە لەوەی خۆت بەراورد بکەی بە کەسانی دیکە. لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە و نووسین. چەند خۆت لە گرفتەکان بپارێزیت ئەوەندە لەسەرکەوتن نزیک دەبیتەوە، پێویستە گوێ لە داواکاری و پێشنیازەکانی بەرامبەرەکانتان بگرن.

**نەهەنگ**
پشتگوێخستنی هەندێک لە کارە گرنگەکان ڕووبەڕووی قەیرانی زیاترت دەکاتەوە، هەوڵ بدە کارەکانت لەکاتی گونجاو بەئەنجام بگەیەنە. پەیوەندییەکانتان زۆر دەبێت، بەڵام دیدارە گرنگەکان دوا دەکەونەوە. سەردانەکانتان بۆ شوێنە کۆمەڵایەتییەکان چڕبکەنەوە.

**بەکشتی:**
تیشکی هەتاو لە بورجی گۆزەیە کە ئەمە کاتێکی باشە بۆ ئاشتکردنەوەی ئەوانەی لێمان زویر بوون، یان دروستکردنی پەیوەندییەکی گرنگ. هەسارەی عەتارید لە قەیرانەکەی ڕزگاری نەبووە، هێشتا دەبێت ئاگاداری خۆمان بین و کۆنترۆڵی بیرو هۆشمان بکەین، ئەم ماوەیە بەهەموو شتێک بێزار دەبین و خێرا هەڵدەچین و تووڕە دەبین، دەبێت کەمێک خۆمان هێور بکەینەوە، ڕێگە نەدەین کۆنترۆڵمان لەدەست دەربچێت و بەدەستی خۆمان گرفتێک دروست بکەین. نهێنی سەرکەوتن لە هەر کارێکدا گەشبینییە، بۆیە بەدیدێکی پڕ لەهیواوە بڕوانە ژیان و چاوەڕوانی بیستنی هەواڵی خۆش بە.

# ڕۆمانێکی چارلی چاپلن بڵاودەکرێتەوە




**ڕووداو- AFP**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر ڕۆژی لە دایکبوونی ئەکتەری کۆمیدی چارلی چاپلن، بۆ یەکەمجار ڕۆمانێکی ناوبراو لە ئیتاڵیا بڵاوکرایەوە کە مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 60 ساڵ لەمەوبەر.

ئەم ڕۆمانە بڵاونەکراوەی چارلی بە ڕەزامەندی بنەماڵەکەی لەچاپ دراوە، کۆمەڵەی چاپلن کە میراتگری چارلین سەرپەرشتی دەکەن و ڕایانگەیاند کە نزیکەی 1500 بەڵگەنامە و کەلوپەلی ئەو ئەکتەرە لای ئەوان پارێزراوە، ئەم ڕۆمانەش یەکێک بووە لەو بەڵگەنامانە.

چارلی چاپلن ئەکتەرێکی کۆمیدی و دەرهێنەر و ئاوازدانەرێکی ئینگلیز بوو، کە ناوبانگی بەهۆی فیلمە بێدەنگەکانییەوە دەرکرد.

# نانی عادل ئیمام دەخوات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری تونسی دارین حەداد بۆ میدیاکانی ئاشکرا کرد کە عادل ئیمام هۆکاری ناوداربوونی بووە، بەهۆی بەشداریکردنی لەگەڵ عادل ئیمام لە کاری هونەری.

لە بەشێکی قسەکانی دارینددا هاتووە کە تەنیا لە یەک ئەڵقەی درامای تیپی ناجی عەتاڵا بەشداری کردووە، بەڵام ئەوە هێندەی دەیان فیلم و دراما ناوبانگی بۆ پەیدا کردووە.

دارین حەداد دەڵێت عادل ئیمام زۆر بە ڕۆڵی ئەو سەرسام بووە و گوتوویەتی ئەگەر زووتر تۆم بدۆزیبایەوە ڕۆڵی سەرەکیم بە تۆ دەدا "ئەمەش جێگای شانازییە بۆ من کە ئەم هونەرمەندە مەزنە پشتگیری من بکات".

لە ڕۆژانی ڕابردوو بەهۆی دزینی پاسۆوردی پەیجی دارین زۆربەی نهێنییەکانی ئەم ئەکتەرە ئاشکرا بوون و دەیان وێنەی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرانەوە.

# کۆشکی سپی دەیەوێ جاستن بیبر دەربکات



**ڕووداو- Gololy**

خانمی یەکەم ئەمریکا میشێل ئۆمابا ئامۆژگاری دایکی گۆرانیبێژ جاستن بیبر دەکات، لەگەڵ ئەوەش داوای لێدەکات لە کوڕەکەی نزیک بێتەوەو کێشەکەی چارەسەر بکات.

میشێل ڕایگەیاند ئەگەر من دایکی بیبر بوومایە زۆر لە کوڕەکەم نزیک دەبووم، بەتایبەتی دوای ئەو هەموو کێشە یاساییانەی ڕووبەڕووی بیبر دەبنەوە، هەروەها گوتی کە دایک دەبێت بزانێت کوڕەکەی لەگەڵ کێ هاتوچۆ دەکات و برادەرایەتی کێ دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دایکی دەبێت ڕۆڵی خۆی ببینێت.

بەڵام دایکی بیبر قسەکانی میشێل ئۆباما ڕەتدەکاتەوە و بە ناڕاست وەسفیان دەکات، هەروەها سەرسوڕمانی خۆشی دەربڕی بەرامبەر میشێل و دەڵێ "کۆشکی سپی دەیەوێت کوڕەکەم لە ئەمریکا دەربکات".

# وێستێرن زاگرۆس پێشبینی دۆزینەوەیەکی گەورەی نەوت دەکات لە گەرمیان




**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**


کۆمپانیای وێستێرن زاگرۆس پێداچوونەوە بە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیدا دەکات لە هەرێمی کوردستان.

لە بلۆکی گەرمیان، وێستێرن زاگرۆس بە نیازی ڕادەستکردنی پلانی قازانجداربوونی ئەو کێڵگەیەیە و ڕایگەیاندووە لە بیری بارام 1-لە بلۆکی گەرمیان نەوتی سووک دۆزراوەتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی وێستێرن زاگرۆسدا سەبارەت بە دوایین چالاکییەکانی کۆمپانیاکە لە هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاوکراوەتەوە هاتووە:

هەڵسەنگاندنە سەربەخۆکان لە کێڵگەی کوردەمیر لە ئەنجامی هەڵکەندنی بیری کوردەمیر 3- وەک خۆیان ماونەتەوەو نەگۆڕاون. دوایین هەڵسەنگاندنەکانی یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگەیە بە 750 ملیۆن بەرمیل نەوت خەملێندراوە.

لە دۆزینەوەی سەرقەڵا پلانی قازانجداربوون و پەرەپێدانی ئەو کێڵگەیە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنرێت.

لە بیری بارام1-، ناوچەیەکی نەوتی سووک بە قوڵایی 73 مەتر دۆزراوەتەوە و ئەگەر هەڵکەندنەکان بەردەوام بن تا دەگاتە "چینی بەردینی بارام"، ئەگەری هەیە ستوونی نەوتەکە گەورەتر بێتەوە بۆ 500 مەتر، ئەوەش هێمایەکە بۆ دۆزینەوەیەکی گەورە. پێشبینییەکان بۆ قەبارەی نەوتی یەدەگ پاش تاقیکردنەوەی زیاتر ڕادەگەیەنرێت.

هەڵکەندنی بیری حەسیرە 1- پشتڕاستی کردووەتەوە کە نەوتی سووک لە کێڵگەی جەرییە دۆزراوەتەوە و هەڵکەندنەکانی ئەو بیرەش بۆ چینەکانی قووڵتر درێژەی پێدەدرێت.

تاقیکردنەوەکان لەسەر بیری کوردەمیر 2- بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەوام دەبێت بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەو کێڵگەیە.

کاری زیاتر لەسەر بیری سەرقەڵا 1- دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کە ئێستا ڕۆژانە 5 هەزار بەرمیلە.


لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا دەرکەوتووە کێڵگەی کوردەمیر کێڵگەیەکی گەورەی نەوتییە و یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگەیە نزیکەی یەک ملیار بەرمیلە، بەو پێیە ئەو کێڵگەیە بە کێڵگەیەکی گەورەی نەوتی ئەژماردەکرێت.

کۆمپانیای وێستێرن زاگرۆس پلانی هەیە قازانجداربوونی ئەو کێڵگەیە و هەروەها پلانی پەرەپێدانی ڕادەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

کۆمپانیای وێستێرن زاگرۆس ڕایگەیاندووە کە زۆر خۆشحاڵن بەوەی لە ئەنجامی هەڵکەندنی بیری نەوتی بارام1- لە بلۆکی گەرمیان نەوتی سووک دۆزراوەتەوەو ئێستا سەرقاڵی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکانن لەسەر ئەو بیرە.

وێستێرن زاگرۆس هەروەها ڕایگەیاندووە کە بەپێی دۆزینەوەی سەرقەڵا، پلانی قازانجداربوونی کیلڵگەی گەرمیانیان ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی هەناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێی هێڵی نوێی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، پێشبینی دەکەن نەوتی سووکی کواڵیتی بەرزی دۆزراوە لەلایەن ئەو کۆمپانیایە، ببێتە بەشێکی گرینگ لە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

# نەوتی خاو نیعمەت، یان نەگبەتی!




## پێشینان دەڵێن: گشت هێلکەکان لە سەبەتەیەکدا دامەنێ


**د. ڤەیوان سیوەیلی** ※


نەوتی خاو بەهۆی پێگەی گرنگی لە گشت بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت و بەردەوامیش میدیای خۆماڵی و دەرەوەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەتایبەتی لە وڵاتی خۆماندا کە گشت کارتە سیاسیە ئابووریەکانمان لەسەر چارەنووسی نەوتی خاو دانــاوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو پەندە پێشینانەی کە دەڵێت " گشت هێلکەکانت لە سەبەتەیەکدا دامەنێ!"

لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، هەنگاو بەهەنگاو سامانی سروشتیی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی گشت جومگە گرنگەکانی پیشەسازی و ژیانی ئاسایی مرۆڤیان قۆرخ کرد. لەپاش داهێنانی ئۆتۆمبیل و فڕۆکە و کەشتی زەبەلاحی دەریایی، ئیتر بەرهەمی نەوتی خاو بواری گواستنەوەشی بەخۆیەوە گرێدا. نەوت بەهۆی ئاسانیی گواستنەوەی، چڕی وزەی نێوی، توانای وەرگێڕانی بە ساکاری بۆ گشت بەرهەمە جۆراوجۆرەکان، هەر زوو پێش خەڵوزی بەردین کەوت و ئەمڕۆکە نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی و خەڵوزی بەردیندا نزیکەی 95% ی وزەی نێو گشت بوارەکانی پیشەسازی، وەرگێڕانی وزە بەتایبەتی کارەبا، گواستنەوە و گەرمیی نێومالان دەگرنە ئەستۆ، واتە دەتوانرێت سەدەی بیست و بیست ویەک بە چەرخی نەوت پێناسە بکرێت و زەحمەتیشە تا دەیان ساڵی دیکە جێگرەوەی بۆ بدۆزرێتەوە، هەربۆیەش ئەمڕۆ جیهان و ئابوورییەکەی دیلی دەستی نەوتی خاون.

گشت جومگەکانی خۆشگوزەرانی ئەمڕۆکەی مرۆڤ بە نەوتی خاوەوە بەندە و وەکو کاڵایەکی بازرگانیش ڕۆژانە کاریگەری لەسەر ئابووری جیهان بەرجەستەیە، ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەم سەرچاوە سروشتیەن دەتوانن وەکو پاڵپشتێکی ئابووری بەبێ گرفت لە ڕێی فرۆشتنیەوە بە سەدان ملیار دۆلار بهێننە نێو ئابووری وڵاتەکەیانەوە. بەڵام ئەو پرسیارەی کە لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە زۆربەی ئابووریناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوەیە کە ئایا چۆن بتوانین سوود لەم سامانە سروشتییە وەربگرین وەکو نیعمەتێک بۆ وڵات؟ یاخود بۆچی ئەو وڵاتانەی سوودیان لەم سامانە سروشتییە وەرگرتووە زۆر دەگمەنن و لە یەک دوو وڵات تێناپەڕن؟

زۆربەی یەدەگی سەرچاوەی سروشتیی نەوتی خاو و گاز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چڕبووەتەوە، بەڵام پڕکێشەترین و ناسەقامگیرترین ناوچەش لە سەرتاسەری جیهاندا بەهەمانشێوە ئەم دەڤەرەی ئێمەیە! ئایا ئەم ناسەقامگیرییە ئابووری و سیاسیە پەیوەندی بە خاوەندارێتی سامانی سروشتییەوە هەیە؟ لە نێو وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی خاو ئێران، ڤەنزوێلا، عێراق، جەزائیر، نەیجیریا و لیبیا وەکو نموونە دەهێنینەوە کە تا ئەمڕۆکەش نەوت بووەتە هۆکاری دارمانی ئابووری و ناسەقامگیریی سیاسی و جەنگ و ماڵوێرانی، گشت ئەم وڵاتانە بە یەک ئاڕاستە لە بەرامبەر لافاوی دۆلاری نەوت یەک هەڵوێست کاردانەوەیان نواندووە و لە ئاکامیشدا بەیەک ئاڕاستە گرفتاری کێشە ئابووریە ڕامیارییەکان بوون، ئەم وڵاتانە بەسەر سێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکادا دابەش بوون، بەڵام گرفتە ئابووری و ڕامیاریەکانیان هاوشێوەن، ئەویش بەهۆی ئەم کۆمەڵە کێشەیەوە کە لە ئەنجامی وەرگرتنی پیترۆدۆلارەوە هاتووە و لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

1. هەڵاوسانی خەرجیەکانی ڕۆژانەی حکومەت، چ خەرجی بەڕێوەبردن یاخود مووچەی بێئەندازە و دامەزراندنی بەلێشاوی هاووڵاتیان بە مووچە بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانیان.

2. بەسەربازیکردنی وڵات و خولقاندنی لەشکرێکی بخۆری پڕ هەزینەی سەربازی و کڕینی کەرەسەی سەنگین و گرانبەهای سەربازی.

3. بەرنامەی بێ سەروبەرە کە گوایا دەیانەوێت بە خێراییەکی بێ هاوتا وڵاتەکەیان بەرەو پیشەسازی ببەن و خۆیان ئاوقەی کۆمەڵە پرۆژەیەکی سەنگینی پڕ هەزینە بکەن.

4. لادانی خێرای سیستەمی باج لەسەر گشت پایەکانی ئابووریی وڵات.

5. وردە وردە پیشەسازی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت گشت پایەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی خۆماڵی، کشتوکاڵ و بازرگانی نێوخۆیی خاپوور دەکات تا ئەو ڕادەیەی کە خەرجییەکانی وڵات بەرامبەر دەرامەتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەوەستێتەوە، بگرە هەنگاو بە هەنگاو لەویش تێپەڕ دەبێت و هەزینەی بەڕێوەبردنی حکومەتەکان لە دەرامەتی بەدەستهاتووی ڕۆژانەش زیاتریان پێویستە.

6. وەکو دوو سەری تیغ دابەزین و هەڵگەڕانی نرخی نەوتی خاو ئابووری وڵات دەهەژێنێ (هێڵکاری 1).

لەئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو بەهۆی لافاوی پیترۆدۆلار بۆ نێو خەزێنەکانی وڵات نرخی دراوی وڵات بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت و هەڵاوسانی دراوی خۆماڵی لێدەکەوێتەوە و بەم هۆیەوە پیشەسازی و بەرهەمی ناوخۆ گرانتر و بەرهەمی دەرەکی هەرزانتر دەوەستێت تا ئەوکاتەی پیشەوەرانی ناوخۆ و بەرهەمەکانیان کێبڕکێی بەرهەمی دەرەکییان پیناکرێت و لەناودەچن، تائەوکاتەی گشتیان بێکار دەبن کە ئەمەش وردە وردە هاوردەی بەرهەمی دەرەکی بەروبوومی پیشەوەرانی ناوخۆیی و کشتوکاڵی لەناودەبات و ساڵ لە دوای ساڵ لەشکری بیکاران گەورەتر دەکات، واتە ناڕەزایی و ناسەقامگیری پەرەدەستێنێ. نرخی شتومەک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت و لە ماوەیەکی چەند ساڵەدا چەند قات دەبێت، کە ئەمیش ناڕەزایی چینی هەژاری لێدەکەوێتەوە.

بەگشتی کەرتی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت (ئەگەر بەرەو بواری پیترۆکیمیاوی و تەکنۆلۆجیای گشتی نەوت هەنگاو نەنێت) ئەوا لەبەر بچووکی و قۆرخکاری لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوە و سەرمایەدارانی سەنگین لە بنەڕەتدا پێویستی بە کادیری لێوەشاوە و شارەزا هەیە و گشت وێستگەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە کادرێکی کەم بەڕێوەدەچن و بەرهەمەکانیشیان بەبۆری دەگوازرێنەوە، هەر بۆیە ئەم کەرتە لە بواری دۆزینەوەی هەلی کار ناتوانێت جێگەی گشت کەرتەکانی دیکەی پێ بگیرێتەوە، واتە کەمتر لە 2%ی کرێکارانی وڵات لەخۆدەگرێت، هەربۆیەش بەهۆیەوە ناتوانرێت گرفتی بێکاری چارەسەر بکرێت کە ئەگەر ڕێژەی بیکاران لە وڵاتدا لە سەرووی 15% بێت.

بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئەم تەکنۆلۆجیایە بەهۆی پێشکەوتوویی کەرەسەکانییەوە، ناتوانرێت ئامێرەکانی بەئاسانی لە بازاڕەکانی ناوخۆدا دابین بکرێن و بازاڕی ناوخۆ لە ئەنجامی گەشەسەندنیدا نابووژێنرێتەوە، واتە وابەستەییمان بە بازاڕی کەرەسەی ئامێرە پێشکەوتووەکانی دەرەوە زیاتر دەکات.

لەگشتیان گرنگتر ئەوەیە کە نەوتیش کاڵایەکی ئابوورییە و نرخەکەی پەیوەستە بە گشت گۆڕانکارییە سیاسیی و لێکتێگیشتنە ئیقلیمیەکان، واتە کاڵایەکی جیپۆلیتیکی کە بەردەوام نرخەکەی لە هەڵسان و دابەزینداية، کاتێک نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا دادەبەزێت ئیتر بە تیغێکی دوسەرە ئابووری وڵات تووشی شۆک دەکات و حکومەت توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئابوورییە قەبە داڕێژراوەی نامێنێت و کەمیی پارە و وەستاندنی گشت پرۆژەکان و ڕاگرتنی بەخشیش و شاباشی حکومەت بۆ گەل، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی دووبارەی ناڕەزایی زۆربەی دانیشتووانی وڵات دژ بە حکومەت. حکومەتی وڵاتەکانی ئێران، ڤەنزویلا، نەیجیریا، جەزائیر لە ئەنجامی هەڵگیرسانی ناڕەزایی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لەساڵەکانی 1975 تا 1990 لە بازاڕەکاندا لەناوچوون یان تووشی قەیرانی مەزنی دارایی و ناسەقامگیری بوونەوە.

نەوتی خاو بووە نەگبەتی و هۆی کاولکاریی ئابووری ئەم وڵاتانە، چونکە ئەوان توانای بەڕێوەبردنی ئاوەها سامانێکی بێشوماری هەڵڕژاوی ڕۆژانەیان نەبوو. سیستەمی بەڕێوەبردن و حوکمداری وڵاتیان نەچەسپاو بوو، واتە حکومەت پتەو نەبوو، پایەکانی گەشەی نەکردبوو. نەوتی خاو بووە هۆی ئەوەی گشت چینێکی نێو ئەو وڵاتانە لە زۆرینەی کرێکاران، فەرمانبەران و چینی ناوەڕاست و چینی بچوک بەڵام پڕدەسەڵاتی سەرمایەداران داواکاریی ڕۆژانەیان لە حکومەتەکەیان بەرەوسەرێ هەڵکشێت و تەنانەت سەربازەکانیش داوای کەرەسەی پێشکەوتوو و دەرامەتی باشیان دەکرد و حکومەتیش توانای هێنانەدی گشت ئەو داواکاریانەی نەبوو، بۆیە سەرئەنجام لە ئاست هێنانەدی ئاواتەکانی گشتیان لاواز بوو.

کادیرەکانیان توانای بەڕێوەبردنی کەرتێکی ئاوەها پیشەسازیی پێشکەوتوویان نەبوو، چونکە سەرەتا نەشارەزابوون و پاشانیش بەهۆی کۆنتاکتی ڕۆژانەیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیە دەرەکیەکان گەندەڵ و مشەخۆربوون کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئامادەبوون لە گشت مافێکی گەلەکەیان بگوزەرێن، هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە لە نێو گشت کەرتە پیشەسازییەکاندا بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی سروشتی کارێکی دژوار بێت.

لە کۆتایی ساڵانی حەفتادا ئەم کۆمەڵە وڵاتە هیچ سوودیان لە بەروبوومی نەوت نەبینی و بگرە بەهۆی ڕاکێشانی قەرزەوە هەریەکەیان بە سەدان ملیار دۆلار تووشی قەرزی دەرەکی بوون کە دەبوو نەوت بفرۆشن و باجی قەرزی ساڵانەی پێبدەنەوە و تەنیا بۆ بانکە دەرەکییەکان نەوتی خاو بفرۆشن، واتە حکومەتەکانیان بەهۆی ئەم گرفتانەوە لە گشت جومگەکانی ئابووری و بەڕێوەبردن فەشەلیان هێنا، بۆیە یەکڕاستە بەو سەرئەنجامە دەگەین کە بەڵێ داهاتی پیترۆدۆلار بۆ ئەم وڵاتانە جگە لە نەگبەتی و ئازار هیچی دیکەی بۆ نەهێنان.


هۆڵەندا پاش چارەسەرکردنی گرفتی سامانی نەوت واتە پەتای هۆڵەندی (Dutch disease)، بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە توانی بەسەر گرفت و نەگبەتیی پیترۆدۆلاردا زاڵ بێت. بە هەمانشێوەش نەرویج لە بەراوردی ئەم وڵاتانەدا لەساڵەکانی سەرەتای 1960 کاتێک دەبێتە خاوەنی ئەم سامانە سروشتییە، خاوەنی حکومەتێکی دامەزراوەیی گەشەسەندوو بوو، ڕاستە کارمەندەکانی شارەزای ئەم کاڵا تازە ئابوورییە نەبوون، بەڵام لەهەمانکاتدا لە توێژێکی نوخبە و شارەزا و پێگەیشتووی وڵات پێکهاتبوون و تووشی پەتای گەندەڵی نەبوون و توانییان خێرا ڕێگەچارەی شیاو بۆ تێگەیشتن لەم کاڵا ئابووریەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان بدۆزنەوە. ئەوان هاتن ئابووری نەوتیان بۆ پاڵپشتی ئابووری چەسپاوی وڵات بەکارهێناو ڕێگەیان نەدا پیترۆدۆلار خۆی بخزێنێتە نێو گشت جومگەکانی پیشەسازی وڵاتەوە. نەرویج پیشەسازی نەوتی خاوی خستە خزمەت گشت پیشەسازییەکانی دیکە کە ئەمەش بە پێچەوانەی هەڵوێستی وڵاتانی وەک ئێران، عێراق، ڤەنزوێلا، نەیجیریا و جەزائیر بوو. دەتوانرێت بگوترێ کە ئێستا دۆلاری سامانی نەوت بووەتە نیعمەت بۆ حکومەتی نەرویج و هاووڵاتیانی.

لەڕاستیدا ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، بۆیە لێرەدا دەمەوێت ئەم باسە لە کورتی ببڕمەوە. بیرمەندانی بواری ئابووری ئەو وڵاتانەی کە سەرووتر لە 45%ی داهاتی ساڵانەیان لە ئەنجامی فرۆشتنی سامانە سروشتییەکانەوە (نەوتی خاو، گازی سروشتی، کانزا فلزیەکان، قاوە، ئەڵماس، ئاڵتون...) بەدەستدێنن بە وڵاتی بخۆر یاخود وڵاتی ڕەنتی (Rentier State) پێناسە دەکرێن.

هەروەکو وڵاتانی سەرەوە، دەرامەتی سەرەکی هەرێمی کوردستانیش، (سەرووی 95%)، لە ئەنجامی فرۆشتنی سامانی نەوتی خاوەوە دەگاتە نێو ئابووریی وڵات و ئابووری نەوتی خاو گشت جومگە گرنگەکانی ئابووریی وڵاتی داپۆشیوە، ئەگەر ئێمە بەراوردی ئابووری هەرێمی کوردستان بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئەم هەرێمەش دەقاودەق وڵاتێکی بخۆرە (Rentier State) وەکو نموونەکانی ئێران، عێراق، نەیجیریا و جەزائیر. زۆربەی گرفتەکانی سەرەوە دەتوانرێت بەزەقی لە نێو ئابووری هەرێمی کوردستاندا ببینرێ. ئێمە لە عێراقەوە بەهۆی وەرگرتنی بودجەی ساڵانە دووچاری پەتای هۆڵەندی بووین و واخەریکە خۆشمان بەدەستی خۆمان هەنگاو بە هەنگاو گشت ئابووری وڵاتمان بە دەرامەتی نەوتەوە دەبەستینەوە، بەداخەوە ئێستا کۆمەڵگای کوردەواری عادەت و خووی بەوەرگرتنی مووچە و پاداشتەوە گرتووە و کەمتر بیر لە ڕێگەیەکی شیاوتر بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیان دەکەنەوە، کە ئەمەش دواترۆپکی ئاڵوودەبوون بە پەتای هۆڵەندیە.

ئیدی ئەمە ئەرکی کاربەدەستانی وڵاتە کە چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتانە بدۆزنەوەو سەرئەنجام ئەم سامانە سروشتییە لە نەگبەتیەوە بگۆڕن بۆ نیعمەت و سەبەتەی ئابووریی وڵات تەنیا کەرتی نەوتی تێدانەبێ.

※ شارەزا لە بواری وزە




هێڵکاری 1: گۆڕانکاری لە نرخی نەوت لەماوەی 30 ساڵدا



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)



# فشاری کار دەروون و جەستە نەخۆش دەخا

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

سـەفین عەبدوڵڵا، خوێندکاری زانکۆ، دوای تەواوبوونـی دەوامـی خوێندن، ئێواران ئیشـی تاکسـی دەکات. ئەو دەڵێت هیچ پشـوو نادات و هەمیشـە مانـدووە "خوێنـدکاری زانکۆ دوای دەوامی زانکۆ پشوو دەدات، شۆفێری تاکسیش هەرچەند بە رۆژیش ماندوو بێت، شەو دەتوانێت پشـوو بدات، بەڵام من پشـووی هیـچ کامیانم نییە".

سەفین دەڵێت کە لە دەوام دەگەڕێتەوە، نان دەخـوات و دەچێت بۆ ئیشـی تاکسـی. کە لە ئیشی تاکسیش تەواو دەبێت دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دەبێـت خۆی بۆ وانەکانی سـبەینێی ئامادە بـکات، بۆیە کاتێکی زۆر سـنووورداری هەیە بۆ پشوو.

ئـەم ماندووبوونـە هـزری و جەسـتەییەی سـەفین بە "Stress" ناودەبرێت کە رێکخراوی تەندروسـتی جیهانـی بەمشـێوەیە پێناسـەی کـردووە "وەڵامدانـەوەی جۆراوجۆری جەسـتە و هـزری مرۆڤە، کاتێک رووبـەڕووی کارگەلێک دەبنـەوە کـە لـە سـەروو توانا جەسـتەیی و هزریەکانیانـەوە بێت و ئەسـتەم بێـت بتوانن خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن".

هەرچەنـدە سـاڵی رابردوو تەنیـا 80 کەس (50 پیاو و 30 ژن ) لە شـاری سلێمانی وەکو تووشـبووی نەخۆشـیی دەروونی تۆمار کراون، بەڵام پزیشـکان دەڵێن ژمارەی ئەو کەسـانەی نیشانەی ناساغی دەروونییان تێدا دەردەکەوێت، روو لەزیادبوونە

دکتۆرە نەشمیل رەسول، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشـییە دەروونییەکان بـە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئێسـتا گەنجـەکان دەیانەوێت دەسـتکەوتێکی مـاددی باشـیان هەبێت، بۆیە لـە ئیشـێک زیاتـر دەکـەن. یان هاوسـەرن و دەوامەکانیـان پێکەوە ناگونجێت و لە ئەنجامدا کاتێکـی زۆر کەم پێکەوە دەبن. ئەمانەش رێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە فشاری دەروونی".

بەپێـی ئـەو توێژینەوانـەی لـە ئەمریـکا ئەنجامدراون، سـێیەکی فەرمانبەران هەست بە برێکـی زۆری فشـاری کار دەکـەن، چواریەکی فەرمانبەران پیشـەکەیان بە هـۆکاری یەکەمی فشاری دەروونی دەزانن لە ژیانیاندا، سێ لەسەر چواریشـیان دەڵێن فەرمانبەری ئێستا فشاری دەروونییان لە ئەنجامی ئیشەکەیانەوە لە نەوەی پێشتر زیاترە.

دکتۆرە نەشمیل دەڵێت جگە لە فشاری خودی ئیشـەکە، زۆر لەو کەسـانەی زیاد لە پێویست ئیـش دەکەن گرفتی ماددییـان هەیە و ئەوەش گرفتی دەروونی سـەرباریان بۆ دروسـتدەکات، هەروەها ئەوەش کە ماوەیەکی زۆر لەسەر کارن و تەنهـا لەکاتـی خـواردن و نووسـتندا لەگەڵ خانەوادەکانیانـن، بـارە دەروونییەکەیان ئاڵۆز دەکات.

وەک ئەو پزیشـکە پسپۆڕە باسـی دەکات، ئاستی خۆگونجاندنی کەسەکە لەگەڵ فشارەکان جیاوازە بەپێی:

– کەسێتی ئەو کەسە: هەندێک کەس توانای خۆکۆنترۆڵکردنیان زیاترە.

– جـۆری کارەکان: خۆگونجانـدن لەگـەڵ هەندێک کار ئاسانترە لە هەندێکی دی.

– دەسـتکەوتی کارەکـە: ئەگەر لە ئەنجامی کارە زۆرەکـەدا، پاداشـتێکی مـاددی زیاتـری دەستبکەوێت، پاڵنەرێکی دەروونی باشتر دەبێت بۆی.

هەندێـک کەس تـا چەند مانگێـک دەتوانن بەسەر فشارەکاندا زاڵ ببن، بەڵام دواتر فشارەکە بەسەریاندا زاڵ دەبێت و بەو هۆیەوە نیشانەکانی ناتەندروسـتیی دەروونییان تێـدا دەردەکەوێت، لەوانـە دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و تێکچوونی ریتمی خەو.

لە وێبسایتی ئینسـتتیوتی فشاری دەروونی ئەمریکیدا هاتووە "توێژینـەوەکان دەریدەخەن ئێستا فشـاری کار رێخۆشکەرێکی گەورەیە بۆ تووشـبوون بە بەرزی فشاری خوێن و نۆرەدڵێ و نەخۆشـییەکانی دیکـەی دڵ و لـە هەندێـک ویلایەتی ئەمریکادا کاتێک کارمەندێک تووشـی نۆرەدڵێ دەبێت لێی دەکۆڵنەوە کە ئایا بەهۆی فشـاری پیشەکەیەوە تووشـی ئەو نەخۆشییە نەهاتووە تا قەرەبوو بکرێتەوە؟".

بۆ ژنان، هەراسانکردنی سێکسی هۆکارێکی تووشـبوونە بە فشـاری دەروونی لـە ئەنجامی جۆری پیشەدا. بەپێی رووپێوییەکی رێکخراوی ئاسوودە، ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان رووبەڕووی هەراسـانکردنی سێکسـی بوونەتەوە و روویان لە رێکخراوەکە کردووە بەمەبەسـتی دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ گرفتەکەیان.

جوان عوسـمان، کارمەنـدی رێکخراوەکە بە (تـۆڕی میدیایـی رووداو) ی گوت "سـاڵی پار لە سلێمانی 179 ئافرەت ئاشکرایان کردووە کە رووبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی بوونەتەوە".
بە گوتەی جوان بەشـێک لەو ژنانە لە شـوێنی کارەکانیـان زۆرکات لەلایـەن بەڕێوەبـەر و بەرپرسـەکانیانەوە ئـەو جـۆرە گوشـارەیان خراوەتە سەر.

پزیشکانی پسپۆڕ دەڵێن ئەگەر کەسی دەروون ناساغ هاریکار بێت، دەتوانین هاریکارییان بکەین و فشارە دەروونییەکانیان لەسەر کەم بکەینەوە.

د.نەشـمیل رەسـوڵ دەڵێت "تەکنیکەکانی خاوکردنـەوە بە نموونە یۆگا و هاوشـێوەکانی، هاریکار دەبن بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی. لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا پێویست دەکات بە دەرمان لە فشاری دەروونی رزگاریان بکەین".

وەک ئەو پزیشـکە گوتی، وازهێنان لە کاری بێزارکەر بەشێکە لە چارەسەر، بەڵام ئێمە وەک پێشـنیاز پێیان دەڵێین "چونکـە دواجار ئەوە باری دارایی و کۆمەڵایەتی کەسـەکەیە کە بڕیار دەدات واز لـە پیشـەکەی بهێنێـت، نەک تەنیا لایەنە دەروونییەکە".



**د.ئیکرام حوسێن**

## ئاشتی ناخ لە قەیراندایە

لەوانەیە زۆربەمان بیرمان لەوە نەکردبێتەوە کـە دەشـێت قسـەیەکی رەق، ببێتـە هـۆی خەوزڕاندنـی سـێ شـەوی بەرامبەرەکەمان و تێکدانـی ئاشـتیی نێو ناخی. ئێسـتا بەناوی سـەراحەتەوە هـەر کەسـێک هەڵدەسـتێ و قسـەیەکی رەق و بـێ مانـات وەک فیشـەک پێوەدەنێـت، رۆژ دوای رۆژ قسـەکان رەقتـرو خاوەنەکانیشـیان زیاتـر دەبـن. بـۆ مـن کە پسـپۆڕی دەروونـی نیـم لە چەند قسـەیەکی سادەو ساکار زیاترم پێ نییە، بەڵام ئەوەندەی هەستی پێدەکەم لەم رۆژانەدا دەبێت بە تایبەت بەدوای خەڵکی دڵخۆشدا بگەڕێی.

دڵ بـۆ هـەر کـەس دەکەیتـەوە، دنیایەک خەمی لە ناخیدا هەڵگرتووە، مامۆسـتا دەڵێ خوێندکاری ئەمڕۆ هیچیان تێدا بەسـەر نییەو خوێندکاریـش هەمـان رای هەیـە بەرامبـەر مامۆستا، هەر کەسێکیش بزانێت کۆلکە ناوێکی پزیشکیت هەیە، راستەوخۆ پێتدەڵێ پزیشکانی ئێمە هیچ نـەزان و هیـچ لەباردانەبوون، ئەوە ئەگـەر کەمێکیـش گوێ لە خەمی پزیشـکان بگریت، تێدەگەیت نەخۆشـی سەیروسـەمەرە چەند ژمارەیان زۆرە. کاتێکیش لەناو تاکسییەک و لەگەڵ شـۆفێرەکەیدا دەکەویتە قسە، خەمی ئەوانیـش کەم نییە، مووچـە نییە و کەس بە تاکسـی هاتوچۆ ناکات، پێشینە نادرێ و بازاڕ تووشـی شـەلەل بووە، جگە لـەوەش ژمارەی تاکسـی خەریکە زیاتر دەبێت لـە ئۆتۆمبێلی تایبەت.

کاتێکیـش لـە ترافیکێکـدا دەوەسـتیت و زەردەخەنەیـەک دەگریتە بەرامبەر، مۆڕەیەکی عەنتیکـە وەردەگریتـەوە، لـە ناکاویشـدا ئۆتۆمبێلێک نۆرەبڕی دەکات و دێتە بەردەمت، بـێ ئەوەی رێز لەو وەسـتانەی تـۆ و ئەوانەی دواتـەوە بگرێت، بێگومان ئێـوەش بۆ هێلکە نەوەستاون و دەتانەوێت بڕۆن.

کاتێکیش دەڕۆیتە ماڵەوەو بڕیار وایە پشوو بدەیت، دەچیتە فەیسـبووک و لەوێ دنیایەکی دیکەیـە، ئـەدەب و مەعریفـە دەبارێت، بەڵام دیسـان لەوێش رۆح لە جیاتی ئاسوودەبوون، کرژتـر دەبێت، یەکێک دەڵێ نەفرەت و یەکێک دەڵـێ رەحمـەت بنێـرە، چەندینـی دیکەش دەبینی لەبەر چەند لایکێک جۆرەها شتی قۆڕ بڵاودەکەنەوە، بە کوردییەکەی دەگمەن رێت لە شتێکی دڵخۆشکەر دەکەوێت.

ئـەوەی لـەم دەوروبـەرەی ئێمـەدا کەس نایخوێنێتەوە، ئاشتی ناخ یان ئارامیی مێشکە (peace of mind or inner peace)، بەداخەوە میدیاکانیش فشاری دەروونی لەسەر خەڵک زیاتر دەکەن، نەمبیسـتووە دەزگایەکی راگەیاندنی کوردی پسـپۆڕی دەروونی هەبێت، تـا هیچ نەبێت لەو هەواڵانەدا راوێژی پێبکرێت کـە کاریگـەری لەسـەر هەسـت و دەروون دروستدەکەن و کاریگەرییەکەش جێدەهێڵن، لە کاتێکدا لە میدیای پرۆفیشناڵدا بینەر، بیسەر، یان خوێنەر گرنگترین کەسە.

دڵخۆشـی و هێمنـی و بێدەنگـی دەشـێ لە فشـاری دەروونـی کەمبکەنـەوە، هەندێک لـە کەلتوورەکان ئاشـتی ناخ بە بەشـێک لە هۆشـیاری و رۆشـنبیری دەزانـن، لەوانەیـە لـە رێگای جیـاوازەوە هەوڵ بـدەن پێیبگەن، هەروەک نوێژ و یۆگا و وەرزشکردن.

مـرۆڤ دەتوانێـت لـە هـەر شـتێک یـان کەسـێک دووربکەوێتـەوە کـە ئاشـتی ناخی تێکـدەدات، ئـەو گوتەیەم لە پرۆفیسـۆرێکی سوێدی بیستووە کە لە کۆڕێکدا گوتی، ئەگەر دەوروبـەر گوێیان پێنەدایت خۆت ئاشـتی ناو ناخت بۆ خۆت دابین بکە، سـەیری شـتانێک مەکـە و گـوێ لە کەسـانێک مەگرە کە لێت تێکدەدەن، لە هەر شـتێک دووربکەوەرەوە کە کارت پێـی نییە و فشـاری دەروونیت لەسـەر زیاد دەکات، تەنانەت لەوانەیە پێویسـت بکات بۆ دابینکردنی ئاشـتی ناخ، جۆری کارەکەشت بگۆڕیت. لەوانەیە قسـەیەکی رەقی تۆ، ئاشتی نێـو ناخی کەسـێک بشـێوێنێ، لـە کاتێکدا گفتێکی شیرین، یان زەردەخەنەیەکت، دەشێ دڵخۆشـی بکات، هەرگیز قسەی رەق گەورەیی نییـە، بە لاسـاییکردنەوەی قسـەڕەقەکانیش هیچت دەسـتناکەوێت، ئەگەرچی ئەوان شـت بەدەسـتیش بـن، جـێ برینی قسـەی رەق، چاکبوونەوەی مەحاڵە.

# فشار (سترێس)






د.زامدار حەمە رەسوڵ*

دەگوتـرێ فشـار لەگـەڵ مرۆڤـدا لەدایـک دەبێـت، تـۆ بڵێـی گریانـی منداڵێکی سـاوای تـازە لەدایکبوو لەژێر چ فشـارێک بێت؟ ئێسـتا باسکردنی ئەم چەمکـە گرنگییەکـی زۆری پێدەدرێـت، لێکۆڵینـەوەکان و سـەرتاپای زانکـۆکان و ناوەنـدە ئەکادیمییەکان، بەمەبەسـتی گەیشـتنە ئەنجام و دۆزینـەوەی رێگا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییـە نەرێنییەکانی فشـاری ژیانـی رۆژانە، گرنگـی زۆر بەم بابەتە دەدەن.

مرۆڤی ئەم سـەردەمە کۆڵێکی قورسی لەکۆڵناوە بێ ئەوەی بزانێت چی تێدایە و بەرەو کوێی دەبات، ژیانی سەردەم پڕیەتی لە کێشە، وابەسـتەبوون، نائومێدبوون و بارگرانـی، بۆ هەندێک فشـارەکان هێندە زۆرن کە بوونەتە شێوازی ژیان لەلایان.

فشـار هەموو کات خراپ نییە، بڕێکی کەم لە فشار دەبێتە هاندەر بۆ راپەڕاندنی کارەکان و هەڵنانـی مـرۆڤ بۆ گەیشـتن بـە ئەنجامی باش، بەڵام کاتێک بەردەوام لەژیانـی پـڕ لە فشـاردا دەژیـن عەقڵ و جەسـتەمان باجەکـەی دەدات، بـەڵام دەشـتوانین خۆمـان بپارێزین بـە زانینی نیشـانە و دەرکەوتەکانی فشـار و دانانی سـنوور بـۆ کەمکردنـەوەی کاریگەرییـە نەرێنییەکانی.

فشـار لەڕووی زانسـتییەوە بریتییە لە وەڵامدانـەوەی جەسـتە بـۆ گۆڕانکارییە ناوەکـی یـان دەرەکییـەکان، ئەوانـەی هەوڵـی تێکدانـی بـاری هاوسـەنگیمان دەدەن.

کاتێـک فشـارێک دروسـت دەبێـت جەسـتە هەوڵدەدات لەڕێگـەی کۆمەڵێک هۆڕمۆناتـەوە وەڵامیـان بداتـەوە، وەک: ئەدرینالیـن و کۆرتیـزۆن، ئەو هۆڕمۆنانە جەسـتە ئامـادە دەکـەن بـۆ کارکـردن لەحاڵەتی رووداوە کتوپڕەکاندا.

وەڵامـی فشـار رێگاکانـی جەسـتەیە بـۆ پارێـزگاری لێکردنمـان و کاتێک ئەم بەرگریلێکردنـە بەشـێوەیەکی دروسـت دەگوزەرێـت یارمەتیمـان دەدات بـۆ بەردەوامـی کارکردنمـان بەئاگایـی و گوڕوتینێکی باشەوە.

### نیشانەکانی فشاری نەرێنی:

– نیشـانە عەقڵییـەکان: گرفتـی یـادەوەری، نەتوانینـی تەرکیزکـردن، لاوازی بڕیـاردان، بینینـی تەنیـا کەموکوڕییـەکان، هەروەهـا نائارامیـی بەردەوام.

– نیشانە سۆزییەکان (عاتفییەکان): ناجێگیـری میـزاج، کـەم بەرگەگرتن و هەڵچـوون، هەسـتکردن بـە ماندوێتی، هەسـتکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری و دڵتەنگی.

– نیشانە جەستەییەکان: هەستکردن بـە ئـازار، سـکچوون یان قەبـزی، دڵ تێکهەڵاتـن و سـەرگێژخواردن، ئـازاری سنگ و دڵەکوتێ، لەدەستدانی ئارەزووی سێکس و زوو سەرمابوون و ....هتد.

– نیشـانە رەفتارییـەکان: زۆر یـان کەمخۆری، کەمبوون یان زۆربوونی خەو، دوورەپەرێزی، پشتگوێخستنی کارەکان، پەنابـردن بـۆ جگەرە، خواردنـەوە یان ماددە هۆشبەرەکان بۆ خۆهێورکردنەوە، هەروەها نیشـانەی نائارامی وەک نینۆک خواردن.

### خۆپاراستن لە کاریگەریە نەرێنییەکانی فشار:

– بوونی چاوەڕوانی واقیعی
– هەبوونی پلان لەژیاندا.
– دووبارە داڕشتنەوەی کاروبارەکان بە شێوەیەکی گونجاو.
– خۆ هێورکردنەوە لەکاتی بوونی فشار
– یۆگا کردن
– گرفتەکانـت لەگـەڵ کەسـانێک باس بکە کە جێی متمانەن.
– خواردنی تەندروسـت و گرنگیدان بە خەوی تەندروست
– هەرکات هەستت کرد ناتوانیت بەسەر فشـارەکانی ژیانتدا سـەر بکەویـت راوێژ بەکەسـانی شـارەزاو پسـپۆڕ بکە وەک: توێژەری دەروونی و پزیشکی دەروونی.

*** دکتۆرا (بۆرد) لەنەخۆشییە دەروونییەکان**

## چیرۆکی کەسایەتییەکان لەگەڵ دڵەڕاوکێ



### ئەبراهام لینکۆڵن دڵەڕاوکێی هەبوو

زۆر لـە توێـژەران پێیانوایە ئەبراهـام لینکۆڵن، شـانزەهەمین و بەناوبانگتریـن سـەرۆکی ئەمەریکا دڵەڕاوکێیەکـی تونـدی هەبـووە و زۆرجار سـەری کێشاوە بۆ خەمۆکی، لە سەردەمی لینکۆڵن "1861 – 1865 ئەمەریـکا بە شـەڕێکی خوێناوی نێوخۆدا تێدەپەڕی، دەگوترێت ئەو جەنگە لینکۆڵنی تووشی دڵەڕاوکـێ و فشـارێکی دەروونـی کاریگـەر کرد تا تووشی خەمۆکی کرد.



### حەمکۆ 20 ساڵە حەب دەخوات

هونەرمەندی کۆمیدی کورد حەمکۆ دڵەڕاوکێی هەیە و ماوەی بیسـت ساڵە چارەسـەر وەردەگرێت، حەمکۆ لە دایکبووی شـاری هەولێرە و بە دیسکی تەندروستی (رووداو)ی راگەیانـد کـە تەمەنی چل و سـێ سـاڵە "بەڵام چلەکە لادەن بڵێن سێ ساڵە". ئەو هونەرمەندە کۆمیدییـە وەک خـۆی گوتـی لـە سـاڵی 1994ەوە تووشی حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش بووە و لەوکاتەوە چارەسەری دەروونی وەردەگرێت.



### کەیت مۆسیش نەخۆشە

کچـە دیزاینەری جلوبـەرگ کەیت مۆس کە یەکێکە لـە بەناوبانگتریـن فاشـۆنەکانی دنیا، چەندین سـاڵە بەدەسـت دڵەڕاوکێ و فشـاری دەروونییەوە دەناڵێنێ و چارەسـەر وەردەگرێت، ئەو کچە شـۆخە ئینگلیزییە داهاتی ساڵانەی زیاتر لە 10 ملیۆن دۆلارە و بەشێکی داهاتەکەی بۆ چارەسەرە دەروونییەکانی خەرج دەکات.

تەوەری داهاتووی لاپەڕەی تەندروستی:
قەڵەوی...هۆکار و چارەسەر
ڤیدیۆوۆلی رۆژی دووشەممەی هەواڵە تەندروستییەکان:
دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی..
گۆشە باسنەکراوەکان
دەتوانی رۆژانە لە لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی رووداو بینەری گەشتی هەواڵە تەندروستییەکان بیت

نۆڕین
نۆڕینی ئەمجارە لە قەڵەوی دەنۆڕێت
کاتەکانی پەخش کردن :18:00ی رۆژی هەینی
دووبارە: کاژێر 00:00 رۆژی شەممە، کاژێر 14:00 رۆژی یەکشەممە
- زۆرترین هەواڵی خوێنراوی بەشی تەندروستی لە پۆرتاڵی رووداو:
- منداڵێکی دوو رووخسار دێتە دونیا
- بەردی زراو گرانەتا دەگوازێتەوە
بۆ زیاتر زانیاری سەردانی لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی رووداو بکە:
Rudaw.net

### لەبەر خاتری تورکیا

# ئەمریکا دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان دانانێت

زوبێر هەورامی
ڕووداو- واشنتن



دوای تێپەڕینی نزیکەی یەک سەدە بەسەر کۆمەڵکوژی 1.5 ملیۆن ئەرمەنی لەسەر دەستی تورکە عوسمانییەکان، ئەمریکا هێشتا بە فەرمی بە جینۆسایدی نازانێ.

سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی 2008 بەڵێنی دا کە ئەو تراژیدیایەی بەسەر ئەرمەنەکاندا هاتووە وەکو "جینۆساید" بناسێت، بەڵام لە کاتی سەرۆکایەتیەکەیدا هێشتا وشەی جینۆسایدی بەکارنەهێناوە بۆ ئاماژەدان بە ڕووداوەکە.

کۆمیتەی نەتەوەیی ئەرمەنی لە ئەمریکا- ڕۆژئاوا (ANCA-WR) لە ڕێگەی یاسای ڕاستی و دادوەری بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کە لەلایەن گروپێکی کۆنگرێسمانی سەر بە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات تێپەڕێندرابوو، هەوڵدەدات کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان وەکو جینۆساید دانی پێدا بنرێت.

بەپێی ئەو یاسایەی کە کۆنگرێسمانەکان تێیان پەڕاندووە، ئیدارەی ئۆباما پێویستە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێت وەکو پێش مەرجێک بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەرمینیا ئاسایی ببنەوە.

ئەلێن ئاسترایان، سەرۆکی ANCA-WR دەڵێت "ئەمە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ کارکردن لەسەر ئەو بابەتە کۆنە". ئەو بە ڕۆژنامەی ئەرمەنپرێسی ڕاگەیاند "دەبێت ئیدارەی ئۆباما دان بە جینۆسایدەکەدا بنێت. بەبێ دان پێدانانێکی ئاشکراو دادپەروەرانە بە کۆمەڵکوژی 1.5 ملیۆن ئەرمەنی ئاشتی درێژخایەن لە نێوان تورک و ئەرمەن ئەستەمە".

گرێگۆری ئافتاندیلیان، لێکۆڵەر لە سەنتەری سیاسەتی ناوخۆیی لە واشینگتۆن دەڵێت ئەمریکا دەترسێت هەنگاوێکی لەو جۆرە کار لە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بکات، چونکە تورکیا بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە هەنگاوی لەو جۆرە کار دەکاتە سەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوولا.

ئافتادیلیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر کاتێک باسی ئەو مەسەلە دێتە کۆنگرێسی ئەمریکا، حکومەتی تورکیا فشار دەخاتە سەر کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و ئەوانیش لۆبیەکی بەهێز دەکەن بۆ ئەوەی حکومەتی ئەمریکا دژی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بوەستێتەوە".

ئەو دەڵێت بازرگانەکان، لۆبیستەکان و کاربەدەستانی پێشوو وەکو وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری دژی ناساندنی جینۆسایدەکە دەوەستنەوە "ئەوان کارێکی قێزەون دەکەن"

ئافتادیلیان دەڵێت ئەرشیفی نەتەوەیی ئەمریکا لە واشنتن دی سی بڕێکی زۆر بەڵگەی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنەکان کۆکردووەتەوە و دیپلۆماتکارانی ئەوکاتەی کە بەڵگەکان کۆکراونەتەوە ڕووداوەکەیان بە "پاکتاوی ڕەگەزی" ناوبردووە، چونکە ئەوکات وشەی جینۆساید هێشتا دانەهێنرابوو.

کۆمیتەی نەتەوەیی ئەرمەنی لە ئەمریکا و کۆمەڵەی ئەرمەنی لە ئەمریکا دوو ڕێکخراوی لۆبی ئەرمەنین کە لۆبی لە کۆنگرێسی ئەمریکا و ولایەتەکانی ئەمریکا دەکەن تا جینۆسایدی ئەرمەنەکان بناسێنرێت. هەوڵەکانیان وایکردووە کە 42 ولایەتی ئەمریکی دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێن.

ئافتادیلیان دەڵێت "ئەگەر تورکیا زیرەک بوایە دەیگوت ئەم تاوانە لەلایەن عوسمانیەکانەوە ئەنجامدراوە، نەک تورکیای مۆدێرن و خۆی بەو شێوەیە ڕزگار دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەوان کێشەیەکی دەروونی گەورەیە. ئەوان نایەنەوێت دان بەوەدا بنێن کە باو و باپیرانیان کردەوەیەکی لەو جۆرەیان ئەنجامداوە."

ئەو دەڵێت کە لەگەڵ زۆر لە ئەڵمانەکاندا باسی لەو بابەتە کردووە، ئەڵمانەکان تێناگەن بۆچی تورک نکۆڵی لە تاوانەکە دەکەن. ئەوان (ئەڵمانەکان) دانیان بە هۆلۆکۆست دا ناو ئێستا وەکو کۆمەڵگە ئەو ڕووداوەیان کردووەتە بەشێک لە مێژوو.

باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر تورکیا دان بە تاوانەکەدا بنێت ئەوە دەبێت قەرەبووی قوربانییەکان بکاتەوە. بەڵام ئافتادیلیان دەڵێت "زۆربەی ئەرمەنەکان چاوەڕێی قەرەبوو نین، ئەوان بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە دان بەو تاوانەدا بنرێت".

د.پیتەر باڵەکیان، شارەزای جینۆسایدی ئەرمەنەکان و مامۆستا لە زانکۆی کۆلگەیت لە نیۆرک دەڵێت دان پێدانانی وڵاتە بیانیەکان ئەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە جینۆسایدەکە ڕوویداوە "ئەم بابەتە لەلایەن تۆماری مێژوویی و هەڵسەنگاندنی بێلایەنەی زاناکانی بواری جینۆسایدەوە پشتڕاستکراوەتەوە. تەنانەت ئەو پیاوەی کە وشەی جینۆسایدی داهێنا، ڕافائێل لێمکن، بابەتی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان یەکلایی کراوەتەوە" باڵەکیان بە (ڕووداو)ی گوت.

بەبۆچوونی ئەو کاتێک کە وڵاتانی دیکە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا دەنێن ئەوە تۆمارە مێژووییەکان پشت ڕاست دەکەنەوە و نارەزایی بەرامبەر نکۆڵیکردنی حکومەتی تورکیا نیشان دەدەن.

باڵەکیان دەڵێت بە نکۆڵیکردن، تورکیا لە ڕاستیدا حەساسیەتی زیاتری دەربارەی جینۆسایدەکە دروست کردووە "تێپەڕاندنی یاسای دانپێدانانی جینۆسایدەکە لە وڵاتانی جیهاندا وەڵامێکە بۆ حکومەتی تورکیا کە دەچێت لەم ولات و لەو وڵات هەوڵدەدات لە گرنگی ئەو ڕووداوە مێژووییە کەم بکاتەوە و ڕاستیە مێژوویەکان بشێوێنێت". باڵەکیان هەروەها دەڵێت "ئەگەر ئەم کردەوانەی تورکیا نەبووایە، ئێستا پێویستی بەتێپەڕاندنی یاسای ناساندنەوەی جینۆساید نەدەبوو".

دەربارەی دوودڵی ئەمریکا لە دان پێدانانی جینۆسایدەکە، باڵەکیان دەڵێت "من پێموانییە کە ئەندام کۆنگرێسەکانی ئەمریکا و سەرۆکەکانی ئەمریکا نکۆڵی لە ڕاستی و لایەنی ئێتیکی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بکەن".

بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دانپێدانانی جینۆسایدەکە ئەوە ناهێنێت کە تورکیای لەسەر تووڕە بکرێت، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەڵام باڵەکیان دەڵێت "وەزارەتی دەرەوە دەتوانێت بۆ ماوەی چەند مانگێک تەحەمولی ناڕەزایەتی تورکیا بکات، هەروەکو چۆن فەرەنسا، یۆنان و پۆڵەندا کردیان".

باڵەکیان کە نووسەر و هۆزانڤانیشە دەڵێت هەندێک وڵاتی دیکەش هەمان کێشەی وەکو ئەوەی تورکیایان هەبووە دەبارەی ڕابردوویان، تورکیا بە تەنیا نییە لەم ڕووەوە "بەڵام کە وڵاتان گەورە دەبن و دیموکراتیەکەیان گەشە دەکات، واز لە درۆکردن دەهێنن، تورکیاش دەتوانێت وا بکات."

باڵەکیان پێیوایە کە دانپێدانانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان سوودی بۆ تورکیاش دەبێت و لە ئەرمەنەکانی نزیک دەکاتەوە "هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ تورکیا بۆ ئەوەی کە ڕووبەڕووی ڕابردووی خۆی ببێتەوە. کەسایەتی تورکیاش لە جیهاندا بەرز دەکاتەوە".

د.گرێگۆری ستانتن، سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆساید و نووسەری کتێبی هەشت هەنگاوی جینۆساید دەڵێت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکە یەک لە دوای یەکەکانی پێیانوایە کە بوونی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا لە گوتنی ڕاستیەکان دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان گرنگترە.

ستانتن دەڵێت "کۆسپی هەرە گەورە لە کاتی جەنگی سارددا ئەوەبوو کە ئەمریکا پێویستی بە تورکیا بوو وەکو هاوپەیمانێک دژی ڕووسیا، بەڵام ئەمڕۆ تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگە دژی تیرۆریستە عەرەبەکانی عێراق، سووریا و یەمەن".

هۆکارێکی دیکە بە وتەی ستانتن ئەوەیە کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و یەکێک لە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئینجەرلیکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە بنکەیەکی گرنگە بۆ پشتگیری سەربازە ئەمریکیەکان لە عێراق و ئەفغانستان.

"گروپە لۆبیە سەرەکییەکانی پشت نکۆڵی کردن لە جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە ئەو گروپانەن کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی تورکیاوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت. ئەوان پارێزەری گرانبەهای واشنتن و لۆبیستی گرانبەها دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی دژی دان پێدانانی ڕاستییەکانی جینۆسایدەکە بوەستنەوە".

ستانتن دەڵێت لە ئەمریکا هاوڵاتی بە ڕەگەز ئەرمەنی زۆرترە وەکو لە هاوڵاتی بە ڕەگەز تورک لەبەرئەوە "سەیرە ئەمریکا تورکیا بەسەر ئەرمینیادا هەڵدەبژێرێت" بەڵام "سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، لەبەرئەوە هەرچەندە هەندێک لە ئەندام کۆنگرێسەکان پشتگیری لە ئەرمینیا دەکەن، بەڵام وەزارەتی دەرەوە تا ئێستا توانیویەتی هەموو یاسایەک لەو ڕووەوە کپ بکاتەوە پێش ئەوەی هەر بگاتە کۆنگرێس".

ئەو هەروەها دەلێت کە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆساید تا ئێستا چەندین جار بە کۆی دەنگ جینۆسایدی ئەرمەنەکانیان وەکو جینۆساید ناساندووە و ڕایانگەیاندووە ئەو ڕووداوە ئەمڕۆ بەپێی یاسای جینۆساید وەکو جینۆساید پێناسە دەکرێت.

ستانتن دەڵێت "بە وتەی مێژوونووسی تورک تانەر ئاکجام، کە لە هەموو کەس باشتر لە هۆکارەکانی نکۆڵیکردنی تورکیا تێدەگات، دەڵێت باوکی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکی، کەمال ئەتاتورک، بۆ خۆی دەستی هەبووە لە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە کۆمەڵکوژییەکە و ئەتاتورک ئەو ئەفسانەیەی دروست کرد، کە هەرکەس لە تورکیادا بێت بە ڕەگەز تورکە."

بە وتەی ستانتن، "ئاکجام دەڵێت نکۆڵیکردنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەشێکە لە هەوڵی پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەی تورک."

ئەمریکاش بۆ چەندین ساڵ نکۆڵی لەو جینۆسایدە دەکرد کە هەندێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا لە دژی هیندە سوورەکان ئەنجامیان دا، بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆک ئاندرو جاکسن.

ستانتن دەڵێت "بەڵام ئێمە گەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە دان بەم تاوانە دژ مرۆڤایەتیەدا بنێین و دان بەوەدا دەنێین کە ئێمەی ئەمریکیش وەکو هەموو خەڵکانێکی دیکە تاوانمان ئەنجام داوە، بە جینۆسایدیشەوە".

ستانتن هیوادارە ڕۆژێک تورکیا دان بەوەدا بنێت کە ڕژێمی تورکە گەنجەکانی عوسمانیەکان جینۆسایدی ئەرمەنەکانیان کردووە و چەندین تاوانیشیان لە دژی کورد ئەنجام داوە.

# پەیوەندییەکانی وزەی تورکیا و ئێران جیاوازییەکانیان لەبارەی سووریا کاڵ دەکاتەوە

ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ
ڕووداو- ئەنقەرە



پەیامی سەردانەکەی سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ ئێران چی بوو؟ ئەمە بوو: بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە هێزێکی ئابووری لە ناوچەکە ئەو وڵاتە سوورە لەسەر پەیداکردنی نەوتی خاو و گازی سروشتی بە نرخێکی هەرزان. هیچ شتێک ناتوانێ ئەو ئامانجەی تورکیا لەباربەرێ تەنانەت جیاوازییەکانیشی لەگەڵ ئێران سەبارەت بە قەیرانی سووریا.

بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەلایەن پەیمانگای تورکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوای سەردانەکەی ئەردۆغان و ڕاپۆرتێکی دیکە لەلایەن کۆمپانیای ڕاند لە ئەمریکا لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو، ئاماژەیان بەوەکرد کە ئێران و تورکیا خەریکی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی واقیعین لە سیاسەتەکانی دەرەوەیان: تاران پێویستی بە بازارێکی گەورە و بەهێزە هەیە بۆ ئەو بڕە زۆرەی نەوتی خاو و گازی سروشتی وڵاتەکەی، لەلایەکی دیکەوە گەشەکردنی بەردەوامی ئابووری تورکیا پێویستی بە دابینکردنی وزەیەکی بەردەوام هەیە.

"لە دوای ڕووسیا، ئێران بە دووەم وڵات دێت لە دابینکردنی غازی سروشتی تورکیا، نزیکەی 40%ی هاوردەکردنی نەوتی خاوی تورکیا لە ئێرانەوەیە". ئەمە لە ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای ڕاندا هاتبوو.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەشدا بوو کە ئەنقەرە نزیکەی 60%ی غازی سروشتی لە ڕووسیا هاوردە دەکات، بۆیە دەکرێ ئێران ببێت بە یەکێک لەو بەدیلانەی کە ئەم پشت بەستنەی تورکیا بە ڕووسیا کەمبکاتەوە.

"تورکیا وڵاتێکی برسیە بۆ وزە بۆیە پلانی هەیە ڕێژەی هاوردەکردنی نەوت و غاز لە تارانەوە زیاد بکات، پاش ئەوەی گەمارۆ ئابوورییەکەی سەر تاران وردە وردە کەمکرایەوە".

ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای تورکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێ مەبەست لە سووککردنی گەمارۆکانی سەر ئێران ئەو ڕێکەوتنەیە کە لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئێران لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە ئیمزا کرا.

"تورکیا ڕێژەیەکی بەرچاو لەو غازە سروشتییەی لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاری دەهێنێت. لە دوای ڕووسیاوە، ئێران دووەم وولاتە غازی سروشتی هەناردەی تورکیا بکات. ئێران هەوڵدەدات ببێتە شەریکێکی گەورەتر لە بازاڕەکانی تورکیادا".

گۆنول تۆل، بەڕێوەبەری پەیمانگای تورکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکردووە. هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای ڕاندا هاتووە کە ئێران و تورکیا ڕکابەری یەکن، بەڵام پێداویستەکانی تورکیا بۆ وزەو هەبوونی بڕێکی زۆر لە نەوتی خاو و غازی سروشتی لە ئێران وای لەو دوو وڵاتە کردووە زیاتر هاوکاری لە نێوانیاندا هەبێت.

دەستکەوتنی وزە بە نرخێکی هەرزان بۆ ئەنقەرە زۆر گرنگە بۆیە سەرەڕای گەمارۆ ئابوورییەکەی سەر ئێران و ئەو مەترسیانەی لە وەبەرهێنان کردن لە سەرچاوەکانی وزەی ئێراندا هەبوو، لە مانگی تشرینی دووەمی 2008 تورکیا گرێبەستێکی بە بڕی 5.5 بلیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان کردن لە غازی سروشتی کەنارەکانی باشووری دەریای فارس کرد کە دەگوترێ گوایە یەکێکە لە گەورەترین سەرچاوەکانی غازی سروشتییە لە جیهاندا.

" سەرەڕای ڕازینەبوونی ئەمریکا، لەکاتی سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ تاران لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2009دا باس و خواسەکانی ئەو گرێبەستە دووبارە تازەکرایەوە". ڕاپۆرتەکەی ڕاند دەڵێ "ئەنقەرە دەڵێ جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستە زۆر گرنگە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی وزەی تورکیا. هەروەها ڕەنگە ئەو ڕێککەوتنە یارمەتی سەقامگیرترکردنی وزەی ئەوروپا بدات."

پاش نارەزایی ئەمریکا و ڕێنەکەوتنی ئەنقەرە و تاران لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لەسەر بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردنی ئەو غازە سروشتییە، لە تەمموزی 2010دا گرێبەستەکە ڕاگیرا. لە سەردانەکەی ئەمدواییەی ئەردۆغان بە یاوەری وەزیرانی ئابووری و وزەی وڵاتەکەی بۆ تاران، ئەنقەرە داوای هەرزانکردنی نرخی هاوردەکردنی گازی سروشتی لە ئێران کردووە.

قەیرانی سووریا کە بۆ تورکیا گرنگە بەهۆی هاوسنووری ئەو دوو وولاتە، هەروەها بۆ تارانیش چونکە ماوەی دەیان ساڵە هاوپەیمانێکی نزیکی ئێران بووە، سەنتەری باس و خواسەکانی سەردانەکەی ئەردۆغان نەبووە . بەپێی سەرچاوەکان تەنیا سەردانێکی دیبلۆماسی ئاسایی بووە بۆ هەردوولا.

"پشتگیری تورکیا و ئێران لە دوو لایەنی دژیەکی جەنگی ناوخۆی سووریا وایکردوە پەیوەندییەکانیان ئاڵۆزی بەخۆوە ببینێ، بەڵام درزکەوتنە پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە قازانجی هیچ کامیان نیی". تۆل لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکردبوو

"تورکیا بە سیاسەتەکانی سووریایدا چووەتەوە و ئێستا زیاتر هاوڕایە لەگەڵ ئێران" تۆڵ گوتیشی "تورکیا و ئێران چاو بە چاون لە قەیرانی سووریادا کە چارەسەری سەربازی نییە".

ئێران تەنیا ئاستەنگ نییە کە سەرکردەکانی تورکیا سوورین لەسەر ئەوەی بگەنە ڕێکەوتن لەگەڵیان لە بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە بە نرخێکی هەرزان.

سەرەڕای شەڕ و دوژمنکاری دەیان ساڵەی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەی، ئەنقەرە سیاسەتە دژ بە کوردەکانی پێچەوانە کردووەتەوە ئەوەش بە تایبەت دوای ئەوەی لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو ئەنقەرە ڕێکەوتنێکی پڕ لەمشتومڕی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد.

ڕێکەوتنەکە کە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆری نەوتەوە بۆ بەندەری جیهانی تورکی، بووە مایەی نیگەرانی بەغدا و واشنتن.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕاند، پەرەپێدانی هاریکاری وزەی ئەنقەرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیگەرانی لە واشنتن دروست کردووە و پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی خستۆتە ئاستێکی دیکە.

"بڕیارەکە پێچەوانەبوونەوەیەکی گرنگ لە سیاسەتەکانی پێشووی تورکیادا نیشاندەدات کە هەوڵی دەدا ڕێگە لە هەرێمی کوردستان بگرێت لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی وزەی ئەو هەرێمە، چونکە ئەوە وا لە هەرێمی کوردستان دەکات بیر لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە". ڕاپۆرتەکەی ڕاند دەڵێ.

ڕاپۆرتەکە هۆشیاری دەدات کە بەرپرسانی ئەمریکا نابێت پێشبینی ئەوەبکەن ئەنقەرە ئۆتۆماتیکی هاوڕا بێت لەگەڵ هەموو ئەو سیاسەتانەی ئەمریکا لە دژی ئێران. ئەنقەرە هەوڵدەدات زیاتر نەرم بێت لە سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ئێران و ڕەنگە دوودڵ بێت لە پشتگیری کردنی هەندێ لە دەستپێشخەریەکانی ئەمریکا ئەگەر پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بێت لەگەڵ ئێران.

وەزیری وزەی تورکیا تەنار یەڵدز لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (ڕووداو) لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو زۆر بە ڕوونی سیاسەتی وڵاتەکەی باسکرد: یەڵدز گوتی "تورکیا بە بەتاڵی پاڵناداتەوە و هیچ نەکات سەبارەت بە سەرچاوەکانی وزەی نزیک لە وڵاتەکەی".

ئەدیب ئەلەمەکلومی

# سعودیه بۆچی رقی له ئیخوانه؟

## فیکری کەهەنوتی سەلەفیه "میرنشینەکان" تاعونی عەقڵ و ئافەتی سەردەم

**(بەشی دووەم)**

له ئەڵقەی یەکەمی ئەم نووسینەدا تیشکم خستە سەر دوو خاڵ سەبارەت بەوەی کە سعودیە بۆچی رقی لە ئیخوانە؟ خاڵی یەکەم فاکتەرێکی مێژوویی بوو وەک تۆڵەسەندنەوە لە میسر کاتێک (محەممەد عەلی) والی ئەوسای عوسمانییەکان هێرشی کردە سەر پایتەختی سعودیە و کاول و وێرانی کرد. ئەم هاجسە مێژووییە لەبیرنەکراوە و لە زهنیەتی (ئال سعود) دا هێشتا زیندووە. خاڵی دووەم کرانەوەی ئیخوان و نزیکبوونەوەیان بوو لە ئێران وەک ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، دوای سڕبوونی بۆ ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ. زۆربەمان دەزانین یەکێک لە خیابانەکانی (تاران) بەناوی (خالد اسلامبولی) بکوژی ئەنوەر سادات و دوژمنی ئەوسای ئێران کراوە، بەپێچەوانەی وڵاتانی کەنداو لەوان سەردەمان کە پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێزیان لەگەڵ سادات و دامەزراوە سەربازییەکانی میسر هەبوو بەسەردەمی موبارەکیشەوە تاوەکو لادانی پاش راپەڕینێکی جەماوەری سەرتاسەری کە ترس و بیمی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کەنداویش دانا، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی ئال سعود.

سەرنجی ئەم (2) لینکە بدەن لەسەر ناونان و گۆڕینی ناوی خیابانەکە:

http://www.aawsat.com/details.asp?article=212503&issueno=9177#.Uh-A_s7tJjo

http://www.elwatannews.com/news/details/127829

ئەمە بەڵگەی متبوون و سڕبوونی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە پێشاندەدات هەر لەسەردەمی سادات و موبارەک لە ساڵانی هەشتاکانەوە تا سەردانەکەی (محەممەد مورسی) بۆ تاران. ئەو سەردانەی کە هەڕەشەو ترسی لەسەر دوژمنە تەقلیدییەکەی ئێران، واتە سعودیە دانا، هەروەها مەترسی خستە سەر بەرژەوەندییەکانی کەنداو بێجگە لە قەتەر، پشتیوانە پراگماتیەکەی ئیخوان. هەرچەندە هۆکارگەلی دیکە هەبوون بۆ ئەم رق و کەراهیەتە، بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەو خاڵەیە کە لای زۆربە شاراوەیە: هیجرەتی ئیخوان بۆ سعودیە لەسەردەمی جەمال عەبدولناسردا تا تەقینەوەی رووداوەکانی شەڕی دووەمی کەنداو و هاتنە سەرخەتی ئیخوان و شڵەقاندنی گۆمی مەندی بێدەنگی لە سعودیە. ئەمە فاکتەر و هۆکاری سەرەکی رق و قینی میرنشینەکانی سعودیە و نهێنی پیرۆزباییان بوو لە سیسی و دەسەڵات گرتنەدەستی کوتەداچییەکان، چۆن؟

کاتێک ململانێ و تێکپڕژان لە نێوان ئیخوان و ناسردا لە ساڵی (1954) سەریهەڵدا، لە مەیدانی (مەنشیە)ی ئەسکەندەریە خەریکبوو عەبدولناسر کۆتایی بێت و بکوژرێت، بەڵام رزگاری بوو! دواتر بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ئیخوان دەرچوو. ئەوەبوو زۆرێک لە مونەزیر و سەرکردە و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی ئیخوان، میسریان جێهێشت و بەرەو سعودیە و کەنداو بارگەی فیکریان تێکنا. بەم شێوەیە ئیخوان لە میسر دەربەدەرکران و ئاوارەبوون. بۆ زانینی هۆکاری ئیستقتاب و پێشوازیکردنی سعودیەش لە ئیخوان لەو سەردەمەدا، لە خوارەوە (2) لینکم داناوە سەرنجی بدەن.

ئەو ئاوارەبوونەیان وەک فرسەتێک قۆستەوە و دەستیان کرد بە تەربیە و تەعلیم و تەزکیەی نەفس سەرەڕای کاری نهێنی لە زانکۆکان و تەنزیرکردنیان بۆ فیکر و سیاسەتی ئیخوان، ئەم کارە: سەرقاڵبوون بە دەعوە و تەدریس، بوو بەنەهجێکی موتتەبەعی باوی ئیخوان لە سعودیە لەوان سەردەمان.

وەک گوتم سەنگی قودرەتی دەعوەی ئیخوان و تەعبیئەکردنیان زیاتر لە زانکۆکان بوو، بەتایبەت زانکۆی مەلیک سعود. بەمجۆرە کەنداوی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی بووە هێلانەی ئەوان، بەتایبەتی سعودیە کە میوانداری کردن و پێشوازییەکی گەرمیان لە ئیخوان کرد بەهۆی ئالۆزی و بارگرژی دەسەڵاتدارانی سعودی لەگەڵ میسری ئەوسای ناسریدا. ئەم مەیل و مەرحەبایەی سعودیە لەگەڵ برایان گەیشتە رادەی ئەوەی هەندێک لە ئیخوانەکان رەگەزنامەی سعودییان پێبدرێ و ببنە خاوەن پلەو پایە و پۆستی هەستیار.

لێرەوە وتووێژ لەسەر جەدەلی فیکری دینی سەریهەڵدا، بەتایبەت بابەتی تەشریع و سەرچاوەی یاسادانان و مەسەلەی حاکمیەت و دەرچوون لە دژی حاکمە ستەمکارەکان (ئەمە زیاتر لە موتارەحاتەکانی فیکری سەید قوتب رەنگیدایەوە بەهۆی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی زۆر) بەوەی کە کێ مافی دەسەڵات گرتنە دەستی هەیە لەم وڵاتانە. ئەمە تەنزیری بۆ کرا تا بوو بە فیکرێکی بالادەست.

بەتاوتوێکردنی بابەتی دەرچوون لە دژی حاکمەکان و سەرچاوەی حوکمڕانێتی، ئیخوان پشتگیری لەو را و بۆچوونە دەکرد کە ئیسلام بە تاکە سەرچاوەی دەسەڵات دەزانێت. ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن و چەند بزووتنەوەیەکی ئیسلاحی و سیاسی وەک لیژنەی شەرعی بە رابەرایەتی مەسعەری، دواتر لە منداڵدانی ئەم بزووتنەوەیەدا (قاعیدە و بن لادن) لەدایکبوون.

ئەمە سەرەتای (قونبەلە فیکریە تەوقیتکراوەکە) بوو کە بەڕووی میرنشینەکان و جیهاندا تەقییەوە.

لە گەرمەی حوکمی مەلیک فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیز لە ساڵی (1964 تا 1975) پەیوەندی نێوان سعودیە و میسر لە لوتکەی گرژی و ناکۆکیدا بوو کە ئەوسا ئیخوانی سعودیە لەوپەڕی چالاکی و تەسقیفکردن و ئەکتیڤبووندا بوون. لەوێ گۆمی مەندی فیکری دینییان لە خەڵک و ئەمیرەکانی سعودیە هەژاند. هەر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی دووەمی کەنداو و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، ئەم تەقینەوە فیکریە روویدا. بەمە ئیخوان پشتگیری و متمانەی ئەو وڵاتانەی لەدەستدا بەتایبەتی سعودیە.

هەڵوێستی هەندێ لە زانا وەهابیەکان بەرامبەر (ئال سعود) لەهاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەمریکاییەکان بۆ لێدانی عێراق تا سەر ئێسقان دژەبەر بوو.

بێگومان بوونی ئیخوان لە سعودیە ترس و بیمی ئەو بێدەنگییەی شکاند. گەر ئەوان نەبوونایە دەنگی نارەزایی وەهابیەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کپکراو جەسارەتی ئەوەی نەدەکرد ئەم هەنگاوە هەڵبنێ و ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاشکرا بەرامبەر بە دەسەڵاتداران. رەنگە پرسیار بکرێت کە ئەم پارادۆکسە چییە لە باس و تاوتوێکردنی فیکری ئیخواندا: لەلایەک دەڵێن فیکری راپەڕین و بیری شۆڕشگێڕێتی لە مەنهەج و ئوسوڵیاتی ئیخواندا نییە، لەولاش دەبینین بوونەتە سەرچاوەی بیری شۆڕشگێڕێتی و سەرهەڵدانی چەند بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکە؟ من لەسەر ئاستی فیکری تاکە کەسی و هەندێک لە مونەزیرەکانیان باس لە فیکری شۆڕشگێڕیی کۆمەڵەی برایان دەکەم، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە باوەڕم وایە کە ئیخوان لە تەناقوزاتێکی قووڵی مەعریفی و فیکری و سیاسیدا ژیان دەگوزەرێنن لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی بەهۆی ئەو تەراکوماتە مەعریفیەی کە سەرچاوەی لە مێژووی فیکری حەنبەلیەت و ئیبن تەیمیە و کوڕی وەهابەوە گرتووە ــ دەتوانم بڵێم ئیخوان درێژکراوەی فیکری بەنی ئومەییەیە لە مێژوودا لەڕووی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە هەمان سیاسەتی ئینتیهازیانەی ئەوان پەیڕەو دەکەن!

لەسەرەتای ساڵانی نەوەتەکاندا چەند زانایەکی سعودی خرانە کونجی زیندان و بە (8 تا 15) ساڵ حوکمدران و ئەشکەنجەدران. هەندێکیان تا ئێستاش هەر دەستبەسەرن و لە ژێر چاودێری توندی ئەمنی سعودیەدان وەک ئەوەی لە زینداندا بن وان! ئەوەبوو بەرئەنجامی شڵەقاندنی گۆمی مەند لە خەڵک و زاناکانی سعودیە. لەم کەین و بەینەدا ئەوانەی هەڵگری فیکری ئیخوان بوون و فیکری ئیسلاحییان بەرزکردبووەوە یان بیری گۆڕین و شۆڕشگێڕێتی و راپەڕینیان لەکەڵکەڵەدا بوو سعودیەیان جێهێشت و رۆیشتن (لەو دەنگە ئۆپۆزسیۆنانەی کە وڵاتیان بەجێهێشت سەعدولفەقیە و محەممەد مەسعەری بوون). هەندێکیشیان لە وڵاتدا مانەوەو سەرقاڵبوون بەکاری دەعوەو بانگەواز و تەسلیمبوون بە ئەمری واقیع. هەندێکیش مکوڕ بوون لەسەر گۆڕینی رژێم و نیزامی مەلەکیەتی ئال سعود. ئەوانە ئەشکەنجەدران و بوون بە "میوانی" زیندان، سەرئەنجام کوژران و لەنێوبران.

فیکر و پەروەردەی ئیخوان، کاریگەری بەهێزی لەسەر بیری بیرمەند و هەندێ لەزانایانی خەلیج و چالاکوانانی سعودیە دانابوو. بەتاوتوێکردنی بابەتی حاکمیەت و باسوخواسی مەرجەعی دەسەڵات و وەستان دژی هاوپەیمانێتی سعودیە لەگەڵ ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق و بێدەنگنەبوون لە زوڵم و ستەم شۆڕشێک هەڵایسا بەشڵەقاندنی ئەم گۆمە مەندە کە مودەتێکی زەمەنی زۆر بوو شەقامی سعودیە دەقی پێوە گرتبوو. دواتر بوو بە پەندێک بۆ ئال سعود کە هەرگیز لەیادی نەکەن. ئەمە هۆکار و وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی سعودیە رقی لەئیخوانە.

لەبەرامبەر فیکری (برایاندا) سەلەفیە میرنشینەکان موقەڕەب کران و ئاسوودە بوون بە (حب)ی ئال سعود، چونکە لە کوێ بای (سعود) هەڵیکردبا لەوێ شەنیان دەکرد. ئەوانە هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتدانە و پشتگیری لە وەلی ئەمرەکان دەکەن لەو وڵاتانەی کە تێیدا حاکمە زاڵمەکان باڵادەستن. لە دید و روئیای ئەو فیکرە میرنشینییەدا نابێ بیر لە گۆڕینی حاکمە زاڵمە "موسڵمانەکان" بکرێتەوە (الا أن تروا كفرا بواحا).

دیارە کەهەنوتی بیری سەلەفی رێچکە و رێبازی زۆری لێبووەتەوە، چونکە خۆی پوختەو تەلخیسی فیکری حەنبەلی و تەوەجوهاتی (ابن تیمیە) و قوتابیەکەی (ابن القیم)ە. بەکورتی دەتوانین بڵێین وەهابیەت بە نوێکەرەوەی فیکر و فیقهی مەزهەبی حەنبەلی دادەنرێ.

بەهۆی قاسیبوونی سروشتی بیابان و توندوتیژیی نەجدییەکان و کاریگەریی وشکی بیابان، هەروەها ململانێ و شەڕو پێکدادانەکان، ئەمانە بوونە هۆی بەلوەرەکردنی فیکری وەهابیەت و پەرەسەندن و گەشەکردنی لەناو جڤاکی سەحراویدا کە رەواج و لایەنگرانی زۆری بۆ پەیدابوو.

ئەو فیکرە میرنشینییە "خانەنشینکراوە" هەقیقەتیان پاوان و بەرامبەرەکەشیان گومڕا و کافر کردووە (جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ سەلەفیە جیهادییەکان لەڕووی ئیعتیقاد و ئوسوڵیات). عەمودی فەقەری دەعوەی وەهابیەت لەو سەردەمەدا بەتایبەتی لە کوردستان فیکری سەلەفیەتە.

سەلەفیەکان بە زەین لەدەرەوەی زەمەن و بە جەستەش لەناو خاکی وەتەن گوایە "داهێنان" و "بەرهەمی فیکری" پێشکەش دەکەن.

دەتوانین هەردوو فیکر وا پێناس بکەین کە فیکرێکی ئیقسائی فەوزەوی متوربەکراو بە کەلتووری تەکفیری و تەلقینی (بەربەست و کۆسپی گەورە لەبەردەم بیرکردنەوە) ئینجا متحجر! بە ئیزافەی چەند سیفەتێکی دیکەی (سەلەفیە میرنشینەکانیش) وەک تملق، خەجول، نا یاخی (یاخی لە ستەم و بەگژداچوونەوەی زوڵم و ستەمی سەرکردە زاڵمە موسڵمانەکان بە درێژایی مێژوو) مودمین بە متون و فیقهی سەلاتین و کۆیلە و کۆپیکەر.

ئەم فیکرە تەسلیم دەبێت و ئیرادەی نەقل "لێرەدا مەبەست تەنیا لە ریوایاتە نەک دەقی ئیلاهی" ــ وەک پارێزگار و حامی لە بابای ستەمکار ــ زاڵ دەکات بەسەر ئیرادەی عەقڵ و رۆحیەتی بەرەنگاری و داکۆکی لە مەزڵومان لەرێگەی چەندان رێککەوتن و پێڤاژۆی زاناکانیان لەگەڵ میرنشینەکانی ئال سعود و گیرسانەوە لەسەر رای کۆنینەی جەبریەت و کەهەنوتیەکان.

بەم شێوە یاخیبوون و فیکری شۆڕشگێڕی دەبێتە (خەبەری کانە) لە سعودیە بۆ موودەتێک. مەترسی ئەم بیرو هزرە بۆ دەرەوەی جوگرافیای خەلیج دەگوازرێتەوە و ئیرسال و ئەرشیف دەکرێت وەک تەسدیری بەناو (شۆڕش) لەلایەن "ویلایەتی فەقیهەوە" بۆ دەرەوەی خاکی ئێران.

فیکری وەهابیەت لق و رەگێکی سەرەکی سەلەفیەکانە لە کوردستان. سەلەفیەتیش وەک بیر و (فیقە واعتقاد وا×ول) ئیمتیدادی (ئیبن تەیمیە و فیکری حەنبەلیەتە) حەنبەلیەتیش درێژکراوەی سەلەفی ساڵحە.

کۆی ئەمە لە نەزەری سەلەفیە میرنشینەکان و قوتابخانە و رەوتەکانی دیکەی جیاواز لەفیکر و بۆچوونی ئەمان، ئەم سێگۆشە یان ئەم رێڕەوە فیکریە مێژووییە بە (سەلەفی ساڵح) ناو دەبەن کە بە چەندان "ریوایاتی عەنعەنی" چەمک و پێناسەکە پشتڕاست دەکەنەوە وەک ریوایەتی (خير القرون قرني....الخ الحديث) کە دوورو نزیک هیچ پەیوەندی بە (سەلەفی ساڵح)ەوە نییە بەڵکو ئەمە دەقێکی دیماگۆجی هەڵبەستراوە بەدەم پێغەمبەرەوە. تەوزیفکراوە بۆ مەرامی تایبەت وەک دروستکردنی هالەیەکی موقەددەس و کێشانی هێڵێکی سوور بەچوار دەوری (هاوەڵەکان) بۆ بێدەنگکردن و دەمبەستنی هەر کەسێ بیەوێت ئەو چەمک و رووداوانە شی بکاتەوە بە شێوەیەکی زانستیانە.

ئەمە لەکارخستنی عەقڵ و کوشتنی رۆحیەتی رەخنەو شەنوکەوکردنی باس و بابەتە مێژووییەکانە. رێگەگرتنە لە دووان لەبارەی فیتنە و مەلاحیمەکان گوایە (فەرموودەی سەحیح)ی لەسەرە. بەمەش شەرح و شرۆڤەو کەشفکردنی راستییەکان و هەڵوەستەکردن لەسەر هەقیقەتە ونبووەکان دەبێتە (ضرب من الخيال) و دەچێتە خانەی یاساغبوون.

لێرەدا چەمکی مەتاتی (الصحابة كلهم عدول) سەرهەڵدەدات بۆ تەقدیسکردنی ئەسەحابەکان و بە مەلائیکە کردنیان کە بەبۆچوونی من پێویستە ئەم بابەت و چەمکانە لە روانگەی قورئانەوە تاوتوێ بکرێن، بەمیتۆدێکی زانستی و بابەتیانە شی بکرێنەوە نەک عەقڵمان تەسلیمی ئیرادەی وتەیەکی مێژوویی بکەین لەچەشنی: (تلك دماء طهر الله منها أيدينا فلا نلوث بها ألسنتنا) ئەم گوتەیە مەرگەساتی سەدە دوای سەدەی بەدوای خۆیدا هێنا.

گوێ بۆ ئەم لینکەی (د. عدنان ابراهيم) بگرن تەحلیلێکی قورئانی و شیکردنەوەیەکی جوانی عەقڵانی بۆ دەکات:

http://www.youtube.com/watch?v=ds5fhOSvAiM

هەندێ جاریش بەم ئایەتە دەمەکان دەبەستن و دەیکەن بە بەڵگەی بێدەنگبوون و یاساغبوونی وتووێژ لەسەر ئەو چەمک و بابەتانە ((تلك أمة قد خلت لها ما كسبت ولكم ما كسبتم ولا تُسألون عما كانوا يعملون)) کە لە فەحوای ئەم تێکستە ئیلاهیەش تێناگەن و بەهەڵە لەم شوێنە بە بەڵگە دەهێنرێتەوە.

هەندێ جاریش (سەلەفی میرنشین) دەمکوتی رای بەرامبەر بەوە دەکەن کە (الفرق بيننا وبين أهل البدع الخوض في ما وقع بين الصحابة). بێگومان قسەی زانایان سەنەد و مەحەک نییە لە کاروباری ئاینیدا هەروەها بەبەڵگەش دانانرێت بەڵکو دەبێ بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. ئەم گوتەیە نابێتە سەنەد و دەلیل بۆ مەنعی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ئەو چەمک و بابەتانە، بەڵکو خودی ئەم وتەیە بۆ مەبەستێکی تایبەت پێشنیاز کراوە و داتاشراوە. من پێم باشە روون و ئاشکرا خاڵ لەسەر پیتەکان دابنرێت بۆ رەوینەوەی تەمومژی بابەتە مێژووییەکان و پێشاندانی واقیعەکە وەک خۆی. ئەگینا حەوجە بەو باسە مێژووییانە ناکات هەرگیز، چونکە خولانەوەیە لەناو شەڕو شۆڕێکی بێ هودەی باسوخواسی مێژوویی بەسەرچووی بێ سوودی تۆز لەسەرکەوتوو.

ئەو سەلەفیانە فیکر و بیریان گۆش و قورمیشکراوە بە قسەی زاناکان، بەڵکو بەدیدی مردووەکان لەدونیای هاوچەرخ دەڕوانن و خیتابەکانیان بە ئەرشیفی قورمیشکراو تەعبیئە دەکەن ــ داخی گرانم.

ریوایەتی (چاکترین سەدە سەدەی منە و...هتد) بە چ میزانێک دەکێشرێ لەکاتێکدا هەر دوای وەفاتی حەزرەت و دوو سەدە دوای سەدەی یەکەم رەگی ئاشووب و ناسۆری رووداوە دڵتەزێنەکان گڕیانگرت و سەریانهەڵدا، پاشان وەک لەریواتەکەدا باسی لێوەکراوە (يفشوا الكذب) فیتنەو درۆ سەرهەڵدەدات و فێڵ و ساختەکاری زۆر دەبێت...!!

ئەم ریوایەتە رێک پێچەوانەی دەقی قورئانە: {فلا تزكوا أنفسكم هو أعلم بمن اتقى}. پێغەمبەر بەریئە لەوەها دەقێکی پراگماتی بەرژەوەندیخوازانە. چونکە ئەو ئەخلاقێکی قورئانی هەبوو وەک گوتراوە (كان خلقه القرءان).

مەرج نییە سەردەمی پێغەمبەران باشترین و چاکترین سەدە بووبن، ئەوەتا سەردەمی حەزرەتی نوح یان (لوت) پێغەمبەر کاتێک رووی لە گەلەکەی کرد و پێیگوتن (أليس منكم رجل رشيد)؟ ئایا ئەمە گوزارشت لەچی دەکات؟!

گەر پێغەمبەر هەر شتێکی لەوبارەوە فەرمووبا ئەوە باس و سەنای سەردەمی سولەیمان پێغەمبەر و حەزرەتی یوسفی دەکرد کە چۆن پێشکەوتن و شارستانێتی و خۆشبەختی و بەختەوەری رووی تێکردبوون. هەروەها چۆن لەسایەی یوسفی راستگۆ میسری ئەوسا بووژایەوە.

---



یەریڤان سەعید

# PKK و AKP هاوپەیمان یان نەیار

قەیرانی نوێی تورکیا و گۆڕانکارییە جیۆسیاسیەکان لە ناوچەکەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی داد و گەشەپێدانی لەهەموو کاتێکی دیکە زیاتر لەیەکدی نزیک کردووەتەوە.

سەرەڕای گۆڕینەوەی تۆمەت لە نێوان سەرکردەکانی هەردوو پارتەکە، هەردوولا بۆیان دەرکەوتووە کە کارکردن و هەماهەنگی نێوانیان سوود بە هەردوولا دەگەیەنێت و یارمەتییان دەدات لە کێشەکانی ناوخۆی تورکیا قورتار بن. دەکرێت ئەمانە پرۆسەی ئاشتی لەمێژ چاوەڕوانکراو بە لاڕێدا ببەن و سەرئەنجام رێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان خۆش بکەن. هەرچەندە تۆمەتبارکردنی ئەمریکا لەلایەن PKKوە بەوەی لەپشت رووداوەکانی ناوچەکەیە شتێکی نوێ نییە، بەڵام یەکێک لە سەرکردە باڵادەستەکانی PKK بەمدواییە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشی دەربڕی.

جەمیل بایک، سەرۆکی کۆنسەی KCK بە رۆژنامەی وەتەنی تورکی راگەیاند "لە پشتی فەتحوڵڵا گویلەنەوە ئەمریکا هەیە، دەیانەوێت لە ئەردۆغان رزگاریان ببێت".

ئەردۆغان مانگی 12ی رابردوو لەوکاتەی کە حکومەتەکەی رووبەڕووی کێشە بووەوە، پەنجەی بۆ گرووپی نێودەوڵەتی و هێزی نادیار درێژ کرد و بەوە تۆمەتباری کردن کە هەوڵدەدەن حکومەتەکەی لەباربەرن.

لە گوتارێکدا کە لە شاری سامسۆن پێشکەشی کرد، ئەردۆغان پەنجەی تۆمەتی بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا، فرانسیس ریچاردۆن درێژ کرد و بە "پیلانگێڕ" دژی حکومەتەکەی تۆمەتباری کرد. هەرچەندە ئەردۆغان ناوی باڵیۆزی ئەمریکای نەهێنا، بەڵام زۆر کەس هاوڕان لەسەرئەوەی کە رووی قسەکانی ئەردۆغان لە فرانسیس ریچاردۆن بوو.

دەگوترێت باڵیۆزی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی دیپلۆماتکارانی بیانی لە تورکیا، گوتوویەتی "رووخانی ئیمپراتۆریەتێک بەڕێوەیە" وەک ئاماژەیەک بۆ چارەنووسی ئەردۆغان.

سەرۆک وەزیران تورکیا هەڕەشەکانی گەیاندە ئاستی هەڕەشەی وەدەرنانی دیپلۆماتە بیانییەکان، ئەگەر دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەربدەن "ئەگەر لە کاری خۆیان زیادەڕەوی بکەن، لە وڵات دەکرێنە دەرەوە".

لە دەرەوەی تورکیاش، تەوەری AKP-PKK بەهۆی بارودۆخی سووریاوە لێک نزیکتر بوونەتەوە.

تورکیا بەدەست دەرهاویشتەکانی قەیرانی سووریاوە دەناڵێنێ. حکومەتی ئەو وڵاتە کە هاوکاری مادی و یارمەتی هەندێک لە گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەدا (بە ئیسلامیەکانیشەوە) ئێستا هەر بۆخۆی رووبەڕووی هەڕەشەی ئەو گرووپانە بووەتەوە.

تورکیا دەزانێت خەڵکی رۆژئاوای کوردستان پشتیوانی لە PKK و باڵەکەی لە سووریا (پارتی یەکێتی دیموکراتی) دەکەن.

PYD شەڕی دژی ئەلقاعیدە دەکات و شەڕی ناوخۆی سووریای لە هەرێمەکەی ژێر کۆنترۆڵی خۆی دوورخستووەتەوە. سەرهەڵدانی ئەم گرووپە بووەتە پارێزەرێک بۆ سنوورەکانی تورکیا، هەر بۆیەش عەبدوڵڵا گویل، سەرۆک کۆماری تورکیا چیدی PKK وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر تورکیا نابینێت، هەرچەندە PKK و تورکیا هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتنێک لەسەر چارەسەری کێشەی کورد.

گویل بە رۆژنامەی حوڕییەت دەیلی راگەیاند "بۆچوونی ئێمە لەسەر هەڕەشەکان ئێستا زۆر جیاوازە، وەکو بۆچوونی پێنج ساڵ پێش ئێستا نییە". ئەو هەروەها گوتی "ئەوکات گەورەترین هەڕەشە تیرۆری PKK بوو. ئەمڕۆ سەیر دەکەین زۆر گرووپ لەم کەشەدا سەریانهەڵداوە. هەرگیز نازانی لەکوێوە سەر دەردەهێنن، ئێمە ئەوەمان لە ئەفغانستان بینی".

گرووپە کوردییەکان، بەمێژوویەکی درێژی چەکدارییەوە، ئەوەیان پیشانداوە کە کاریگەرترین هێزن لە رووبەڕووبوونەوەی هێزە جیهادییەکاندا.

هێزە جیهادییەکانی سووریا لە هەموو رووبەڕووبوونەوەکاندا توانیویانە هێزە عەلمانیەکان تێکبشکێنن و ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان فراوان بکەن. فراوانکردنی ناوچەکانیشیان لەسەر حیسابی ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە، ئەو گرووپانەی کە واشنتن و ئەنقەرە هیواخوازن حوکمی سووریا بکەن، دوای بەشار ئەسەد.

لەهەمانکاتدا یەکینەکانی پاراستنی گەل کە باڵی سەربازیی PYDیە، توانیویەتی هێرشی گرووپە جیهادییەکان رابگرێ، بۆیە لە بەرژەوەندی ئەنقەرەدایە هێزێکی یەکگرتوو و سەنتراڵی وەک PYD لەسەر سنوورەکەی جێگیر بووبێت کە ئامادەیی هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا نیشانداوە.

ساڵح موسلیم، سەرۆکی PYD، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەسەر تەلەفیزیۆنی ستێرک کە نزیکە لە PKK، تورکیای دڵنیاکردەوە کە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی لە سووریا هەڕەشە نییە بۆ سەر ئەنقەرە، بەڵکو هاوکاری تورکیا دەکات لەڕووی ئەمنییەوە.

موسلیم گوتی "هەرگیز فیشەکێکیش بە ئاراستەی تورکیا ناتەقێنرێت. بوونی کورد بارودۆخی ئەمنی سنوور جێگیرتر دەکات."

سیاسەتمەدارانی کورد لە سووریا و تورکیا، بە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیشەوە، گەمەیەکی ژیرانە بەڕێوەدەبەن بەوەی کە لەم کاتەدا دژایەتی AKP ناکەن. PKK و هاوپەیمانەکانی دەیانتوانی لە دژی پارتەکەی ئەردۆغان کاربکەن و شتەکان بۆ AKP ئاڵۆزتر بکەن.

هەڵبژاردنی ئاشتی و سیاسەتی نەرم لەلایەن کوردەوە لە خۆشباوەڕییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان دەزانن ئەگەر بارودۆخی تورکیا لەدەست دەرچێت، کورد و تورک هەردووک ئەم هەلە گرنگەی ئێستا بۆ ئاشتی هەتاهەتایی لەدەستدەدەن.

ئێستا بارودۆخی تورکیا سەقامگیرترە وەک لە مانگی دوانزە، بڕیارە مانگی داهاتوو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجام بدرێت.

ئەستەمە AKP هەمان دەنگی جاران بباتەوە، ئەویش بەهۆی هەڵوێستی حکومەت لە مەسەلەی پارکی گەزی و لە سکانداڵەکەی ئەم دواییەدا. بەڵام قورسایی AKP لەسەر ئاستی حکومەتی نەتەوەیی بە بەهێزی دەمێنێتەوە.

لەبەرئەوە ئێستا نۆبەی AKPیە تا هەنگاوی کۆنکریتی بنێت لە مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورد بە سیاسەت و بڕیار.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی پیاوی نەوتەکەیە یان؟

ئەوانەی لانیکەم لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەتایبەتیش کە لەو ڕۆژەوەی سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تورگوت ئۆزال دەستێکی بەهێزی خستە ناو کاروباری عێراق و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کوردی باشوور دروستکرد، چاودێریی بارودۆخ و جۆری سیاسەتەکانی تورکیا لە هەمبەر کوردی باشوور دەکەن، بۆیان دەردەکەوێ کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا جۆرێک لە هەڵبەز و دابەز لە پەیوەندی نێوان و هەولێر و ئانکەرەدا هەبووە. بەڵام هەقیقەتێکی نکوڵی لێنەکراو هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئەوکاتانەی کە سیاسەتمەدارانی تورک باوەڕیان بە مافەکانی کورد لە باشوور هەبووبێ، لەبەرامبەر کوردی باکوور پتر نەرمییان نواندووە و پراگماتیستانەتر لە چارەسەری کێشەی کورد نزیک بوونەتەوە.

لە سەردەمی ئۆزالدا کە خۆی باوەڕی بە مافەکانی کورد هەبوو، شانسێک هاتە ئاراوە کە لە سۆنگەی پەیوەندیی باشی ئۆزال لەگەڵ هەر یەک لە بارزانی و تاڵەبانی، دەرگایەک بکرێتەوە و چارەیەک بۆ دۆزی کورد لە باکوور بدۆزرێتەوە. دوای نەمانی ئۆزال ئەگەرچی پەیوەندیی کوردی باشوور لەگەڵ تورکیادا نەگۆڕا، بەڵام حکومەتەکانی دوای ئەو ئیتر تەنیا کوردی باشووریان وەکو مقاشێک بەکاردەهێنا و ماهییەتی ئەوەی کە کورد مافیان هەیە و ئەو چوارچێوەیەی کە ئۆزال باوەڕی پێی بوو نەما. ئۆزال باوەڕی بە یەک شت هەبوو، ئەویش ڕاست دەرچوو "قەت جارێکی دیکە سەددام هێندە بەهێز نابێتەوە کە بتوانێ حوکمی هەموو عێراق بکاتەوە، بەڵام ئەگەر تەنانەت بشمێنێتەوە قەت جارێکی دیکە کوردی عێراق ناچنەوە ژێر ڕکێفی و ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی خۆیان هەر دەبێ". بۆیە بەرئەنجامی ئەو تێزەی ئۆزال ئەوە بوو کە دەبێ تورکیا پەیوەندییەکی دۆستانە و تەنانەت ستراتیژیشی لەگەڵ ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمەدا هەبێ و بیکات بە هاوپەیمانی خۆی. هەر ئەو بۆچوونانە بوو لە کاتی خۆیدا تاڵەبانیی هێندە شاگەشکە کردبوو کە گوتی با کوردستانی عێراق خۆسەرییەک ڕابگەیەنێت و ببێ بە بەشێک لە تورکیا. ئەوە بەوەشەوە نەوەستا، کاتێک دواتر سەددام بانقەنۆتی 25 دیناریی چاپی سویسرای کێشایەوە، دوو بژاردە هەبوو، یان ئەوەتا پارەی کوردستان ببێ بە دۆلار، یانیش وەک قوبرسی باکوور ببێ بە لیرەی تورکی!

لە سەردەمی ئۆزالدا ڕەنگبێ بەو قووڵییەی ئەو دواییە ڕەهەندە ستراتیژییەکانی پەیوەندیی کورد و تورکیا دیراسە نەکرابێت، بەڵام لانیکەمی ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی نەخشاند. دەمێکە تورکەکان و بەتایبەتیش حکومەتی تورکیا گەیشتوونەتە ئەوەی کە پەرە و درێژە بە تێزەکەی ئۆزال بدەن، بە شێوەی تەریب پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان باش بکەن و هەوڵی چارەسەریی دۆزی کوردیش بدەن لە تورکیا.

بەلای کوردەوە و بەتایبەتیش لە ڕوانگای مێژووییەوە، تورکیا ئەو شوێنە بووە کە کورد بەلایدا شکاندووەتەوە، چ لە سەردەمی عوسمانی بێت یان ئێستا کە وەک دەروازەی ئەورووپا و شارستانیەت بۆ ئێمە سەیر دەکرێ. بەڵام تورکیای نوێ تا سەردەمی ئۆزال هەستی بە گرنگیی جیۆستراتیژیی کورد لە ناوچەکەدا نەکرد. ئەوە کاتێک نەوتیشی هاتە سەر و بووە بە پێداویستییەکی ستراتیژی، چوارچێوەی پەیوەندییەکانی گەلێک لەوە بەرفراوانتر کرد کە کورد بەس مەقاش بن!

ئەوەی ئەمڕۆ بارزانی و ئەردۆغان دەیکەن، قووڵاییەکی مێژوویی هەیە و ڕەهەندەکانی لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیا و کوردستان کاریگەریی بەرفراوانی بەجێهێشتووە. ئەمڕۆ بارزانی و ئەردۆغان بەکارتی نەوتەوە (هەمان ئەو کارت و فاکتەرەی مێژوویەکی ڕەشی سەد ساڵەیان بۆ کورد نەخشاند کاتێک بەدەست خەڵکی دیکەوە بوو) پێیان ناوەتە قومارێکی گەورەوە کە ئەگەر بیبەنەوە، تێکڕای نەخشەی سیاسی و جوگرافیی ناوچەکە دەگۆڕێت، هەمان ئەو گۆڕانەی کە ئۆزال پێشبینی کردبوو. خۆ ئەگەر نەشیبەنەوە لانیکەمی ئەوەیە کە نەوتەکە بە فڕۆکەی F16 نەدراوە! ئەمڕۆ تورکە ڕەگەزپەرستەکان وەک سووکایەتییەک بە ئەردۆغان، بارزانی بە ئامۆزای ئەو دەناسێنن! بەڵام ئەوە ئەردۆغانی سارد نەکردووەتەوە، چونکە لەوە دڵنیایە کە ئایندەی ناوچەکە دەکەوێتە دەست کاراکتەرە ناوچەییەکان و چیتر کەس ناتوانێ نە لەدەرەوە و نە لە ناوەوە حوکمی ڕەهای ناوچەکە بکات.

ئەوانەی لەو سیاسەتە تێنەگەیشتوون، ڕەنگبێ نە لەناو تورکیا و نە لەناو کوردستانیش خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەیان نەبێت، بۆیە وەک تووتی هەمان ئەو قسانە دووپات دەکەنەوە کە ستاتوکۆی سەد ساڵی ڕابردوو دەیانکات، ئەو ستاتوکۆیەی نەک هەر دژی ئەوەیە کە کورد نەوتی هەبێت، بگرە دەیەوێ کۆنترۆڵی دڵۆپ بە دڵۆپی نەوتیش بکات.



قەرەنی قادری

# پەتای جیابوونەوە و هیستێریای یەکگرتنەوە

ئەوە زیاتر لە 10 ساڵە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست پەتای جیابوونەوە و هیستێریای تێکەڵبوونەوەی حیزبەکانەوە دەناڵێنێ. جیابوونەوە، گرژیی ناو پەیوەندییەکان و لە کۆتاییدا، هەوڵدان بۆ "یەکگرتنەوە"، سەردێڕ و ناواخنی دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006دا، گرووپێک لەژێر ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) جیابووەوە و هەر بە هەمان ناو، لۆگۆ و ناوی ڕاگەیاندنەکانی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)ەوە خۆی ناساند. لە ساڵی 2007یشدا، "کۆمەڵە"یەک لە هەناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) جیابووەوە و ناوی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی نایە سەرخۆ. بەر لەو دوو حیزبە، ژمارەیەک ڕێکخراوی دیکەش لەو پارچەیەی کوردستان هەر بەو دەردەوە چوون.

سەرەڕای گشت وردەکاری و کێشەی سیاسی و فکرییانەوە، قەیرانی سەرکردایەتی و بەرنامە، دوو هۆکاری هەرە سەرەکی و بزوێنەری جیابوونەوەکان بوون.

لە دوایین پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، باس لە "یەکگرتنەوە" کراوە، ئاماژە بە "یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو ..." دراوە، گەرچی ڕاگەیێندراوەکە باس لە "یەکگرتنەوە" دەکات، بەڵام بەپێی ئەوەی کە دان بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان)دا نانێت و وەکو "هاوڕێیان"ی پێشوو ناویان دەبات، لە "تێکەڵبوونەوە" واتە گەڕانەوەی ئەوان بۆ ناو (حدکا) دەچێت. یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی هەر "یەکگرتنەوە"یەک ئەوەیە کە دوو حیزب یەکتر بە ڕەسمی بناسن. لێرەدا تەنیا حیزبێک هەیە و لایەنەکەی دیکە "هاوڕێیانی پێشوو"ن.

دوایین پلینۆمی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)یش سەرەڕای ئەوەی کە "پێشوازی" لە باس و لێدوانی یەکگرتنەوە دەکات، بەڵام ئاماژە بەوەش دەدات "تەوافوق و هاوبەشی کاتێک جێبەجێ دەبێ کە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چییە و بە چ شێوەیەک یەکتر ناو دەبەن) بوونی یەکتر وەک واقیعێک قبووڵ بکەن و وەک دوو لایەن بەمەبەستی گەیشتن بە تەوافوق و هاوبەشی بەرەو لای یەکتر هەنگاو بنێن". بێشک یەکەمین هەنگاو بۆ "یەکگرتنەوە"ی دوو لاباڵی دیموکرات بەڕەسمی ناسینی یەکترە، کە ئەمەیان هەروا ماوەتەوە.

دوایین ئاکامی هەوڵی "یەکگرتنەوە" لە نێوان هەردوو لاباڵی کۆمەڵەش ئەوە بوو کە پێکەوە و بەناوی ڕەسمییانەوە بەیاننامەیەکیان سەبارەت بەو پرسە بڵاوکردەوە. ئەوان سەرەڕای "بە زیانبار زانینی جیابوونەوە و دابڕانەکان و پێویستی کارکردنی هاوبەش..." لە هەوڵی ئەوەدان کە بۆ یەکگرتنەوە هەنگاو بنێن. گەرچی پرسی "یەکگرتنەوە"ی کۆمەڵەکانیش دوور لە ڕاگەیاندنەکان بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەوەی کە لێرە و لەوێ باس لە یەکگرتنەوە دەکەن، تەنیا هێڵی گشتییە و شتێکی زۆر ڕوون بەدەستەوە نادەن. گەرچی هەوڵی لاباڵەکانی کۆمەڵە بۆ "یەکگرتنەوە" هەر لە "سەرەتاکانی خۆیدایە"، بەڵام ئەبوبەکر مودەڕسی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی دانوستاندنکاری (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە سەرەتادا دەڵێت: "حەوت ساڵ لەوە پێش بە دوای کێشەیەکی تەشکیلاتی"یەوە، لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ جیابووبوونەوە"، بەڵام بوونی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) وەک ڕێکخراوێک بۆچوونی مودەڕسی ڕەت دەکاتەوە، کە جیابوونەوەکە تەنیا بە کێشەیەکی "تەشکیلات"ی ناودەبات و، ئەمەشیان هەر ئەو بۆچوونەیە کە لە سەرەتاکانی دروستبوونی کێشەی نێوان دوو کۆمەڵەکان باسی لێوە دەکرا.

## خاڵی هاوبەشی نێوان دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان

هەردوو لاباڵی دیموکرات و کۆمەڵە لە یەک خاڵی گرینگدا وێکچوونیان هەیە.

(حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) و (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە لایەک و، (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) و (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان)یش لەلایەکی دیکەوە.

لاباڵێکی دیموکرات بێ پاشکۆی ئێرانە (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، هەروەها لاباڵێکی کۆمەڵەش هەر بێ پاشکۆی ئێرانە، تەنانەت ئەو لاباڵەی کۆمەڵە، (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) دەستەواژەی شۆڕشگێڕیشی لە ناوەکەی خۆیدا سڕیوەتەوە. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو دانوستاندنەی کە بۆ "یەکگرتنەوە" لە نێوان ئەو چوار لاباڵە لە گۆڕێدایە، دەبێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئاکامی "یەکگرتنەوە"کەیان، بەلای ئێراندا دەشکێتەوە یان کوردستان؟

ئەو هەنگاوانەی کە ئەو چوار لاباڵە بۆ لێکنزیکبوونەوە ناویانە، ئەو دەرفەتە دێنێتە ئاراوە کە کێشەی پەیوەندیی سیاسی لەو پارچەیەی کوردستان تا ڕادەیەک بەرەو هێوربوونەوە بڕوات، بەڵام "یەکگرتنەوە" کارێکی سووک و ئاسان و یەکشەوە نییە، لەبەر ئەوە بەرزکردنەوەی دروشمی زل و بەڵێنی بێ بنەما، کەشێکی هەستیار و ناعەقڵانی دێنێتە کایەوە و جارێکی دیکە بزووتنەوەی سیاسی لەو بەشەی کوردستان تووشی نائومێدی دەکاتەوە.

جاروبار یەکگرتنەوە باشە، بەڵام بەو مەرجەی (دان بە شکستیاندا بنێن) و شتێکی نوێتر لەوەی پێشوو بەرهەم بێنن. یەکگرتنەوە بە مەبەستی بەهێزبوون لە بەرامبەر خەنیمە خۆماڵییەکەشدا، هەر شکستە. ڕابردووەکە ڕوونە کە چی ڕوویداوە، چیتان پێیە بۆ داهاتوو، ئەمەیە مەرجی سەرکەوتن و باشیی یەکگرتنەوە. هەنگاونان بەرەو یەکگرتنەوە، بە مانای شکستی سیاسەت و بۆچوونی ڕابردووە!



هەوار جەلالەدین

# کەی دەستی ژن ماچ دەکرێ؟

بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا و گەیشتن بە شوێنی بڕیاردان لە کوردستان شتێکی ئەستەم نییە. ئێستا زۆر ژنمان هەن کە پۆستی حکومی و حیزبی بەڕێوەدەبەن، بەڵام هێشتا بەشداری ئافرەت لەم پرۆسەیەدا لە ئاستێکی هێژا نییە. پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کاتێک کەسێک کاندید دەکەن بۆ پۆستێک، زیاتر گرنگی بە پیاوان دەدەن و باوەڕیان بە هێز و تواناکانی ئافرەتان نییە بۆ بەڕێوەبردنی پۆستێکی حکومی یان حیزبی. ئەگەر هەندێک بۆ واقیعی پێش ئێستای هەرێمی کوردستان بگەڕێینەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ڕۆڵی ژنان و بەشدارییان بەرەو باشتر چووە، بەڵام ئەمە بۆ سیستەمی کۆتا دەگەڕێتەوە کە لەسەر هەموو پارتە سیاسییەکان فەرز دەکات ڕێژەیەک بۆ ئافرەت لە پۆستەکاندا دیاری بکرێت. ئەمەش لەوانەیە لەلایەک زوڵم بێت لە ڕەگەزی بەرامبەر و هەروەها ئافرەتی نەشیاو بگەنە جێی بڕیاردان و نەشتوانن سەرکەوتوو بن، بۆیە من لەگەڵ سیستەمی کۆتا نیم و پێموایە دەبێت ئافرەتی کورد کاری زیاتر بکات و خۆی بەرەوپێش ببات بۆئەوەی توانای ئەوەی هەبێت کە ڕکابەری پیاوان بکات بۆ وەرگرتنی پۆستێک یانیش بۆ گەیشتن بە پلەیەکی باڵا چ لەناو حیزب بێت یانیش لەناو حکومەت. ئەمەی ئێستا دەکرێت کە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان وا هەستدەکەن خێر بە ئافرەتان دەکەن کاتێک بۆ پۆستێک کاندیدیان دەکەن یانیش پۆستێکیان پێدەسپێرن، یان ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەت و خوشکان شاند پێکدێنن و سەردانی لایەنە سیاسییەکان دەکەن و داوایان لێدەکەن ڕۆڵێکی باشتر بە ئافرەتان بدرێت. ئەوە گوناهی حیزبە سیاسییەکان نییە کاتێک دەیانەوێ کەسێک بۆ پۆستێک بەربژێر بکەن ئافرەتی لە ئاستی پێویستیان نەبێت، یانیش لەوانەیە ئافرەتێک کاندید بکرێت و بچێتە جێگایەک کە شایستەی ئەو جێگایە نییە و ناتوانێت گۆڕانکاری بکات. دەتوانم بڵێم بوون و نەبوونی لەو شوێنە وەکو یەکە، بۆیە زۆرجار حیزبە سیاسییەکان ناچار دەبن پیاوێک کاندید بکەن بۆ وەرگرتنی پۆستێکی دیاریکراو.

ژن ئەگەر خاوەنی کاریزما و کەسایەتییەکی شارەزا و هێژا بێت، پارتە سیاسییەکان دەستی ماچ دەکەن بۆئەوەی پۆستێک وەربگرێت. بەداخەوە نەخۆشیی خۆ بەرەوپێش نەبردن لەناو ئافرەتان باوە و بووەتە ڕێگر لەوەی بگەنە شوێنی بڕیاردان، یانیش ئەوانەی دەبینرێن لە ئاستێکی شایستە نەبن.

دەگوترێ لەپشت هەموو پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە، بەڵام پێچەوانەکەشی دروستە کە لەپشت هەموو ژنێکی مەزن پیاوێکی مەزن هەیە، بەڕاستی خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەیە لەوەدا کە ئافرەت بتوانێت بگاتە شوێنی بڕیاردان و کەسێکی سەرکەوتوو بێت، بەتایبەتی هاوسەرەکەی، چونکە هەندێک هاوسەر هەن وا بیردەکەنەوە کە نابێت ئافرەت کار بکات و پۆست وەربگرێ و بگاتە شوێنی بڕیاردان، بەڵکو تەنیا دەبێت خزمەتی ماڵ و منداڵەکانی بکات، ئەمەش هوکارێکی سەرەکییە بۆئەوەی ئافرەت لەم جۆرە ژینگەیەدا پێنەگات و لەماڵ دابنیشێ و بەرپرسیارێتی چێشتخانە و دروستکردنی خواردن وەربگرێت.

هەرچەندە بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا نیشانێکە بۆ بەرەوپێشچوونی جڤاک بەگشتی و ئافرەتان بە تایبەتی، بەڵام ئەمە کەی؟ ئەو کاتەی کە ئافرەت بتوانێ بە هێزی خۆی بگاتە شوێنی بڕیاردان نەک بە سیستەمی کۆتا، ئەگەر وەکو نموونە باسی بکەین، لە هەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستاندا ئافرەت هەبوو تەنیا بە 500 دەنگ چووەتە پەرلەمان و بووەتە ئەندامی پەرلەمان. لەبەرامبەردا لەوانەیە پیاو هەبێت ڕێژەیەکی باشی دەنگی هێنابێت و نەشچووەتە پەرلەمان.

پێویستە ئێمەی ئافرەت زیاتر گرنگی بە خۆمان بدەین و خۆمان بەرەوپێش ببەین و بێینە مەیدانی کاری سیاسی و ڕکابەری پیاوان بکەین، چونکە هیچمان کەمتر نییە لەوان. ئەوەی جیامان دەکاتەوە تەنیا توانا و لێهاتووییمانە.



یادگار مەحمود

# هەڵبژاردن.. دەنگدەری هۆشیار و پێوەرەکانی

وەک دەزانین بۆ هەڵبژاردنەکان بە زۆری و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پارتە سیاسیەکان ئەکتەری سەرەکین، هەربۆیە زۆرینەی پاڵێوراوەکانیش لەلایەن پارتەکانەوە دەستنیشان دەکرێن. ئەوەی کە جێی سەرنجە پێوەر و مەرجەکانی دەنگدەرە بۆ پێدانی متمانە بە پاڵێوراوەکان. سەبارەت بە پێوەر و مەرجەکانی دەنگدەر ناتوانین بەبێ وەستان لەسەر هۆشیاریی دەنگدەر باس لە بابەتەکە بکەین. لێرەدا مەبەست لە هۆشیاریی دەنگدەر پێوەرەکان و هەڵسەنگاندنیەتی لە پرۆسەی بڕیاردان بۆ پێدانی متمانە بە نوێنەرێک. مەرج و پێوەرەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی بێگومان جیاوازن. ئەو جیاوازییە پەیوەندی هەیە بە بارودۆخ و سیستمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئاستی پێشکەوتن لە هەموو ڕوویەکەوە. بێگومان کەلتوور و هەروەها ئاستی هۆشیاریی دەنگدەریش. لەو وڵاتانەی کە ئەزموونێکی دێرینیان هەیە لە مومارەسەی دیموکراسیدا و کیانی سیاسی سەربەخۆ و ئابووریی بەهێزیان هەیە، واتە وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەنگدەر دابەش دەبێت بەسەر ئایدیۆلۆجیەکاندا وەک (چەپ، ڕاست، سۆسیال دیموکرات، ژینگە و... هتد). مەبەست لێرەدا سیاسەتی دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵاتە. لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆدا هەندێ جار کە خەرجییەکانی حکومەت زۆر دەبێت، ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر و هۆکاری بردنەوەی هەڵبژاردن. هەروەها دەنگدەر گرنگیش دەدات بە سیاسەتی دەرەوەی وڵات وەک بەشداریکردن لە شەڕ، یان بۆ نموونە بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، پاراستنی کەلتوور و نەریت لە کاریگەرییە دەرەکییەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. ئەزموونی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دێرینی نییە. قۆناغی دوور و درێژی شۆڕشی ئازادیخوازی و ململانێی توندی نێوان لایەنەکان و بارودۆخی ئەمڕۆی ئەم ئەزموونە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تا ئێستا کاریگەری سەخت و تۆخیان هەیە لەسەر دەنگدەر و وەک هێڵێکی سوور لەناو پرۆسەی بڕیارداندا پانتایی خۆی داگیرکردووە و لەمەوە ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات و کۆتایی دێت! بۆیە دەتوانین بڵێین پشکی پارتەکان لێرەوە وەک ڕێژەیەکی نەگۆڕ دەستنیشان کراوەو دەکرێت. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لە هاوکێشەکاندا هێنایە ئاراوە، هەروەها سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان وەک ئەکتەرێکی نوێی سەر ساحەی سیاسی کوردستان. ئایا گۆڕینی هاوکێشەکان چەندە پەیوەستە بە هۆشیاریی دەنگدەرەوە؟ پشکی بزووتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ نارەزایی خەڵک لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات. بێگومان نکۆڵی ناکرێت لە بوونی کەموکوڕییەکی زۆر لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەڵام سیاسەتێک و مێتۆدێکی تایبەت بوو کە توانی ئەم دەنگە ناڕازییانە ڕێکبخات، ئەویش بریتی بوو لە سیاسەتی (پۆپۆلیستی)، واتە ئیشکردن لەسەر هەست و سۆزی دەنگدەر و ئاماژەنەدان بە گرنگیی کارکردن بۆ گۆڕینی پارادیگمەکان، چونکە گۆڕینی سیستەم و هێنانی دادپەروەی و یەکسانی بێ ئەمانە مەحاڵە!

سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان بێجگە لە بەرهەمی کارکردنی ڕێکخراوەیی کاریگەر کە کار لەسەر هۆشیاریی ئاینی دەکات بە سوودوەرگرتن لەو زەمینە ڕەخساوەی کۆمەڵگای کوردەواری کە زۆرینەی موسڵمانە. لە دەرەوەی ئەم کێشمەکێشە و باکگراوندە مێژوویی و سیاسی و کەلتوورییەدا، ئایا دەنگدەر دەتوانێت لە دەرەوەی ئەم کاریگەرییانە بژارەیەکی دروست بکات؟ کە هەرچەند کارێکی سەختە. دەنگدەری هۆشیار دەنگ بە کێ دەدات؟ لەپێشدا دەبێت بپرسین ئایا پێوەرەکانی هۆشیاری چین لەم کۆنتێکستەدا؟ ئەگەر نابابەتیانە (Subjective) وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ئەوا بۆ نموونە لایەنەکان ئەو دەنگدەرە بە هۆشیار دەزانن کە دەنگیان پێدەدات. بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بابەتیانە وەڵام بدەینەوە ئەوا پێوەرەکە بۆ دەنگدەری هوشیار زۆر جیاواز و بەرفراوانتر دەبێت! لەسەر هۆشیاریی دەنگدەر دەتوانین بڵێین ئایا تا چەند دەنگدەر لاوازە بەرامبەر بە بزواندنی هەست و سۆزی، واتە سیاسەتی پۆپۆلیستی کاریگەر دەبێت لەسەری؟ چۆن پۆلێنی پرسەکانی وڵات دەکات و لەو پۆلێنەدا گرنگی زیاتر بە کام لە پرسەکان دەدات. پرسەکانی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە هەیە یان ئەو پرسانەی کە ڕەهەندی نیشتیمانییان هەیە. بە واتایەکی دی کورد لەم قۆناغەدا بۆ خۆی یان بۆ نیشتیمان هەڵدەبژێرێت؟ دوور لە کاریگەری پۆپۆلیستی و موزایەدەی سیاسی دەنگدەر دەتوانێت سەربەخۆ خوێندنەوەی خۆی بکات بۆ پرسەکان؟ تێگەیشتن و گرنگی دەنگدەر چەندە لەسەر ئەو پرسانەی ڕەهەندی نیشتیمانییان هەیە، تا چەند بڕوای بە ئازادییەکان، ئازادی تاک و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو هەیە! چۆن لە سیکۆلاریزم (جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت) گەیشتووە و تێدەگات؟ ئەو نوێنەرەی دەنگی پێدەدات بڕوای بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادییەکان هەیە؟ چونکە ئاستی خوێندەواری و دەرکەوتن لە میدیاکان وەک پێوەرە ڕووکەشەکان بەس نییە بۆ پێدانی ئەو متمانە گەورەیە! ئایا دەنگ بە ژن دەدات بێ بوونی سیستمی کۆتا لەبەرئەوەی بڕوای بە توانای ژن هەیە، ژن دەنگ بە ژن دەدات؟ کەواتە ئایا ئەمانە پێوەری دەنگدەری هۆشیارە، یان؟ کۆتا ڕێژەیەک بۆ بەشدارکردنی ژنان مسۆگەر دەکات. هەرچەندە بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر سوودوەرگرتن لە (کۆتا)، بەڵام بە بۆچوونی من نەک ئەمڕۆ بەڵکو تا دوارۆژێکی دووریش (کۆتا) پێویستە بۆ بەشدارکردنی ژن لە کایە سیاسییەکاندا لەبەر لاوازیی پێگەی ژن لەم کۆمەڵگایەدا، لەبەرئەوەی هێشتا کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی تەقلیدییە. ئەگەر ژن دەنگ بە ژن نەدات دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پێگەی ژن و هۆشیاریی ژن خۆی. ئەرکی دەنگدەر تەنیا چوونە سەر سندوقی دەنگدان نییە، بەڵکو بەدەنگی یان خوڵقێنەری دیموکراسی و ئازادییەکانە یان بە پێچەوانەوە! دەنگدان بێ ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانە جۆرێکی زۆر خراپی گەندەڵییە کە دەنگدەر دەیکات.



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

# داپۆشینی تەندروست بۆ زبڵ و خاشاک

هەمــوو مرۆڤێک ڕۆژانە بەلای کەمەوە دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی یەک کیلۆگرام لەپاشماوەو زبڵ و خاشــاک، لێرەشەوە هەتا ژمارەی دانیشتووان زیاد بکات، قەبارەی زبڵ و خاشاکیش لەشارەکاندا زیاد دەکات، ئەمــە لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکان دەرکەوتووە کە لەوڵاتانی باشووری جیهاندا تەنها یەک لەســەر سێی یان چارەگێکی ئەو قەبارەیە کۆدەکرێتــەوە و ئــەو دوایشــی بەشــێوەیەکی هەڕەمەکی لەدەوروبەری شار فڕێدەدرێت!

کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی ماڵان و دووکان و کۆگا بازرگانیەکان زۆر زەحمەتترە لە هی کارگە پیشەسازییەکان، چونکە هی ماڵان و کۆگاکان لە رووبەرێکی پەرشوبڵاودایە، هەرچی هی کارگەکانە لەیەک شوێندایە.

سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەش کە شارەوانییەکان بەکاریاندێنــن بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشــاک، ئــەوە ژمارەیــان زۆر کەمــە و لەبــەر کۆنبوونی هەندێکیشیان توانایان کەمتر بووە لەکاردا، بۆیە لەحاڵەتی ئاساییدا و لەیەک رێڕەوی کاردا رەنگە بتوانێت شەش تەن لەزبڵ و خاشاک بگوازێتەوە.

ئەوەی گرنگە لەم باســەدا، کۆکردنەوەی زبڵ و خاشــاکە بەرێکوپێکی، بەڵام لەمە گرنگتریش چۆنیەتــی داپۆشــینی ئــەم زبڵ و خاشــاکەیە لەشوێنی تایبەت و تەندروست و دیاریکراودا.

لەڕووی زانستییەوە، داپۆشینی تەندروست بۆ زبڵ و خاشاک بەسێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت:

قۆناغی یەکەم: هەڵبژاردنی چەند شــوێنێک بەپێی چەند رێنماییەک.

قۆناغــی دووەم: لێکۆڵینــەوە لەشــوێنە دیاریکراوەکان و هەڵبژاردنی باشترینیان.

قۆناغی سێیەم: دانانی وردەکاری پێویست بۆ دیزاینکردنی شوێنەکە بەباشترین شێوە.

شوێنی داپۆشینی زبڵ و خاشاک، لەسەرەتاوە پێویستە کۆمەڵێک داتاو زانیاری وردی لەبارەوە کۆبکرێتەوە وەک:

یەکەم: تۆبۆگرافیای ناوچەکەو بەرزی و نزمی.

دووەم: دووری یان نزیکی لە رووبار و ناوچەی تەڕو شێدار.

ســێیەم: دووری و نزیکی لە رێڕەوی ئاوەڕۆی شــار، چونکە بەلای کەمەوە پێویســتە شوێنی هەڵبژێــردراو بــۆ داپۆشــینی زبــڵ و خاشــاک نزیکــەی (365) مەتر یان زیاتر دووربێت لەهەر سەرچاوەیەکی ئاوی خواردنەوە.

چــوارەم: هەروەها پێویســتە جــۆری زبڵ و خاشاکەکەش بزانرێت ئایا لەجۆری ترسناکە یان ئاساییە؟

خاڵێکی دیکەی گرنگ ســەبارەت بەم باســە ئەوەیە ئیدی باوی ئەو دەستەواژەیە نەماوە لەم ســەردەمەدا کە جاران دەگوترا پێویستە زبڵ و خاشــاک لەشــوێنێک فڕێ بدرێت دوور لەشــار، چونکە ئەمڕۆ:

یەکەم: بەهیچ شێوەیەک رێگە نادرێت زبڵ و خاشاک بەبێ داپۆشین و لەچاڵنان لەسەر زەوی فڕێ بدرێت.

دووەمیش: ئەمڕۆ شــوێنێک نەمــاوە بەناوی دوور، چونکە ئەو شــوێنەی لەشارێکەوە دوورە، لــە شــارۆچکەیەکی دیکــەوە نزیکــە و زیــان بەدانیشتووانی ئەو شوێنە دەگەیەنێت.

سێیەم: پێویستە لەرێگەی ریسایکلینەوە ئەم برە زۆرەی زبڵ و خاشاک دووبارە بەکارهێنان و دروستکردنی بۆ بکرێتەوە.

چــوارەم: ئەمــڕۆ لەزۆربــەی وڵاتانــی پێشــکەوتوودا زبــڵ و خاشــاک یەکســانە بــە (پــارە)، بۆیە هەر لەبــەردەرگای ماڵەکانەوە لە بۆکسی رەنگ جیاوازدا جۆرەکانی زبڵ و خاشاک جیا دەکرێنەوە و دووبارە دروســت دەکرێنەوەو بەکاردەهێنرێنەوە.

بۆیــە ئێســتا لەجیهاندا بابەتی داپۆشــینی تەندروســت بــۆ زبڵ و خاشــاک ، یــان دووبارە بەکارهێنان و دووبارە دروستکردنەوەیان بووەتە زانستێکی تایبەت و پێویستە لای ئێمەش قسەی زیاتری لەبارەوە بکرێت.

***نووسەر و رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**



هێمن عەبدوڵڵا

# شیری حەڤدەی شوبات

لــە کوردەواری دەڵێن "شــیر کە کــۆن بــوو فیڵی تێدەکەوێت". ســێ ســاڵ بەســەر رووداوەکانی حەڤدەی شــوبات و دواتریدا تێپــەڕی و چەند رۆژێــک بــەر لەو یــادە نەوشــیروان مستەفا سەردانی مەســعود بارزانیی کــرد. ئایا ئەو شــیرەی لەبەردەرکی سەرا-ی "ئازادی" بە ئاگرێکی خۆش گەرم دەکرا، فیڵی تێکەوت؟ ئەوانەی لــەو رووداوانــەدا جگەرگۆشــەکانیان لەدەســتدا و ئەوانــەی تێهەڵدانیــان خــوارد و ئەوانەش کە قورگی خۆیان دڕانــد هێندەی هوتاف بــدەن، رەنج بەخەسار بوون؟

لــە فەرهەنگــی سیاســیی ئێمەدا حەڤــدەی شــوبات دوو پێناســەی هەیــە. لە یەکێکیاندا جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەیــە و لــە "ســەرای ئازادی"یــەوە رێبەرایەتــی کــراوە. لــە یەکێکــی دیکەشــدا هەوڵێکــی ئاژاوەگێڕانەیــە و هەڵســووڕێنەرانی ســواری شــەپۆلی نارەزایــی خەڵک بــوون و لــە بەردەرکــی ســەرای ســلێمانی ئاگریــان خۆشــکرد. ئەوانــەی باســی ئازادییــان دەکــرد، پشــتیان بــەو ئارگومێنتە دەبەســت کە هەرێمی کوردســتان بەســەر دوو دەســەڵاتی پاوانخوازدا دابەشکراوە و پێویستە لەدەســتیان دەربهێندرێت. ئــەوان پاکێجــی چاکســازییان بڵاودەکردنەوە و لەســەرەتادا هێندە رۆیشــتبوون کــە داوای رووخاندنــی دەسەڵاتیشــیان دەکــرد. ئەوانــەی باســی ئاژاوەگێڕیشــیان دەکــرد، دەیانگــوت ئەوانــەی بــەردی ریفۆرم لــە ســنگی خۆیــان دەدەن، خۆیان بەشداربوون لەو سیستمە سیاسییەی لــە کوردســتاندا دروســتبووە، بۆیە بۆیان نییە لافی جیاوازبوون لێبدەن. لــە پەنــای ئــەو لێکدانەوانــەدا راســتییەکی دیکە خۆی مەڵاســداوە. ئەویــش ئەوەیــە کــە هەرچەنــدە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات وەبەرهێنانی سیاســیی گەورەیان لەسەر حەڤدەی شوبات و رووداوەکانی رۆژانی دواتری کرد، بــەڵام ئــەو دەنگــە تووڕەیەی خەڵــک، کــە دوو دەیە بــوو پەنگی خواردبــووەوە، بــە زوڵاڵی بیســترا. هەروەها هەرچەندە گۆڕان لە ســاڵی 2009ەوە بەشــدار بوو لە پرۆســەی سیاسیدا لە کوردستان، بەڵام لەدوای حەڤدەی شــوباتەوە یەکێتی بە پلەی یەکەم و بەدوایــدا پارتیش وازیان لە کەللەڕەقیــی خۆیــان هێنا و قبوڵیان کرد کــە رکابەرێکی بەهێزی دیکەیان بۆ پەیدا بووە. رکابەرێک کە ئەوکات هێنــدەی خاڵــی ناکۆکیــی هەبــوو لەگەڵیاندا، هێندە کۆک نەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان.

رووداوەکانــی حەڤــدەی شــوبات و دواتــری بــۆ مانــەوەی گــۆڕان یەکلاکەرەوە بوون. چونکە رێگەیاندا ئــەو بزووتنەوەیــە نمایشــی بازووی خــۆی بــکات و بە یەکێتــی و پارتی بسەلمێنێت کە ئەو دارە بە هەر بایەک نالەرێتــەوە. بــەڵام لەپەنــای ئەوەدا ئەرکی بزووتنەوەکەشی قورستر کرد. چونکە ئەو جەماوەرەی ئامادەبوو لە تەنگانەدا ببێتــە بازووی گۆڕان، هەر ئەویــش ئەو بزووتنەوەیە دەخاتە ژێر تاقیکردنــەوەوە. تاقیکردنەوەیــەک کــە چۆنێتیــی پێکهێنانــی حکومەت و بەدوایــدا چۆنێتیــی بەشــداری و رۆڵگێڕانــی گۆڕان لــە حوکمڕانیدا و شــێوازی مامەڵەی لەگەڵ پارتەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەوکات، بابەتی نێو پرسیارە هەرە قورسەکانی دەبن.

شــیرەکەی حەڤــدەی شــوبات ســاردبووەتەوە، بەڵام ئەگــەر فیڵی تێکەوت، گۆڕان باجەکەی دەدات.



د.شۆڕش حاجی

# هەولێر و بەغدا، کامیان ئیشی بە کامیانە

لە دروســتبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی 1921، کــورد بەبــێ رەزامەنــدی و دوور لــە ئــارەزووی خــۆی لەگــەڵ عــەرەب دەژی و ئەو بەشەی کوردستانیش بێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی جوگرافی، مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زمان یان کەلتوور لەو ســەردەمەدا بەو دەوڵەتە تازە دروســتبووەوە لکێنرا. دروستبوونی ئەو هەموو رێکخراو و حیزبە کوردیانەی ســەدەی رابردوو و هەمــوو ئەو راپەڕین و شــۆڕش و بزووتنەوانەی لە دژی سیاســەتی حکومەتە ناوەندییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەرپا بوون ئەنجامی ئەو بڕیارە نابەجێیەی ســەرەتای ســەدەی رابردوو و سیاســەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە بەرامبەر گەلی کورد و داوا رەواکانی. لــەدوای رووخانــی رژێمی بەعســەوە لەســاڵی 2003، هەلومەرجەکــە گــۆڕا، بــەڵام غەدرەکە بەتەواوی هەڵنەگیــرا و کەوتینەوە بەر حوکمی واقیعێکی تاڵی جوگرافیا و مێژوو.

عێراقی ئێســتا دەوڵەتێکی فیدراڵی خاوەن دەســتوورە کــە خەڵکــی کوردســتان قبوڵیان کردووەو دەنگیان لەســەر داوە. بەشێکی زۆری مافە نەتەوەییەکانی کورد لەو دەستوورەدا جێی کراوەتــەوە. ئەگەرچی چارەنووســی بەشــێکی گرنگی خاکی کوردستان لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراق تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆرتری خاکی کوردستانی عێراق وەک هەرێمێکــی ســەربەخۆ دانی پێدانــراوە. ئەمڕۆ حکومەتــی ناوەنــدی و هەرێمی کوردســتان بە رێــژەی جیــا و بە هۆکاری جیاواز ئیشــیان بە یەکترەو لەم قۆناغــەدا لە بەرژەوەندی هیچیان نییــە لــەوەی دیکە بێمنــەت بێــت و لەیەکتر جیاببنەوە. پرســیارەکە ئەوەیە کامیان ئیشی زیاتــری بــەوی ترەو تا کــەی منەتیان بەیەکتر دەمێنێ؟

دەســەڵاتدارانی ئەمــڕۆی عێــراق میراتگری فەرمانڕەواکانی ئەو عێراقەن کە بەشێکی خاکی کوردستان دەکەوێتە سنووری جوگرافی ئەوەوە، عێراقــی ئەمڕۆ بەبێ کورد و خاکی کوردســتان گەلێکی بچووکتر و وڵاتێکی نوقســان و بێهێزتر دەبێ لە رووی سامانی مرۆیی و سامانی سروشتی و ســەرچاوەی ئاو و رووبەرەوە. بێگومان ئەمە لە هەردوو حاڵەتدا راستە: چ هەرێمی کوردستان بــەو ســنوورەی ئێســتایەوە جیاببێتــەوە یــان هەرێمی کوردســتان لەگــەڵ کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان لەسەر عێراق نەمێنێ. بۆیە زەحمەتە عێراق- دەســەڵاتدارانی عێراق و زۆربــەی هــەرە زۆری عەرەبی عێــراق- بیانەوێ یــان رازی بن بەوەی کوردســتان ( لە هەردوو حاڵەتدا) لە عێراق جیاببێتەوە.

هەرێمی کوردســتانیش، لەلایەکــی دیکەوە، تــا ئێســتاش ئیعتیمــادی هــەرە گــەورەی بۆ بژێــوی رۆژانەی خەڵک و مووچــەی فەرمانبەر و خانەنشــینان و پــڕۆژەی خزمەتگــوزاری و وەبەرهێنــان لەســەر بودجــەی عێراقــە. ئەمە جگە لەوەی تا ئەم ساتەوەختەش هەلومەرجی نێودەوڵەتــی و تــەرازووی هێــزی ناوچەیــی و سیســتمی پەیوەنــدی جیهانــی رێگــە نــادەن هەرێمــی کوردســتان و ناوچــە کوردســتانییە دابــڕاوەکان لە عێراق جیاببنــەوەو دەوڵەت یان کیانێکی ســەربەخۆ بــۆ خۆمــان دامەزرێنین. ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی تا ئێســتا نەتوانراوە کەرکــووک و ناوچــە کوردســتانییە دابڕاوەکان بهێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. تا ئەمڕۆش نەتوانــراوە ژێرخانێکی ئابــووری پتەوی ئەوتۆ هەبێ کە بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین. هەرێمی کوردســتان بودجەیەکی سەربەخۆ یان پاشەکەوتێکی دارایی ئەوتۆی نییە کە بەرگەی مەترســی تەنگژەی ئابووری بگرێ ئەگەر بەغدا بۆی دروســت بکات یان بەهەر هۆیەکی دیکەوە بەرەوڕووی بێتەوە. تا ئێســتاش بەرەی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک یەکنەخراوە و سیســتمێکی حوکمڕانی دادپــەروەر و تۆکمە دانەمەزرێنــراوە کــە متمانەی نێــوان خەڵک و دەسەڵات لە ئاستێکی وابێت بتوانین لە بەرامبەر ئەو تەحەدایانەی دێنە پێشمان بەسەرکەوتوویی لێی دەرچین. دەبــێ بڵێین کە واقیعێکی تاڵی دیکە ئەوەیە هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بــە تەواوی ئازاد نەبووە تاوەکو ببێتە پشــت و پەنایەکی بەهێز بۆ ئێمە لە عێراق.

هەر بۆیە، ئەوەنــدەی پەیوەندی بە دوارۆژی خەڵکی کوردســتان و مافە نەتەوەییەکانمانەوە هەبێ ســەبارەت بە مانەوەمــان لە چوارچێوەی عێراقــدا، لــەم هەلومەرجەدا دەبێ بــە ناچاری ئــەو حوکمی جوگرافیا و مێــژووە قبووڵ بکەین و لە رێگــەی گفتوگۆ و دانوســتاندنەوە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین مافەکانمان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بدەین بە کەڵک وەرگرتن لە فاکتــەرە بەهێزەکانی خۆمان و خاڵە لاوازەکانی ئەوان. بەڵام هاوزەمان دەبێ لێبڕاوانە لە هەوڵی بێوچاندا بین بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی کــە بێمنەتمان دەکەن لــە بەغــدا و دەتوانین سەرکەوتووانە کیانێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆمــان دامەزرێنین و ئەو واقیعە بەســەر هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا بسەپێنین.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# لێکتێگەیشتنی نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی گرنگە؟

لەبەهــاری 2012دا هەریــەک لــە مەســعود بارزانی و نەوشــیروان مستەفا ئەمین تێڕوانینی خۆیــان بــۆ ئەو قۆناغــەی بارودۆخــی هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

هەردوو ســەرکردەکە لە دوو وتاردا و لە دوو شوێنی جیاوازەوە، باسیان لە دەوڵەتی کوردیی کرد، بەڵام بە دوو تێڕوانینی جیاواز.

مەســعود بارزانــی وەک ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان کە دەنگۆی ئەوە هەبــوو دەوڵەتی کــوردی رابگەیەنێــت لەو بەهــارەدا، ئەگەرچی راینەگەیانــد، بەڵام تەئکیدی لــەو مافە کردەوە و ئەوەی نیشــانی رای گشــتی عێراق و جیهان و ناوخــۆ دا کــە ئێمــە لە هەرێمی کوردســتان خاوەنــی ئەم مافەین و هەرکات بمانەوێت جاڕی سەربەخۆبوون دەدەین.

لەملاشەوە لە ســلێمانی نەوشیروان مستەفا گوتارێکــی دا کە خولگەکــەی هەمان خولگەی مافــی بڕیاردانــی چارەنــووس بــوو، بــەڵام بە تێڕوانینێکی جیاواز.

جیاوازییەک کە نەک تەنها لەیەک نەدەچوون، بەڵکو تا سنووری دژبەیەکبوونیش رۆیشت.

گوتارەکەی نەوشــیروان مســتەفا باســی لە پێشــمەرجەکان و زەمینەســازییە پێویستەکان کرد بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

دیــار بوو گوتارەکەی نەوشــیروان مســتەفا ئەوەی نیشــانەدا کە هێشــتا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتــی کوردی نییە (لە بەهــاری 2012دا)، چونکە هێشتا پێشمەرجەکان نەهاتوونەتە دی.

ئەمــەش رەخنە و کاردانەوەیەکی سیاســی بــوو لەبەرامبەر ئەو دەنگۆیانەی کە دەیانگوت: بارزانی بۆ راگەیاندنی دەوڵەت گوتار دەدات.

گوتارەکــەی نەوشــیروان پەیامێکیــش بوو بــۆ بارزانی کە "نەکەیت بەبێ ئێمە دەســت بۆ ئەو چارەنووســە بەریــت" و "ئێمە لەگەڵت نین هێشتا".

پەیامی دوو سەرکردەکە لەو بەهارەدا نموونە بــوو بــۆ دوو تێڕوانیــن و دوو دنیابینی جیاواز، هــەروەک نموونەش بوو بــۆ جیاوازیی وەزیفە و کاری سیاسی هەرکامیان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا.

بــەڵام ئەم دوو تێڕوانیــن و وەزیفە جیاوازە، هەروەک زۆرێکی دیکە لە پارادۆکسەکانی ژیان، ئەگەرچی لە روخسار و ناوەڕۆکدا جیاوازن، بەڵام لە دەرئەنجام و لە ستراتیژدا دەتوانن تەواوکەری یەک پرۆژەی سیاسی بن.

بە هەردووکیانــەوە دەتوانن تەواوکەری یەک ئەنجامی هاوبــەش بن، لە بەرژەوەندی دوارۆژ و داهاتووی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی.

تێڕوانینی بارزانی ئەگەر رووەوسەربەخۆکردنی هەرێمــی کوردســتان و راگەیاندنــی دەوڵەتــی کــوردی بێت، ئەوا بەبێ تێڕوانینی نەوشــیروان مســتەفا کــە پێیوایــە دەبێــت لە رێگــەی بە دامودەزگاییکردنی حکومەتی هەرێم و چاکسازی ئیداری و دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی زەمینەســازیی بۆ ئەو راگەیاندنە بکرێت، نایەتە بوون. بەڵکو دەبێت بارزانی ئەو پێشــمەرجانە جێبەجێ بکات و بیانهێنێتە دی پاشان دەتوانێت دەوڵەتێکی بەهێز و تۆکمە کە بەرگەی هەڕەشەو کاردانەوەکان بگرێت، رابگەیەنێت.

بەهەمــان شــێوە پێشــمەرج و داخوازییــە ئیســڵاحیەکانی نەوشیروان مستەفاش هەمووی ســووڕانەوە دەبێت بەنــاو مێژوودا بــێ ئەوەی بگاتە هیچ ئاکامێک، ئەگەر نیەت و ســتراتیژی راگەیاندنی دەوڵەتە کوردییەکەی لەگەڵ نەبێت کە بارزانی بیر لەوادەکەی دەکاتەوە.

بەجێبەجێکردنــی داخوازییەکانــی ئیســڵاح و پێداچوونــەوە بە دەســتوور و جیاکردنەوەی دەســەڵاتەکانی یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادگا لەیەکتــر، بارزانــی نــەک هــەر دەبێتە خاوەنــی زەمینەیەکــی نەتەوەیــی بەهێــز بــۆ راگەیاندنی دەوڵەت، بەڵکو یەکێک لە بەهێزترین رکابەرەکانیشــی لەنەیارەوە دەکاتە پاڵپشت و سەنەد بۆخۆی و پرۆژەی دەوڵەتەکەی.

کەواتە لێکتێگەیشــتنی نەوشیروان مستەفا و مەســعود بارزانــی وەک دوو جەمســەری هێز لە کوردســتاندا و وەک دوو تێڕوانینی جیاواز و وەک دوو وەزیفەی سیاســی جیاواز، زۆر گرنگە بۆ قۆناغی داهاتووی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەڕاستی لەم قۆناغەدا خەیاڵ و نیەتێک هەبێت بــۆ ســەربەخۆبوونی هەرێمــی کوردســتان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا.

بێگومان لێکتێگەیشتنی ئەو دوو جەمسەرە، دەبێت لەســەر مەســەلە چارەنووســسازەکانی هەرێمی کوردستان بێت و مەسەلەکانی وەزارەت و پێکهێنانــی حکومــەت و ژمارەکانــی پلــە و پۆست تێپەڕێنێت. بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەبێت لەســەر وەڵامی ئەو پرسیارە رێککەون: ئایا ئێمــە حکومەت و دەوڵەتمــان هەیە، نەک لەسەر ژمارەی وەزارەتەکانی حکومەتێک کە لە ژێر هەڕەشە و مەرحەمەتی ئەم و ئەودا بێت.

دەبێت رێککەون لەســەر ئەوەی لە داهاتوودا چــۆن حکومــەت و دەوڵەتێــک بــۆ نــەوەکان جێدەهێڵین، کاتێک ئێمە خۆمان کوردستانمان بەگەڕانەوە بۆ لای خودا بەجێهێشتووە.

لەهەموو حاڵەتەکانیشدا ئەم لێکتێگەیشتنە گرنگــە، جــا ئەگــەر هــەردوو هێزەکــە لەنــاو حکومەتێکــدا بن پێکــەوە، یاخــود یەکێکیان لەنــاوەوەو ئــەوی دیکەشــیان لــەدەرەوە، ئۆپۆزیسیۆن بێت



دەیڤد ڕۆمانۆ

# کێ چاودێریی چاودێران دەکات؟

ســاڵی رابردوو لەکاتی یەکێک لە سەردانەکانم بۆ کوردستانی عێراق، لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی دەچووم. لەبەر ئەوەی من زۆر حەزم بە گەشتکردن نییە لەناو ریزێک ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز بەدوای یەکــدا وەک زۆربــەی بێگانەکانی کوردســتان کە بەو جۆرە لە شــارێکەوە دەچنە شــارێکی دیکە، داوام لە هاوڕێیەکم کرد لە گەراجی تەکســییەکان دامبەزێنێ و لەوێوە ســواری تەکسییەک بووم بۆ سلێمانی کە بەناو کەرکووکدا دەڕۆیشت. لە خاڵی پشــکنینەکەی باکــووری رۆژهەڵاتــی کەرکووک، وەک هەموو جارێک هەر کە پاسپۆرتەکەیان بینیم خستیانمە لاوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر. لە ژووری لێکۆڵینەوەکەدا، ئاسایشــێک دەستی بە پرسیار کرد و پاشان داوای بەرتیلی لێکردم. وام نیشاندا کە لــە داواکەی تێناگەم، بۆیە بە تووڕەییەوە بە ئیشارەت ناردمیەوە بۆ لای تەکسییەکە.

ئــەو رووداوە جێی سەرســوڕمانی زۆر نییە و منیــش دوای ئەوە زۆر گوێم پێنــەدا. ئەم جۆرە شــتانە بــەردەوام لــە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت روودەدەن. بەبیــرم دێــت لە ســاڵی 1998 یەک رۆژی تەواوم لەگەڵ هاوڕێیەکی عەرەبم لە باکووری سووریا بەســەربرد. هاوڕێکەم پاسێکی بچووکی لێدەخــوڕی و ئــەو رۆژەش رۆژی کۆکردنــەوەی ســەرانە و بەرتیل بوو لە شۆفێرەکان. هاوڕێکەم بــە ئۆتۆمبێلەکــەی شــوێنەکانی نیشــاندەدام، بەڵام نەیدەویســت ســەرانە بە پۆلیس بدات. لە کۆتاییدا، پۆلیــس بە نیازی هاوڕێکەمیان زانی و بە زەردەخەنەیەکی هەڕەشــەئامێزەوە ئاگاداریان کــردەوە کە جارێکی دیکە هەوڵ نەدەدات خۆیان لــێ بدزێتــەوە. لــە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا لە تورکیا، لە ناوچەیەک بەر لەپەڕینەوە بەناو خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بۆ کوردستانی عێراق کە بە "درێژترین کیلۆمەتر لەسەر زەوی" ناوم دەبرد، لە ماوەی ئەو یەک کیلۆمەترەدا دەبووایە بەناو 10 خاڵی پشکنینی پۆلیسدا تێپەڕبای. لە یەکێکیان تایــەی ئۆتۆمبێلەکەیان دەپشکنی و لەیەکێکی دیکە ســندووقی ئۆتۆمبێلەکە و لە یەکێکی دیکە پشکنینی ناسنامە و هەتا کۆتایی. لە هەریەک لەم خاڵی پشکنینانە دەبووایە بەرتیلت بدابایە. لەوەوە دەتزانــی کــە بۆچی ئەوەندە خاڵی پشــکنینیان دانابوو. لە دوا خاڵی پشکنین کە لەلایەن سوپای تورکیاوە بەڕێوەدەبرا، داوای بەرتیلیان نەدەکرد.

عادەتەن ئەم جۆرە گەندەڵیانە لەئاستی نزمدا روودەدەن کاتێــک ئــەو بەرپــرس و کارمەندانــە مووچەی پێویستیان پێنادرێ و بەباشی چاودێری ناکرێن. بە نیســبەت ئاسایشــەکەی کوردســتان لە بازگەکەی کەرکووک، هەســتدەکەم کێشــەکە چاودێریــی نەکردنــە. کــێ چاودێریــی چاودێران دەکات؟ چەند زیندانی نهێنی لە کوردستان هەن؟ چەند کەس گیراون و ئەشکەنجەدراون و لێیاندراوە و دواتر لەبیرکراون؟ هەمووشــی لەبەرئەوەی کە بەڵگەی یاسایی لە دژیان نەبووە یان ئەم کەسانە هیچ ئامرازێکی یاســاییان نەبــووە پارێزگاری لە خۆیــان پێبکەن. چەند کەس چاوترســێن کراون بەهــۆی بیــروڕای سیاســییان، یان ســەروەت و سامانەکەیان یان هەر هۆکارێکی دیکە؟ هەروەها چەند کەس لەترســی هەراســانکردن نەیانوێراوە باس لەو دەستدرێژیانە بکەن؟

وەڵامی ئەم پرســیارانە نازانــم، بەڵام دڵنیام لــەوەی ئــەو دامەزراوانــەی بنیاتنــراون لەپێناو رێگریکردن لەو جۆرە شتانە، کەموکورتیی زۆریان هەیــە. کاتێک لە هەرێمی کوردســتان دەژیام لە ســاڵانی 2003 و 2004، تەنیــا رێکخراوی مافی مرۆڤ کە هەبوون، ئەوانە بوون کە ئاڵای یەکێتی و پارتی لەسەر ئۆفیسەکانیان دەشەکانەوە. ئەو بەرپرســانەی رێکخراوی خاچی سوور کە قسەم لەگــەڵ کردن، دڵنیایان کردمــەوە کە بارودۆخی زیندانیانــی ناســراو لــە پاش ســاڵی 2004ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لە باشبوون کردووە، ئەو کاتەی ئاسایش وەک پۆلیسی نهێنی تەماشا دەکــران. دڵنیــام لەوەی کە هێشــتا زۆر شــتی نەزانــراو ماون و زۆر شــت مــاون ئەنجامبدرێن. ئێستا ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی وەزارەتی ناوخۆ وەربگرێت لە حکومەتی داهاتوودا، دەتوانن بەڵێنەکانیــان بکــەن بەکردەوە و دەســتەیەکی سەربەخۆ دروستبکەن بۆ چاودێریی چاودێران.

ئاسایشــی کوردســتان کاری باشیان کردووە لە پارێزگاریکردنــی هەرێمەکە، بێگومان خەڵک سوپاســگوزارن بۆ ئەمە. ئەوان هێزێکی باشــن لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشــەو ئاڵۆزدا. بە بەراورد بەپۆلیســی نهێنــی حکومەتی مەرکــەزی جێی خۆیەتی خەڵکی کوردستان شــانازی بە هێزی ئاسایشەوە بکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا دەیانەوێ حکومــەت و دامــەزراوە و هێــزی ئاسایشــیان جیاواز بێت و زۆر باشتر بێت لەوانەی ناوچەکە. کــورد خەبات ناکــەن بۆ بەدەســتهێنانی مافی بڕیاردانــی چارەنــووس تــا دەســەڵاتی عەرەب و فــارس و تــورک بگــۆڕن بــە دەســەڵاتێکی ناوخۆیی هاوشــێوەی ئــەوان. دەســەڵاتدارانی هەرێمی کوردســتان ئەمە دەزانــن، لەبەرئەوەی مامەڵەیــان لەگەڵ کەمینەکانــی هەرێمەکە ئەوە نیشان دەدات، تورکمان و ئاشووری و عەرەب لە هەرێمی کوردستان ئازادن و هیچ بەربەستێکیان نییە لە پــەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان بە زمانــی خۆیــان و پەیڕەوکردنی کەلتوور و ئاینی خۆیــان و دەربڕینی تێڕوانینیــان. بەپێچەوانەی هەموو سیستمە سیاسییەکانی دیکەی ناوچەکە، لــە دوا هەڵبژاردنــی پەرلەمانی کوردســتاندا کە رۆژانێکــی درێــژ یەکێتی نیشــتمانی شــەریکی دەســەڵات بــوو، لەلایەن بزووتنــەوەی گۆڕانەوە جێی گیرایەوەو یەکێتیش شکستەکەی قبوڵکرد. ئەگــەر حکومەتی هەرێمی کوردســتان و هەموو خەڵکی کوردســتان ئاواتەخوازن شەریک بن لە دەسکەوتەکانیاندا و ببنە مۆدێلێکی راستەقینە بۆ دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت کار بۆ دروســتکردنی دامەزراوەی زیاتر بکەن بۆ چاودێریکــردن و سەرپەرشــتیکردنی هێزەکانی ئاسایش.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

# فیلمێکی مافیایی لە کوردستان بەرهەم دێت

10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

zagrosjet



## هەلی کار بۆ خانمان لە فرۆکەوانی زاگرۆس جێت!

خانمی بەڕێز: گەر ئارەزوو دەکەی ببی بە دەستەی ناو فرۆکە (مضيفة الطيران) لەگەڵ کۆمپانیای زاگرۆس جێت، ئەوا سەرنجی ئەو خاڵانەی خوارەوە بدە و پەیوەندیمان پێوە بکە:

- هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی یاخود زانکۆ
- سەرووی 18 ساڵ
- زمانی ئینگلیزی و کوردی یان ئینگلیزی و عەرەبی
- ڕووخۆش و دەم بەخەندە بێت
- خاوەن تەندروستی باش و توانای مەلەکردنی هەبێت
- درێژی باڵای 160سم زیاتر و کێشی گونجاو بەگوێرەی باڵای

+ 9647508125050
cabincrew@zagrosjet.com

REKLAM

zagrosjet

zagros life



گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بەناو فرۆکە
زاگرۆس جێت دەری دەکات
تۆڕی میدیایی ڕووداو ئامادەی دەکات

RÛDAW

بۆ ڕیکلام کردن لە گۆڤارەکە
پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

SIDAR AGENCY